# ئامرازنامەیەک
# بۆ مامەڵەکردنێکی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان



دەزگـــای ژیـــان
بۆ مافەکانی مرۆڤ

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

C4JR

دەزگای ژیان
بۆ مافەکانی مرۆڤ

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە
C4JR

**دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ،** ڕێکخراوێکی خێرخوازییە، پاڵپشتی لە ڕزگاربووانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکات، بەرگری لە ئازادییە بنەڕەتییەکانیان دەکات و بەها دیموکراسیەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەرەوپێشەوە دەبات. دەزگای ژیان تەندروستی دەروونی و چارەسەری پزیشکی، لەگەڵ خزمەتگوزارییە پاڵپشتییەکانی دیکە، بۆ ڕزگاربووانی زەبر و زەنگ و تیرۆر و توندوتیژی خێزانی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری کوردستان و عێراق و سوریا دابین دەکات.

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) کە هاوپەیمانی ڕێکخراوە عێراقییەکانە، بانگەشە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەمەلایەنە بۆ ڕزگاربووانی تاوانە دڕندەییەکانی داعش دەکات. C4JR شوێنێکی سەلامەت بۆ ڕزگاربووان دابین دەکات بۆ کۆبوونەوە، هاوکاری، سکاڵا و خستنەڕووی ئەولەویەتەکانیان، پێشخستنی ئەو پراکتیزانەی کە سەنتەری ڕزگاربووانن و هیچ زیانێک ناگەیەنن.

**وێنەی بەرگ:** وێناکردنەکە ڕەنگدانەوەی نارەحەتی ڕزگاربووانە کە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان تیشکیان خراوەتە سەر و وێنە و چیرۆکەکەیان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆیان هاوبەشی پێ دەکرێت.

---

**ئەم بڵاوکراوە بە پاڵپشتی دارایی ئاژانسی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (GIZ) ، بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەی خزمەتگوزاری ئاشتی مەدەنی (CPS) بەرهەم هێنراوە.**

ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوە تەنها بەرپرسیارێتی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە -یە، مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ئاژانسی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی، دامەزراوەی خزمەتگوزاری ئاشتی مەدەنی، یان حکومەتی ئەڵمانیا بێت.

german cooperation
DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

Implemented by
giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

zfd Ziviler Friedensdienst
Civil Peace Service

# ئامرازنامەیەک بۆ مامەڵەکردنێکی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان

دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

2026

# سوپاس و پێزانین

ئەم ئامرازنامەیە لەلایەن (شـێریزان مینوالا)وە، کە پارێزەرە لە بواری کەیسـەکانی مافی مرۆڤـدا، دامەزرێنـەری (دامـەزراوەی تابـوو ئێـڵ سـی بـۆ ڕاوێژکاری)یە و لـە هەمان کاتیشدا ڕاوێژکاری (دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ)ە.

ئامرازنامەکە بە بەشـدارییەکانی یوسرا ئەلکەیلانی، ڕاهێنەری بەرنامەسـازیی خۆراگری لـە سـەنتەری قوربانیانـی ئەشـکەنجە (CVT) پـەرەی پێـدراوە. یـوسرا شـارەزایی لـەو ڕێبازانـەی کارکردنـدا هەیە کە تایبەتن بە زەبـر و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی زەبری دەروونـی بـەکار دێن. لـە هەمان کاتدا، دکتۆر بۆیـان گاڤریلۆڤیچ، بەرپرسـی پرۆگرامی مـاف و دادپـەروەری لـە دەزگای ژیـان، زۆی پاریـس، ڕێکخـەری پرۆگرامـەکان لـە ڕێکخراوی یەزدا، سەرنجی بەرفراوانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی کارەکە پێشکەش کرد.

بەشـداریی بنەڕەتـی لەلایـەن ئـەو ڕزگاربووانـەوە پێشـکەش کـران کە لـە ئەنجوومەنی ڕزگاربووانـی هاوپەیمانـی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانـە ئەندامن. ئەو ڕزگاربووانە ئـەو ئەزموونـە سـەختانەیان بـاس کـرد کـە لـە کاتـی مامەڵەکردنیـان لەگـەڵ دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن، ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان و ئەکتەرەکانـی دیکەدا تووشـیان بـوون، هەروەها دیدگاکانیشـیان سـەبارەت بـە مامەڵەکردنی ئەخلاقـی خسـتەڕوو و داوای هاتنەکایەی مامەڵەیەکی پڕ شکۆ و ڕێز کرد.

بە هەمان شێوە، وێنەکردن و دیزاینی بڵاوکراوەکە بە جیا لە چالاکیەکی هاوبەش لەگەڵ ڕزگاربـووان پـەرەی پێـدراوە. لە میانی ووّرک شـۆپێکدا، بە ڕابەرایەتی یـوسرا ئەلکایلانی و وەنسـە شـەمعون و هونەرمەندێکی ناوخۆیی پێکەوە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنـی ڕزگاربووانـی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کاریان کرد بۆ ئەوەی خواستی ڕزگاربووان بزانن لە شێوازی وێنەکان بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانیان و ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاستەقینەیان.

پشـتگیرییەکانی گرووپـی کاری مامەڵـەی ئەخلاقیـی نـاو چوارچێـوەی هاوپەیمانـی بۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە و پشـتگیریی لۆجسـتی و تێڕوانینـە تەکنیکییەکانـی وەنسە شەمعون، ئەلێن جەلیل، دیلمان کەریم، سابر سەعید زۆر گرنگ بوون.

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ 4
نەخشەڕێگەی ئامرازنامەکە ........ 8
ڕێبەریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنی دادپەروەرانە و ئەوەی دەبێت لە میدیادا ڕەچاو بکرێت ........ 10
ئەو زاراوانەی تایبەتن بە مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان ........ 12
هیچ زیانێک مەگەیەنە ........ 12
سەلامەتی ........ 12
جیاکارینەکردن ........ 14
نهێنیپارێزی ........ 14
شکۆ و ڕێز ........ 16
زاراوەکانی ڕزگاربوون ........ 16
زمان و شێوەزار ........ 18
لەکە ........ 18
دووبارە ئەزموونکردنەوەی زەبری دەروونی ........ 21
ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر ........ 21
ڕەزامەندی بەرچاوڕوونانە ........ 22
توانا ........ 22
ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان ........ 23
گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR تایبەت بە مامەڵەی ئەخلاقیی میدیاکان ........ 23
ڕێکخراوە ناحکومییە ئەندامەکانی ناو هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR ........ 24
ئەنجوومەنی ڕزگاربووان ........ 24
لایەنە پەیوەندیدارەکان و داکۆکیکاران ........ 25
مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان ........ 26
کارکردن لەگەڵ وەرگێڕەکاندا ........ 27
پراکتیزەکردنی ڕەزامەندی بەرچاوڕوونانە ........ 29
ڕەزامەندی بەرچاوڕوونانە لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربوواندا ........ 32
پرۆسەی ڕەزامەندی بەرچاوڕوونانە ........ 34
وەرگرتنی فیدباک ........ 46
داکۆکیکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر مامەڵەی ئەخلاقی ........ 47
پاشکۆکان ........ 49

"میدیا بووەتە یەک وێنە – یەک ڕەنگ – تاکە شتێک کە سەرنجی دەخەنەسەر ئەو بیرۆکەیە کە ڕزگاربوویەک هەیە و دەستدرێژیی کراوەتەسەر یان فرۆشراوە. لەبیریان دەچێت کە ئێمە تا ئەم ساتەش لە دۆخێکی زۆر قورسداین و ناتوانین وەک پاڵەوان بمانبینن. ئەوان تەنها دەیانەوێت ئێمە وەک قوربانی ببینن."

– ئەندامێکی ئەنجوومەنی ڕزگاربووانی هاوپەیمانێتی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە [1]

# دەستپێک

ئەم ئامرازنامەیە بە پشتیوانیی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR، کە پڕۆژەیەکی (دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ)ە، بەرهەم هاتووە. ئامرازنامەکە پێک هاتوە لە هەوڵ و ڕێنماییە میدیاییەکانی هاوپەیمانێتییەکە بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر؛ ئامانجیش لێی پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی ئەخلاقیی مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕزگاربووانی تاوانەکانی دەستی داعش لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەو کەس و لایەنانەی مافەکانی مرۆڤ دۆکۆمێنت دەکەن، ئەو حکومەت و لێکۆڵەرانەی کە خۆیان دەگەیەننە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR و ڕێکخراوە ئەندامەکانی و لە نزیکەوە کار لەگەڵ ڕزگاربووان دەکەن. ئەو ڕزگاربووانە، دوای ئەوەی لە هەندێک بۆنەی گشتیی وەک کۆنفرانس و چالاکی و بۆنەکانی یادکردنەوە بەشداری دەکەن و قسە دەکەن و چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە، دواتر هەمان ئەو چیرۆکانەی خۆیان لە وتار، چاوپێکەوتن، فیلمی دۆکۆمێنتەری و سۆشیاڵ میدیا دەبیننەوە.

ئامانجی ئەم ئامرازنامەیە ئامادەکردنی ئەندامانی (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR)ە بۆ پشتگیریکردنی چالاکانەیان لە ڕزگاربووان و بەهێزکردنیان کاتێک بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان و لەو چالاکییانەشدا زۆرجار داوایان لێ دەکرێت باس لە ڕووداوە بەزەبرەکانی ڕابردوو بکەن، بۆ نموونە چیرۆکی ڕفاندن و تاوانی دیکە کە لەلایەن داعشەوە بەرانبەریان کراون. ئامرازنامەکە بریتییە لە وێنەیەکی فراوانتری (ڕێبەریی ناوخۆیی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و ڕەگەزی (ڕێبەریی C4JR)) هەروەها لیستی ئەو شتانەش کە دەبێت لە میدیادا ڕەچاو بکرێن (لیستی میدیا). ئامرازنامەکە چوارچێوە و ئامراز و پرۆتۆکۆڵی پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم داواکارییانە لەخۆ دەگرێت.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ئامانج لەم کارە ئەوە نییە ڕزگاربووان بکرێنە بڕیاردەری سەرەکی، بەڵکو ئەوەیە لە کاتێکدا بەتەواوی ئامادەن بەم دەرفەتانەیان بخرێتە بەردەست، هەروەها لە ڕێگەی دانانی پرۆسەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانەوە، کە تێیدا ڕزگاربوو سەنتەرە و ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن شارەزاری زەبری دەروونین، بەهێز بکرێن. سەرەڕای ئەوەش، ئامانج ئەوەیە چۆنیەتیی کارکردن و مامەڵەکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ ڕزگاربووان بەهێز بکرێت و وەڵام و کاردانەوەکانیان بەرەو شێوازێکی ئەخلاقییانەتری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووان بڕوات.

1- وتەی ڕزگاربوویەک لە کاتی وەرگرتنی ڕاوێژی ڕووبەڕوودا لە دهۆک لە مارتی ٢٠٢٤.

ڕێبەریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای چوارچێوەی عێراق[2]، دارێژراوە و تایبەتە بە ڕزگاربووانی ئەو کۆمەڵگە ڕەسەنانەی عێراق کە لەلایەن چەکدارانی داعش و لایەنگرانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژیی دڕندانە بوونەتەوە. ڕزگاربووان- جا چ سەر بە کۆمەڵگەی ئێزیدی بن، کە تێیدا ژنان و کچان ڕووبەڕووی فشارێکی توند بوونەتەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، یان لە کۆمەڵگەی شەبەک و تورکمان و مەسیحی کە تێیاندا ڕزگاربووان فشاریان خراوەتەسەر تا بێدەنگ بن- هەموویان تووشی دەرئەنجامەکانی لەکەی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە ڕفاندن و دیلبوون و گریمانەی ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی بوونەتەوە. زۆرێک لە ڕزگاربووان باس لە نەبوونی زانیاری و چاوەڕوانییە ناڕاستەقینەکانیان دەکەن کە وایان لێ کردوون کە هەر زوو دوای گەڕانەوەیان لە دیلێتیدا، چیرۆکەکانیان باس بکەن. ئەوانەی پەشیمانن لە هاوبەشیپێکردنی ئەو جۆرە وردەکارییە کەسییانە بەتایبەت لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دواتر بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو جۆرە زانیارییانە بۆ هەتاهەتایە لە ئینتەرنێتدا دەمێننەوە و ناتوانرێت لاببرێن.

دەکرێت باسکردنی دڕندەییەکان بەئاشکرا لەلایەن ڕزگاربووانەوە سوودی هەبێت، بۆ نموونە ڕادەی داکۆکیکردن لەو دۆزە زیاد بکات و لەوێشەوە هەوڵی نوێ بێنە کایەوە بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و دەستنیشانکردنی ئەو پشتگیرییەی کە ڕزگاربووان پێویستییان پێیەتی. لەڕێگەی قسەکردن لە ڕێگەی نێوەندگیرەوە، ڕزگاربووان دەتوانن لەسەر ئاستێکی جیهانی ڕۆشنایی بخەنە سەر ئازارەکانی مرۆڤ و پێویستیی هەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتیی زیاتر. دوا جار، ڕەنگە ڕاکێشانی سەرنجی لایەنە جیاجیاکان بۆ دڕندەییەکانی دەستی داعش لە ڕێگەی پلاتفۆرم و شێوازی کارکردنی جیاوازەوە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژیی زیاتر و هاندەرێکیش بێت بۆ هێنانەکایەی دادپەروەری. کەیسی ئێزیدییەکان یەکێکە لەو نموونانەی تێیدا ئەو سەرنجە جیهانییەی لەسەر کەیسەکە درووست بوو دواتر بووە هۆی کاردانەوەی مرۆیی بەرچاو و هەوڵی کۆنکرێتی بۆ بەبەڵگەنامەکردنی جینۆسایدەکە، بۆ نموونە درووستکردنی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بردەنەپێشەوەی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (CIGE).

سەرەڕای چەندین کاتژمێر لە شایەتیدانی ڕزگاربووان- کە زۆرجار دووبارە و سێبارە بۆ لایەنی جیاجیا دراوە- هەروەها ئەو بەڵگە زۆرانەش کە لەسەر تاوانەکانی داعش کۆ کراونەتەوە، هێشتا ژمارەیەکی کەم لە تاوانبارانی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی کە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانن سزادراون؛ سزادانەکەش لە دەرەوەی عێراق بووە، چونکە هێشتا عێراق تاوانە نێودەوڵەتییەکانی نەخستۆتە ناو یاسا ناوخۆییەکانی وڵاتەکەوە. لە عێراقدا، زۆربەی سزاکانی سەر ئەندامانی داعش بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (ژمارە ١٣ (٢٠٠٥)) بووە. ئەم دادگاییکردنانەش دادگاییکردنی دادپەروەرانە نەبوون و تەنیا تیشکیان خستە سەر ئەندامبوونی کەسەکان لە ڕێکخراوی داعشدا، نەک لێپێچینەوەیان لەسەر بنەمای ئەنجامدانی تاوانی دیاریکراو- جگە لە یەک کەیس کە تێیدا تاوانبار بە تاوانی دەستدرێژیی سێکسی دادگایی کرا[3] - هەروەها دادگاییەکان تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسییان وەک کردەوەیەکی تیرۆریستی نەناساند و نەیانتوانی ڕزگاربووان بەشداری پێ بکەن و بەشێوەیەکی ڕوون کارەکە بکرێت. ئەم ئەنجامە و بەرقەرارنەبوونی دادپەروەری لەم کەیسانەدا تا ئێستاش ڕزگاربووانی بە بێهیوایی هێشتووەتەوە.

2- ڕێنماییەکانی C4JR سوود لە ڕێنماییانەش وەردەگرن کە پێشتر دارێژراون لەوانە یاسای موراد، ڕێنماییە میدیاییەکان بۆ ڕاپۆرتکردن لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە چوارچێوەی دۆخە مرۆییەکاندا، ڕێنماییەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕاپۆرتکردن لەسەر توندوتیژی دژی ژنان. سەرچاوەی دیکە کە سوودیان لێ وەرگیراوە بریتین لە ڕێنماییەکانی سەنتەری دارتی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕاپۆرتکردن لەسەر توندوتیژیی سێکسی لە ململانێدا، هەروەها بێدەنگی و سڕینەوە: ڕێبەرێکی میدیایی بۆ ڕووماڵکردنی توندوتیژیی جێندەری.

ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بناغەی مامەڵەکردنێکی ئەخلاقییە لەگەڵ ڕزگاربووان. توێژینەوەکان[4] و دانیشتنە ڕاوێژکارییەکان لەگەڵ ڕزگاربووان نیشانی دەدەن کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لێکۆڵەرانی تاوانکارییەکان هەندێک جار زانیارییان لە ڕزگاربووان وەرگرتووە بە شێوەیەک کە لە ڕاستیدا 'دەرهێنانی زانیاری' بووە یان 'زانیاری-وەرگرتن'. لە توێژینەوەیەکی پێشکەوتووی بڵاوکراوەدا بە ناونیشانی (دەنگی ژنانی ئێزیدی: تێڕوانینەکان بۆ کارە ڕۆژنامەوانییەکان لە بابەتی ڕاپۆرتکردنی توندوتیژییە سێکسییەکانی دەستی داعش)، پێنج دەرئەنجامی سەرەکی بەدەست هاتوون کە ئەمانەن: 1) ڕزگاربووان فشاریان خراوەتەسەر بۆ ئەوەی قسە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن؛ 2) ڕزگاربووان لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا تووشی نارەحەتیی عاتیفیی قورس بوون؛ 3) دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکراکردنی ناسنامە ڕزگاربووان، ڕزگاربووان و کەسوکارەکانیان خستووەبەر مەترسی؛ 4) ڕزگاربووان هەستیان بەوە کردووە کە شتێکی باشە قسە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن بەو هیوایەی لەو ڕێگەیەوە یارمەتیی کۆمەڵگاکەیان بدەن؛ 5) لە کۆتاییدا ڕزگاربووان بێهیوا بوون لە نەبوونی وەڵام و کاردانەوەیەکی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و نیگەرانییەکانیان.

کاتێک پرسیاریان لێکرا بۆچی بەشدارییان کردووە، وەڵامی ژنانی ئێزیدی نەک تەنیا ئاشکرای کرد کە ئەم ژنانە پێشوەختە ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانەیان لێ وەرنەگیراوە، بەڵکو لە هەندێک حاڵەتدا زۆریشیان لێ کراوە بۆ بەشداریکردن.

> "پرسیاریان لێ کردین. من لەسەرەتاوە گوتم نەخێر، بەڵام گوتیان: "ئەمە بۆ بەرژەوەندیی خۆتە." ئەمە تاکە هۆکار بوو کە قسەم بۆ کردن. زۆر جار قسەمان بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە. نووسینگەی بەڕێوەبردنی کەمپەکە دوورە. دوو جار ڕێگەیەکی زۆر دوورم بڕی بۆ ئەوەی بچم بۆ لایان لەبەر ئەوەی گوتیان دەبێت بچم، هەرچەندە من خۆم نەمدەویست بچم. گوتیان، "ئەمە سوودی بۆ خۆت هەیە." ڕزگاربوو، دەنگی ژنانی ئێزیدی

کاتێک داوا لە ڕزگاربووان دەکرێت بێن و بەشداری بکەن تا چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە و تەنانەت ناسنامەشیان وەک ڕزگاربوویەک ئاشکرا ببێت، زۆر گرنگە بەتەواوی لە سوود و زیانەکانی ئەو جۆرە بەشداریکردنە تێبگەن؛ ئەمەش پێشکەشکردنی زانیاریی واقیعی سەبارەت بەو سوودانە لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت بەشداریکردنەکەیان بیگەیەنێت بە خۆیان یان کۆمەڵگە فراوانەکەیان. لەوەش گرنگتر ئەوەیە بۆیان ڕوون بکرێتەوە ئەو زانیارییانە چۆن بەکار دەهێنرێن و چۆن هاوبەشییان پێ دەکرێت و لە حاڵەتی ئاشکراکردنی چیرۆکی ڕزگاربوودا بۆ ڕای گشتی، چ مەترسییەکی دەکەوێتە سەری.

3 - International Bar Association (2023). Justice and Accountability for the Atrocities of Daesh, https://www.ibanet.org/document?id=JUSTICE-AND-ACCOUNTABILITY-FOR-THE-ATROCITIES-OF-DAESH.

4 - Foster, J. E., & Minwalla, S. (2018). Voices of Yazidi women: Perceptions of journalistic practices in the reporting on ISIS sexual violence. Women's Studies International Forum, 67, 53–64.

کاتێک خۆشگوزەرانی و ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی ڕزگاربووان لە پرۆسەی هاوبەشیپێکردنی چیرۆکەکانیاندا دەکەوێتە مەترسییەوە، دەکرێت دەرئەنجامی ئەمە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە تاک و دووبارە درووستبوونی زەبری دەروونی. کاتێک تاکە کەسێک بە ئەزموونێکی بەزەبردا تێدەپەڕێت، وەک توندوتیژیی سێکسی لە ناوچەی ململانێدا، ئەو کەسە لە کاتی گەڕانەوە و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگاکەیدا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە. لەوانەیە تووشی هەڕەشە و فشاری بەردەوام ببن، بۆ نموونە لەکە، ئابووری و ئاساییش، بە تایبەتیش ئەو خێزانانەی کەسی ونبوویان هەیە کە تێیدا تووشی حاڵەتی لەدەستچوونی لیڵ[5]، خەمی ئاڵۆز، و بازنەی بەهیوابوون و نائومێدبوون دەبن.

زۆر گرنگە هەمیشە ئەو دۆخ و چوارچێوەیەمان بیر بێت کە تێدا قسە لەسەر گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە دەکرێت، ئەویش دۆخ و چوارچێوەیەکە کە بەتەواوی پیاوسالارانەیە و زۆرجار سەرکردە پیاوەکانی کۆمەڵگەکە فشار دەخەنە سەر ڕزگاربووان تا قسە بکەن، یان لە حاڵەتەکانی تردا، تا بێدەنگیان بکەن[6]. بۆیە زۆر گرنگە ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR بەرپرسیارێتیی خۆیان بگرنە ئەستۆ بۆ تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەو ڕێنمایی و ئامرازانەی هاوپەیمانێتییەکە خستوونیەتە ناو ئەم ئامرازنامەیە، چونکە داکۆکیکردن لە بەبەڵگەنامەکردنی ئەخلاقیی ئەم چیرۆک و حاڵەتە بەزەبرانە تەنیا بە کارکردنێکی فرەلایەن بەدەست دەهێنرێت؛ پێویستە ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەش کە کار لەگەڵ ڕزگاربووان دەکەن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێی بکەن.



وێنەکە گوزارشت لە هاوسۆزی و پشتیوانی هاوبەش و هیوای هاوبەش دەکات لە نێوان عێراقییەکاندا، کە لە باکگراوندێکی سروشتیدا دانراون کە یەکخستنی باکووری عێراق پیشان دەدات.

5- لەدەستچوونی لیڵ جۆرێکە لە خەم و پەژارە کاتێک ڕوو دەدات کە کەسێکی ئازیز لە ڕووی جەستەییەوە لە ژیانتدا ئامادەیە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە نییە، یان لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەیە و لە ڕووی جەستەییەوە ئامادە نییە. (وەرگێڕ) ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووانی کۆمەڵگەی ئێزیدی، شەبەک، و تورکمان.

6- ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووانی کۆمەڵگەی ئێزیدی، شەبەک، و تورکمان.

# نەخشەڕێگەی ئامرازنامەکە

ئـەم ئامرازنامەیـە وەک ڕێبەرێکـی گشـتگیر بۆ چۆنیەتیـی مامەڵەکردنێکی ئەخلاقی لەگـەڵ ڕزگاربووان دانراوە. ئەو ڕێنماییە ورد و لیستی کار و ئامرازە گرنگانەی تێدایە کە پێویستن بۆ دڵنیابوون لە بەدیهاتنی پەیوەندیگرتنێکـی بەڕێزانـە و شـکۆمەندانە کـە بەنـد بێـت لەسـەر زانیـاری و ڕەزامەندیـی پێشـوەختە. ئامرازنامەکە بە تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR و لیستی ئەو شتانەی دەبێت میدیا ڕەچاویان بکات دەست پێ دەکات، لەوەشدا بنەما و ئامانجە بنەڕەتییەکان دەخاتە ڕوو. پاشان مەودای ئەم ئامرازنامەکە بەڕوونی دیاری کراوە، ئەوەش ئامادەکارییەکی گرنگە بۆ بەکارهێنانی پراکتیکیی ئامرازنامەکە.

ئامرازنامەکە زاراوە سەرەکییەکانی پەیوەست بە مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان دەناسێنێت، ئـەوەش بـە ئامانجی بنیاتنانی تێگەیشـتنێکی هاوبەش لە چەمکەکانی شـکۆ، لەکـە، ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر، هەروەها پرەنسیپی 'هیچ زیانێک مەگەیەنە.' ئامرازنامەکە جەخت لەسەر گرنگیی پاراستنی نهێنییەکان، بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە و دڵنیابوون لە سەربەخۆیی و توانای بڕیاردانی ڕزگاربووان دەکاتەوە لە تەواوی پەیوەندیگرتنەکاندا.

ئامرازنامەکـە ڕۆڵ و بەرپرسـیارێتیەکان دیـاری دەکات بـۆ ڕوونکردنـەوەی بەشـدارییەکانی گرووپی کاری هاوپەیمانـی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە C4JR بـۆ مامەڵەکردنێکـی ئەخلاقیـی دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن، ئەندامانـی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان و ئەنجوومەنـی ڕزگاربـووان. بەشـە پراکتیکییـەکان پرۆتۆکۆڵی کارکردن لەگەڵ وەرگێڕان، بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە و دەستنیشـانکردن و پشتگیریکردن لە بەشداریکردنی ڕزگاربووان لە بۆنە گشتیەکاندا لەخۆدەگرێت.

بـۆ ئاسـانکردنی قۆناغـی جێبەجێکـردن، ئامرازنامەکـە ڕێنمایـی و سـتانداردەکانی چاودێریکـردن و هەڵسـەنگاندن بۆ بڵاوکردنەوە دەخاتەڕوو. پاشـکۆکان ئامرازی زیادەشـیان تێدایە، وەک لیسـتی شـتە گرنگەکانی کاتی وەرگرتنی ڕەزامەندی، فۆڕمی هەڵسەنگاندن و یارمەتیدەرە بینراوەکان (visual aids)، هەموو ئەمانەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئامرازنامەکە هەم پراکتیکییە و هەم بەکارهێنانیشی ئاسانە. ئـەم هاوپێچانـە بـە شـێوەیەک دیزاین کـراون کە ئەوانـەی لەم پرۆسـەیەدا بەشـدارن بتوانن بەئاسـانی بۆیـان بگەڕێنـەوە و جێبەجێیـان بکەن، ئەمـەش وای کـردووە ئامرازنامەکە ببێتە سـەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR و ئەندامەکانی، کە بەشدارن لە بەرەوپێشبردنی مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربوواندا.

# مەودای ئامرازنامەکە

جێبەجێکرنی ئەم ئامرازنامەیە لەسەر هەموو لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR پێویستە، لەوانەش سکرتاریەت (ئەوانەی هاوپەیمانێتییەکە بەڕێوە دەبەن) و وەک نوێنەرێکی جێبەجێکاری هاوپەیمانێتییەکە کار لەگەڵ ڕزگاربووانی تاوانەکانی دەستی داعش دەکەن، گرووپی کارکردن لەسەر مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان، ئەنجوومەنی ڕزگاربووان و کارمەند/ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کاتێک بە ناوی (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)وە چالاکییەکان جێبەجێ دەکەن. لە حاڵەتێکی نموونەییشدا ئامرازنامەکە بۆ هەر جۆرێکی کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووان بەکار دەهێنرێت.

پێشبینی دەکرێت ئامرازنامەکە لە هەموو ئەو بارودۆخانەدا بەکار بهێنرێت کە تێیاندا داوا لە ڕزگاربووان دەکرێت چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە، جا ئەمە لەسەر سەکۆیەکی گشتی بێت یان تایبەتی. ئەمەش چاوپێکەوتنی میدیایی و فیلمی دۆکیۆمێنتاری و کۆنفرانسەکنی ناوەوە و دەرەوەی عێراق و بۆنە و یادەکانی زیندووڕاگرتن و یادکردنەوە دەگرێتەوە. ئامرازنامەکە بەسەر هەندێ شتی دیکەشدا جێبەجێ دەبێت وەک بەبەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان، لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان، کامپەینەکانی کۆکردنەوەی پارە، پرۆسە هاوبەشەکان، گرووپەکانی گفتوگۆ، دانیشتنەکانی ڕاوێژپێدان و داکۆکیکردنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە تێیاندا هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی کارئاسانی دەکەن تا دەستڕاگەیشتن بە ڕزگاربووان ئاسانتر بێت.



ئەم وێنەیە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژنانی ئێزدی کوردە کە ڕزگاربووی دوو جینۆساید بوون لە دوو سەردەمی جیاوازدا لەلایەن تاوانبارانی جیاوازەوە.

# ڕێبەریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنی دادپەروەدانە و ئەوەی دەبێت لە میدیادا ڕەچاو بکرێت

ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنی دادپەروەدانە C4JR چوارچێوەیەکی گشتگیرن و مەبەست لە دانانیان دڵنیابوونەوەیە لەوەی هەموو پەیوەندیگرتنەکان لەگەڵ ڕزگاربووواندا- بە هەموو چالاکییە گشتی و ناگشتییەکانەوە- بەوپەڕی ڕێزگرتن لە شکۆ، سەربەخۆیی و سەلامەتیی ڕزگاربووان بەڕێوە دەچن. ئامانج لە ڕێنماییەکان ڕێگریکردنە لە دووبارە زەبرگەیاندن بە ڕزگاربووان و لە هەمان کاتیشدا پاراستنیانە لە مەترسییە ئەگەرییەکانی وەک لەکەدارکردن، تۆڵەسەندنەوە لەلایەن تاوانبارانەوە یان خراپبەکارهێنانی چیرۆکەکانیان لە ڕاگەیاندندا.

ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە جەخت لەسەر بنەمای زیاننەگەیاندن دەکەنەوە و پێداگری دەکەن لەسەر پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری، کە تێیدا سەربەخۆیی ڕزگاربووان لە پێشینەی کارەکاندایە. ڕێنماییەکان داوا دەکەن ڕزگاربووان بەتەواوی لە مەترسی و سوودەکانی بەشداریکردنیان ئاگادار بکرێنەوە و مافی پێداچوونەوە و کشانەوەیان لە پرۆسەکە لە هەر کاتێکدا هەبێت. هەروەها ڕێنماییەکان جەخت لەسەر پێویستیی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە، بەنهێنی-هێشتنەوەی ناسنامەی ڕزگاربووان و پاراستنی نهێنییەکانیش دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوانەش، باس لە پێشکەشکردنی پشتگیری و مامەڵەکردنێکی وریایانە لەگەڵ پێداویستییە لۆجستیکییەکانی ئەو ڕزگاربووانەش دەکەن کە بەشداری لە چالاکییەکانی هاوپەیمانێتییەکەدا دەکەن.

ئامرازنامە نوێیە میدیاییەکە و لیستی کارە گرنگە میدیاییەکان ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە فراوانتر دەکەن، ئەوەش لەڕێگەی هەندێک ئامرازی کۆنکرێتی و هەنگاوی ڕوون و دیاریکراوەوە کە دەبێت پێش هەر مامەڵەکردنێکی نێوان ڕزگاربووان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەکتەرەکانی دیکەدا لەبەرچاو بگیرێن.

بەپێی ئامرازنامەکە، پێویستە ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR و ڕێکخراوە ناحکومییە ئەندامەکانی:

- لەڕێگەی "فۆڕمی داواکار"ەوە داوای زانیاری بکەن،
- لای خۆیانەوە ڕێژەی ئامادەیی ڕزگاربووان بۆ بەشداریکردن هەڵبسەنگێنن پێش ئەوەی لێیان نزیک بنەوە و پەیوەندییان پێوە بکەن؛
- پرۆسەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە لە ڕزگاربووان پەیڕەو بکەن و وەڵامی هەر پرسیارێکی ڕزگاربووان بدەنەوە،
- ئەگەر داوایان لێ کرا، پشتگیریی ڕزگاربووان بکەن لە ئامادەکردنیان بۆ چاوپێکەوتن و بۆنە و چالاکییەکان.

گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە پێویستە ئەم گفتوگۆیانە بەشێک بن لە گفتوگۆیەکی هاوبەش لەگەڵ ڕزگاربووان. ئامانج لەم جۆرە گفتوگۆیانە بریتییە لە بەهێزکردنی ڕزگاربووان، باشترکردنی توانای بڕیاردانیان، بەخشینی ئەو لێهاتووییانەش پێیان کە پێویستیانن بۆ بڕیاردانی بەرچاوڕوونانە سەبارەت بە چوونەناو کۆمەڵگە، دەرکەوتنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و جێگیرکردنی سنووری کەسیی خۆیان لە گێڕانەوە و هاوبەشپێکردنی چیرۆکەکانیاندا.

ئامانجی لە دانانی "لیستی ئەو شتانەی پێویستە لە میدیادا ڕەچاو بکرێن" ئەوەیە ڕێنمایی پێویست بدرێت بە ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە دەستنیشانکردنی ئەو پرسە نائەخلاقیانەی کە ئەگەر هەیە لە کاتی مامەڵەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕزگاربوواندا سەر هەڵبدەن. لیستەکە گشتگیرە و ئەو پرسیارانە لەخۆ دەگرێت کە پێویستە لە ڕۆژنامەنووسان بکرێن؛ هەندێک پرسیاریشی تێدایە کە دەبێت ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە خۆیانیان بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنکردن لەگەڵ ڕزگاربووان لە بۆنە و ڕووداوە گشتییەکان و نووسینی ڕاپۆرتەکانی ڕاوێژکاری یان بەشداریکردنی میدیاییدا ستانداردە ئەخلاقییەکان پەیڕەو دەکرێن. پرسیارەکان چەندین بابەتی جیاجیا دەگرنەوە، وەک چوارچێوە و پەیوەندیداربوونی زانیارییەکانی ڕزگاربوو، ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ڕزگاربوو لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، هەڵسەنگاندنی ئەو مەترسیانەی دەکرێت بکەونەسەر ڕزگاربووەکە و کۆمەڵگاکەی، گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لە نهێنیپارێزی و هێشتنەوەی ناسنامەی ڕزگاربووان بە نهێنی، هەروەها ماف و چاوەڕوانییەکانی ڕزگاربوو. ئەم ڕێنماییە ئامانجیەتی شکۆ و سەلامەتی و سەربەخۆییی ڕزگاربووان بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا دڵنیایی بدات لەوەی ڕاپۆرتکردنی چیرۆکی ڕزگاربووان بەشێوەیەکی درووست و شکۆمەندانە جێبەجێ دەکرێت.

**وێنە:** ئەو مانشێتانەت لە لایەن دەزگا ڕاگەیاندنە عێراقی و جیهانییەکانەوە بۆ باسکردنی چیرۆکی ڕزگاربووانی ئێزدیی دەستی داعش نووسراون.




ئەم مانشێتانە ئیلهام بەخش بوون بۆ دروستکردنی ئەم ئامرازە و جەخت لەسەر گرنگی بەشداریکردنی ئەخلاقی دەکەنەوە، بەتایبەتی لە ڕاپۆرتە میدیاییەکاندا.

# ئەو زاراوانەی تایبەتن بە مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان

بـۆ ئـەوەی ئامرازنامەکـە زۆرترین کاریگەریی هەبێـت، گرنگە هەموو ئەوانەی بەکاری دەهێنن تێگەیشـتنێکی هاوبەشیان هەبێت بۆ ئەو زاراوە سەرەکیانەی تایبەتن بە مامەڵەکرندێکی ئەخلاقی. ئەم زاراوانە زۆرجار لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بەکار دەهێنرێن، بەڵام دەکرێت هەندێک جار هەڵەتێگەیشتن لە مانا و بەکارهێنانیان ڕوو بدات. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مامەڵە و پەیوەندیگرتنەکان لەگەڵ ڕزگاربووان بەگوێرەی باشترین پراکتیزەکان جێبەجێ دەکرێن، گرنگە ڕێکخراوە ناحکومییەکان نەک هەر خۆیان بەم زاراوانە ئاشـنا بکەن، بەڵکو بەمەبەسـت تێکەڵی هەموو ئەو کارانەیان بکەن کە لەگەڵ ڕزگاربووان دەیانکەن. لە بابەتی مامەڵەی ئەخلاقیدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی دەبێ شارەزا بن لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ڕێبازی کارکردنی ڕزگاربوو-سەنتەری و ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر و دڵنیا بن لەوەی کە بنەماکانی پرەنسیپی "هیچ زیانێک مەگەیەنە" جێبەجێ دەکرێن.

## "هیچ زیانێک مەگەیەنە"

چوار پێکهاتە سـەرەکییەکەی پرەنسـیپی "هیچ زیانێک مەگەیەنە" بریتین لە: 1) سـەلامەتی، 2) نهێنیپارێزی، 3) جیاکارینەکـردن و 4) شـکۆ و ڕێزگرتـن. پێویسـتە لەڕێگـەی جێبەجێکردنـی پرەنسـیپی "هیـچ زیانێـک مەگەیەنـە"وە ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیان بەدوور بگرن لـە هەر کردارێک کە ببێتە هۆی درووستکردنی نارەحەتیی زیاتر بۆ ڕزگاربووان یان زیانگەیاندن پێیان.

## سەلامەتی

مەبەسـت لەمەیان سـەلامەتیی جەسـتەیی و دەروونـی و دیجیتاڵییـە و ڕزگاربووان و ئەو کەسوکارانەشـیان دەگرێتەوە کە دەکرێت گێڕانەوە و ئاشـکراکردنی چیرۆکەکان کاریگەرییان لەسەریان هەبێـت. هەڵسەنگاندنی سەلامەتی پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی چەند فاکتەرێکی بابەتیی هەیە:

- دۆخـی خێزانیـی ڕزگاربووەکە و پرسـیاری ئەوەی ئایا ڕزگاربـووان لەلایەن کەسـوکارەکانیانەوە ڕووبەڕووی ئازاردان یان ئیستغلالکردن دەبنەوە یان نا؛
- تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە و ئەو سـنوورانەی کۆمەڵگە دەیانکێشێت بۆ ڕزگاربووان لە هەڵبژاردنەکانیاندا و توانای دووبارە تێکەڵبوونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە،
- نیگەرانییـەکان سـەبارەت بە تۆڵەسـەندنەوە لە لایەن داعشـەوە، بۆ نموونە لەلایەن ئـەو تاوانبارانەوە کە پێـشتر زیانیـان پـێ گەیاندووە بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی لـە لایـەن ئەندامانی داعشـەوە، کە ڕەنگە هەڕەشـە لە ڕزگاربوویەک بکەن کە بڕیار دەدات چیرۆکەکەی بۆ هەمووان بگێڕێتەوە یان بیانەوێت تۆڵەی لێ بکەنەوە.
- نیگەرانییەکان سـەبارەت بە سیسـتمی دادپەروەریی لە عێراقدا و ئەگەری ئازادکردنی ئەندامانی داعش لە زیندان لە ئاییندەدا.

ڕەنگە ڕزگاربووان لە ڕووی بابەتییەوە سەلامەت بن، بەڵام لە ڕووی کەسییەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەو زەبرە دەروونییەوە کە تووشیان بووە هەست بە سەلامەتی نەکەن. بۆیە لە کاتی پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕزگاربوواندا، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە بکرێت و سەلامەتی بۆ ڕزگاربووان دابین بکرێت، بەڵام زۆریش گرنگە دید و بۆچوونی خودی ڕزگاربووەکانیش لەسەر سەلامەتیی خۆیان وەربگیرێت و بۆچوونەکانیشیان هەڵبسەنگێندرێن. لەم پەیوەندیکردن و مامەڵانەدا، پەیڕەوکردنی ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر زۆر گرنگە و یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ زانینی لایەنە بینراو و ناڕوونەکانی سەلامەتیی ڕزگاربووان.

**ترسی کەسیی ڕزگاربووان**

کچێکی شانزەساڵان، کە لە دەستی داعش ڕزگارکرابوو، گەڕێنرایەوە بۆ خێزانەکەی، کە دانیشتووی پارێزگای دهۆک-ن لە هەرێمی کوردستان. بۆ پاراستنی ڕزگاربووەکە لە چاودێریی و لێکۆڵینەوەی کەسانی دیکەی ناو کەمپەکان، خێزانەکە بڕیاریان دا لەگەڵ خزم و کەسوکاریاندا لە خانوویەکی دووردەستدا بژین. سەرەڕای ئەوەی ڕزگاربووەکە لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕکردن لەگەڵ داعش دوور بوو، بەڵام هێشتا ترسی ئەوەی هەبوو داعش دەستی پێی بگاتەوە. لە مانگە گەرمەکانی هاویندا شتێکی باو و ئاساییە خەڵک لە دەرەوە یان لەسەربانی خانووەکانیان بخەون، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، بەڵام ئەم ڕزگاربووە، سەرەڕای گەرمایەکی زۆر و نەبوونی کارەبا، هەموو شەوێک لەگەڵ خێزانەکەی لەناو ماڵەکەدا دەخەوت. هەرچەندە ترسی ئەوەی لەسەر نەبوو دووبارە دەعش دەستگیری بکات، بەڵام لە ناخیدا ئەو هەڕەشەیە هەستێکی زۆر ڕاستەقینە بوو بۆی.



ئەم وێنەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی گرنگی خێزان و کۆمەڵگا لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی سۆزداری و پاراستنی ڕزگاربووان لە دەستێوەردانی دەرەکی ناپێویست.

# جیاکارینەکردن

ڕێبازی "هیچ زیانێک مەگەیەنە" لەو دۆخانەی کە تێیاندا مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان دەکرێت پێویستی بەوەیە بەدوور بێت لە جیاکاریکردن لەسەر بنەمای لایەنداری، ناسنامە یان باروودۆخەکان. ئەمە زۆر گرنگە بەتایبەت کاتێک ئەو میدیا، ڕێکخراوی ناحکومی، لێکۆڵەر، یان ئەکتەرانەی بەشدارن لە گەیاندنی چیرۆکی ڕزگاربووواندا سەر بە گرووپێکن کە کاریگەریی سیاسی یان مەدەنیی بەرچاویان لەو ژینگەیەدا هەیە کە ڕزگاربووەکانی تێدا دەژی. زۆر گرنگە لەسەر بنەمای گریمانە یان ناسنامە، یان بەرزی و نزمیی پێگە کار لەگەڵ ڕزگاربووان نەکرێت و فاکتەری وەک نەتەوە، ئایین، کەمئەندامی، ئاستی خوێندن، تەمەن، یان ڕەگەز نەبنە ڕێگر.

بۆ نموونە، ئەو ڕۆژنامەنووسە ناوچەییانەی سەر بە گرووپە نەتەوەیی یان ئایینیە باڵادەستەکانن ڕاپۆرت لەسەر ڕزگاربووان بۆ دەزگا ناوخۆییەکان دەکەن، لەوانەیە ئەجێندایەکی سیاسیی دیاریکراو پەیڕەو بکەن و ناسنامە یان ئەولەویاتی دیاریکراو بەسەر هەندێک لە ڕزگاربووان و کۆمەڵگاکانیان بسەپێنن و دەرفەت نەدەنە ڕزگاربووان تا خۆیان بە ویستی ئازادانەی خۆیان ئەم شتانە بخەنە ڕوو. ئەم جۆرە لایەنگرییە زیانبەخشە چونکە وا دەکات جیاکاری دژی ئەو گرووپە ڕەسەنانە بەردەوام بێت کە تەنانەت پێش کارەسات و درندەییەکان هەبوون، بۆیە پێویستە ئەو لایەندارییە نەهێڵدرێت و ڕزگاربووان و کۆمەڵگەکان هەست بە سەلامەتی بکەن و جارێکی تر لەگەڵ گرووپە باڵادەستەکاندا تێکەڵ ببنەوە.

# نهێنیپارێزی

پرۆتۆکۆڵەکانی نهێنیپارێزی کۆمەڵێک ڕێنماییین کە نهێنی و زانیارییە کەسییەکانی ڕزگاربووان دەپارێزن. ئەم پرۆتۆکۆڵانە ڕێگری دەکەن لە هاوبەشپێکردنی بێمۆڵەتی ئەو زانیاریانەی ڕزگاربوویەک بە متمانەوە باسی کردوون. تەنانەت کاتێک ڕزگاربوویەک بڕیار دەدات چیرۆکەکەی بۆ هەمووان ئاشکرا بکات، لەوانەیە هەندێک وردەکاری هەبن کە پێیان باش بێت بە نهێنی بیانهێڵنەوە.

پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لێکۆڵەران و کەسانی دیکەش ڕێکاری پاراستنی نهێنییەکان پەیڕەو بکەن- بۆ نموونە پرۆتۆکۆڵەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی- بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیارییە هەستیارانەی ڕزگاربوویەک ئاشکرایان دەکات بەڵام نایەوێت لەگەڵ هەمووواندا هاوبەشییان پێ بکرێت. ئەمەش چەند شتێک دەگرێتەوە وەک خۆبەدوورگرتن لە، یان سڕینەوەی زانیاریی ناو مۆبایل یان ئامێرە کەسییەکانی دیکە، هەروەها سڕینەوەی زانیارییەکان کاتێک پێویست نامێنن.

پێش بەبەڵگەنامەکردنی زانیارییەکانی ڕزگاربووان، زۆر گرنگە بەڕوونی باسی ئەو بابەت/زانیاریانە بکرێت کە ڕزگاربوون دەیانەوێت بە نهێنی بیانهێڵنەوە، پاشانیش بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە زانیارییەکانیان چۆن هەڵدەگیرێن و چۆن دەپارێزرێن و لە کۆتاییشدا چۆن دەسڕدرێنەوە. جگە لەوەش، زۆر گرنگە هەر زانیارییەک کە کۆ دەکرێتەوە هەرگیز بۆ مەبەستێکی تر بەکار نەهێنرێتەوە و تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێت کە ڕزگاربووە خۆی ڕەزامەندیی لەسەر داوە. کاتێک داتا پێویست نەما، پێویستە بسڕدرێتەوە.

## سیناریۆیەکی باو

ڕێکخراوێکی ناحکومی ووۆرکشـۆپێک بۆ ڕزگاربووان ئەنجام دەدات و ڕزگاربووانیش بانگهێشـت دەکات تا بەشـداری تێـدا بکـەن. لە کاتی ووۆرکشـۆپەکەدا، یەکێک لە کارمەندانی ڕێکخراوەکە بـە مۆبایلی تایبەتیی خـۆی وێنـەی ڕزگاربـووان دەگرێـت کاتێـک خەریکـن بەشـداری چالاکییـەکان دەکـەن. کارمەندەکـە دەڵێـت "هەندێـک وێنـە دەگریـن بـۆ ئـەو لایەنـەی کۆمەکی دارایـی کردوویـن، بەڵام ئەگـەر پێتان خـۆش نییە و ناتانەوێ ئەو وێنانەتان بنێرین، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە." ڕزگاربووان ڕازی دەبن وێنەکان بگیرێن و لەگەڵ بەخشەرەکەدا هاوبەشییان پێ بکرێت. لە کۆتاییی ووۆرکشۆپەکەدا، ڕزگاربوویەک تێبینیی دەکات یەکێک لە کارمەندانی ڕێکخراوەکە وێنەیەکی لە ئینستاگرام بڵاو کردووەتەوە. دوای هەفتەیەک لە ووۆرکشۆپەکە، ڕزگاربوویەکـی دیکـە وێنەیەکـی بەکۆمەڵی ئامادەبووان لە ماڵپەڕی ڕێکخـراوەدا دەبینێت. برای یەکێک لە ڕزگاربووەکان کاتێک وێنەی خوشکەکەی لە ئۆنلاین دەبینێت تووڕە دەبێت.

**لەم سیناریۆیەی سەرەوەدا چەند کێشەیەک هەن کە دەبێت دەستنیشان بکرێن:**

- ڕێکخراوەکە ڕەزامەندیی درووسـت و بەرچاوڕوونانەی بۆ گرتنی وێنە لە ئامادەبووان وەرنەگرتووە (بڕوانە خوارەوە)،
- ڕێکخراوەکە لەبەرچاوی هەمووانـدا داوای لە هەمووان کرد ڕەزامەندی نیشان بدەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی دەشێت ڕزگاربووان هەسـت بە ئاسوودەیی نەکەن لە قسەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەوەی وێنەکانیان بڵاو بکرێنەوە.
- کارمەندەکـە مۆبایلێکـی تایبەتـی بـەکار هێنـاوە کـە ئەمە بـاش نییە، بـەڵام تەنانـەت ئەگەر بـە مۆبایلی تایبەتیـش وێنـەکان گیـران، پێویسـتە کارمەندەکـە ڕوونـی بکاتـەوە کـە دوای ئـەوەی وێنـەکان لەگـەڵ بەخشـەرەکاندا هاوبەشییان پێ کرا، لە مۆبایلەکەیدا دەیانسڕێتەوە.
- ڕێکخراوەکە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لە ماڵپەڕەکەدا نەبووە، کردنی ئەوە پێشـێلکردنی نهێنیی ئەو ڕزگاربووانە بووە کە بەشدارییان لە ووۆرکشـۆپێکی تایبەتدا کردووە.
- کارمەندی ڕێکخراوە ناحکومییەکە نهێنییەکانی ڕزگاربووانی پێشـێل کرد بە بڵاوکردنەوەی ناسـنامەکانیان لە ئینستاگرامدا.

**نموونەیەکـی بـاش:** ڕێکخراوێکـی ناحکومـی بۆنەیەکـی ڕێکخسـت و دواتـری ویسـتیان لـە سۆشـیال میدیاکانیانـدا بڵاوی بکەنـەوە، بـەڵام دەشیانویسـت دڵنیابـن لـەوەی وێنـەی هیـچ کەسـێک ناگـرن و بڵاو ناکەنەوە بەبێ ڕەزامەندیی خۆی. پێش دەستپێکردنی چالاکییەکە، ڕێکخراوە ناحکومییەکە فۆڕمی وەرگرتنی ڕەزامەندیـی پێشـکەش بـە هەمـوو بەشـداربووان کـرد و داوای لـێ کـردن کـە ئـارەزووی خۆیان سـەبارەت بە خسـتنەڕووی وێنەکانیان لە وێنە و ڤیدیۆدا دەرببڕن. دواتر لە فۆڕمەکانەوە ئەو کەسـانەی کە ڕەزامەند نەبوون وێنەیـان بگیرێـت دەستنیشـان کـران. پاشـان ڕێکخـەران بـە وریاییـەوە ئـەم بەشـداربووانەیان ئـاگادار کـردەوە و مێزێکـی دیاریکراویـان لـە گۆشـەیەکدا بـۆ دابیـن کـردن بۆ ئـەوەی لـەوێ دابنیشـن و دڵنیایان کـردن لەوەی وێنەیان ناگیرێت. ئەم ڕێکخسـتنە پراکتیکییە دڵنیایی دا کە هەموو ئەو وێنانەی لە کاتی چالاکییەکەدا گیراون بەرێکەوتیش ئەو کەسانەی تێدا دەرنەچووبوو کە ڕەزامەند نەبووبوون، ئەمەش ڕێزگرتن بوو لە تایبەتمەندیی کەسی و ویستەکانیان.

لەرێگـەی کردنـی ئـەم جۆرە کارانەوە، ڕێکخـراوە ناحکومییەکە دەتوانێت دڵنیا بێت لەوەی سـنووری کەسـی و ئاسـوودەییی هەمـوو بەشـداربووان پارێزراوە، بـەوەش ژینگەیەکی ڕێزدارتـر و پارێزراوتر بـۆ ڕزگاربووان دابین دەکات. بۆ بینیی فۆڕمی ڕەزامەندیی نموونەیی سەیری (هاوپێچی هـ) بکە کە فۆڕمی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیاریە ناسێنەرەکانە.

## شكۆ و ڕێز

زۆر گرنگە کاتێک چیرۆکەکانی ڕزگاربووان کۆ دەکرێنەوە و دۆکۆمێنت دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە، بە شکۆ و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان بکرێت. لە چوارچێوەی مامەڵەکرنێکی ئەخلاقییانەدا لەگەڵ ڕزگاربووان، پێویستە دان بنرێت بە بەها و بەهای بنەڕەتیی هەر ڕزگاربوویەکدا وەک مرۆڤ و بەبێ گوێدانە ئەزموونەکانی ڕابردوویان ڕێز لەو بەهایانە بگیرێت. پێویستە بە هەستیاری و هاوسۆزییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و دان بنرێت بە توانای بڕیاردانیاندا لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیدارن بە خۆشگوزەرانی و چاکبوونەوەیانەوە. ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی لەگەڵ ڕزگاربووان کار دەکەن پێویستە پرسیار لەبارەی سنوور و هەڵبژاردن و تایبەتمەندییەکانیانی ڕزگاربووانەوە بکەن و ڕێزیشیان لێ بگرن. مامەڵەی بەڕێزانە بریتییە لە گوێگرتنی چالاکانە لە ئەزموونەکانی ڕزگاربووان بەبێ دانانی بڕیار و گریمانەی پێشوەختە، درووستکردنی وێنەی پیشوەختە بۆیان یان حوکمدان بەسەریاندا؛ هەروەها باوەڕکردن بە چیرۆکەکانیان و دوورکەوتنەوە لەو کار و دەربڕینانەی دەکرێت دووبارە زەبریان تووش بکاتەوە.

## زاراوەکانی ڕزگاربووان

لە کاتی باسکردنی ڕزگاربوواندا، گرنگە زاراوەی ڕێزدارانە و شکۆمەندانە بەکار بهێنرێت، نەک زمانێکی شکۆشکێن، بە تایبەتی میدیاکان هەندێک جار زاراوەی زیانبەخشیان بەکار هێناوە بۆ باسکردنی ڕزگاربووان، وەک "کۆیلەی سێکسی" یان وشەی عەرەبیی "سەبایا،" کە هەمان ئەو زاراوەیە کە ئەو داعشانەی تاوانەکانیان کردووە بەکاریان هێناون. زاراوەی تری لەکەدارکەر بریتین لە "منداڵانی لەدایکبووی دەستدرێژی" و "کۆرپەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان" یان "منداڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان."
ئەم جۆرە زمانە نەک هەر ناتوانێت ئەزموونەکانی ڕزگاربووان نیشان بدات بەڵکو هۆکارێک دەبێت بۆ لەکەدارکردن و سەرهەڵدانەوەی زەبری دەروونییان.
زۆر گرنگە ئەو زاراوانە ڕوون بکرێنەوە کە ڕزگاربووان پێیان باشە بەکار بهێنرێن. هەندێک لەو کەسانە خۆیان وەک "ڕزگاربوو" دەبینن و زاراوەکەیان پێ باشە، لە کاتێکدا هەندێکی تر هەست دەکەن کە وشەی "قوربانی" بەشێوەیەکی وردتر ئەزموون و پێگەی ئێستایان پەسن دەکات. زاراوەی "ڕزگاربوو" ئاماژەیە بۆ خۆڕاگری، هێز و ئیرادە بۆ زاڵبوون بەسەر ناخۆشییەکاندا و هەنگاونان بەرەو چاکبوونەوە و بەهێزبوون. بە پێچەوانەوە، زاراوەی "قوربانی" ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانە لە ژیاندا نەماون و بەهۆی پێشێلکارییەکانەوە گیانیان لەدەست داوە. بۆ ئەوانەی لە ژیاندا ماون، زاراوەی "قوربانی" ئاماژەیە بۆ ئەو زیان و نادادپەروەرییەی لە سەرەتادا تووشی بوون؛ لەبەر ئەوە تیشکیش دەخاتە سەر پێویستیی ئەو کەسانە بە پشتیوانیکردن و دادپەروەری و لێپرسینەوە لە تاوانباران.
لەم ئامرازەنامەیەدا، زاراوەی "ڕزگاربوو" ئاماژە دەکات بە خۆڕاگری و بوێریی ئەو تاکە کەسانەی کە ڕووبەڕووی خێزان و کۆمەڵگاکانیان بوونەتەوە و بڕیاریان داوە ژیانیان بنیات بنێنەوە، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بۆ هەندێک لە ڕزگاربووان ئەم زاراوەیە بووەتە لەکە و مانای ئەوە دەدات بە دەستەوە کە ئەو ڕزگاربووە کەسێکە کە لەلایەن داعشەوە دەستدرێژیی کراوەتەسەر. لە هەندێک حاڵەتدا، ناساندنی کەسەکان وەک "ڕزگاربوو" دەبێتە لەمپەر لەبەردەم تێکەڵکردنەوەی ئەو کەسە لەگەڵ خێزانەکان و کۆمەڵگەکاندا. زاراوەی "داکۆکیکار" دەتوانێت مانای ئەو کردار و هەوڵانە بدات بەدەستەوە کە ڕزگاربوویەک دەیانکات بە ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری و بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و ڕزگاربووانی دیکە. دواجار، هەڵبژاردنی زاروەیەک بۆ پەسنکردنی کەسەکان پەیوەستە بە کۆنتێکست و ئارەزووی خودی تاکەکانەوە و پێویستیشە هەڵبژاردنەکە بدرێتە دەست ئەو کەسانە خۆیان. زۆر گرنگە پرسیار لە ڕزگاربووان بکرێت کە دەیانەوێت چۆن بناسێنرێن. جگە لە 'داکۆکیکار،' بژاردەکانی تر بریتین لە "بەرگریکاری مافی مرۆڤ،" یان "بەرگریکاری مافی ژنان،" یان "چالاکوانی کۆمەڵگە" یان "چالاکەوان".

# زاراوەی پێشنیارکراوەکان

زمانی زیانبەخش (✗) جێگرەوە پەسەندکراوەکان (✓)

✗ **کۆیلە، کۆیلەی سێکسی، سەبایا**

✓ **ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی، ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی کاتی جەنگ یان ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێوە.**

ئەم جێگرەوانە ئاماژەیان تێدایە بە مرۆڤایەتی و شکۆ، بەوردییش ئەو مانایە دەگەیەنن کە ئەم کەسانە ئیستغلال کراون. خاڵێکی تریش ئەوەیە دەستەواژەکان دووبارەکردنەوەی زمانی ئەو کەسانەیان تێدا نییە کە تاوانەکانیان کردووە.

✗ **قوربانییانی بێدەسەڵات، قوربانییان/ڕزگاربووانی دەستدرێژی**

✓ **قوربانی/ڕزگاربووانی دڕندەیی یان سەرپێچیی قورس**

لێرەشدا جێگرەوەکان ئاماژەیان تێدایە بە ڕێزگرتن لە شکۆی تاکە کەسەکان ئەویش لەڕێگەی وەسفکردنی ئەزموونەکانیانەوە و خۆدوورگرتن لە درووستکردنی لەکە و شەرمەزارکردن. زاراوەکان ئازار و خۆڕاگریی ئەو کەسانە نیشان دەدەن بەبێ ئەوەی تاوانباریان بکات و یان لەکەی شەرەفیان بخاتەپاڵ.

✗ **منداڵانی لەدایکبووی دەستدرێژی، منداڵانی داعش**

✓ **منداڵانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەست بە ململانێوە**

ئەم زاراوەیە فراوانە؛ ئەو ڕاستییەش نیشان دەدات کە ململانێ لە دۆخەکەدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە ئاماژەدان بە باسکردنی ئاشکرای "دەستدرێژیی سێکسی" بەدوور دەگرێت، ئەمەش وای کردووە کەمتر لەکەدارکەر بێت.

✓ **منداڵانی لەدایکبووی توندوتیژیی سێکسیی کاتی جەنگ**

ڕوونکردنەوە: ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بە چوارچێوەی تایبەتی جەنگ دەکات و زاراوەیەکی فراوانتر بەکار دەهێنێت، ئەمەش ئاستی لەکەدارکردنەکەی کەم دەکاتەوە.

✓ **منداڵانی لەدایکبوو لە جەنگدا**

ئەم زاراوەیە فراوان و دیاریکراو نییە، بەمەش دەتوانێت ئەوەندە لەکەدارکەر نەبێت و کۆمەڵێک باردۆخ لەخۆ بگرێت هەرچەندە لەوانەیە بەتەواوی ئەو مانایە نەدات بەدەستەوە کە ئەو منداڵانە لە ئەنجامی توندوتیژیی سێکسییەوە لەدایک بوون. لە کاتێکدا زاراوەیەکی بەسوودە، بەڵام ئەو هیچ تیشکێک ناخاتەسەر ئەو ئەزموون و ئاڵنگارییە قورسانەی منداڵانی لەدایکبووی توندوتیژیی سێکسی ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

✗ **منداڵە سەربازەکان**

✓ **منداڵانی پەیوەندیدار بە هێز و گرووپە چەکدارەکانەوە**

ئەم زاراوەیە بێلایەنانەیە و کەمتر لەکەدارکەرە، چونکە خۆی لە ناونانی منداڵەکان بە "سەرباز" دەپارێزێت، ئەو مانایەش نادات بەدەستەوە کە بەشداریکردنی منداڵەکان بە هەڵبژاردن و ئارەزووی خۆیان بووە. ئەم زاراوەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە- بۆ نموونە یونیسێف- قبووڵ کراوە و بەکار دەهێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ هێنانەکایەی یەکدەنگی لە بەکارهێنانی زمان لە بوارە مرۆییەکاندا.

✓ **منداڵانی سەرباز لەپێشوودا**

بەکارهێنانی "پێشوو" جەخت لەسەر ڕابردووی ئەو منداڵانە دەکاتەوە و ئاماژەیە بەوەی کە ئێستا ئیدی ئەو منداڵانە ئەو ژیانەیان جێ هێشتووە. ڕێز لە دۆخی ئێستایان دەگرێت و هانیان دەدات گرنگی بە ڕاهێنانەوەی دەروونیی خۆیان و تێکەڵبوونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە بدەن.

**✓ منداڵانی بەکارهاتوو لە لایەن هێزە و گرووپە چەکدارەکانەوە**

ئەم زاراوەیە تیشک دەخاتە سەر سرووشتی ئیستغلالکارانەی بەشداریکردنی منداڵەکان لە جەنگدا، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو منداڵانە بەزۆر و بەناچاری ئەو ڕۆڵانەیان بەسەردا دراوە. زاراوەکە بیرکردنەوەمان ناخاتەسەر کردەوەی منداڵەکان بەڵکو دەیخاتەسەر ئەو کردەوانەی گرووپە چەکدارەکان بەرانبەر منداڵەکان کردوویانن، بەمەش منداڵان وەک قوربانی نیشان دەدات نەک وەک تاوانبار.

## زمان و شێوەزار

زمان ڕەنگدانەوەی کولتوورە؛ ڕزگاربووانیش سەر بە چەندین کۆمەڵگەی جیاجیان و بە زمان و زاراوەی جیاواز قسە دەکەن. گرنگە لە ڕزگاربووان بپرسین ئایا هیچ زاراوە یان دەربڕینێکی زمانەوانیی تایبەت هەیە، بۆ نموونە لە کوردی، شەبەکی، ئارامی، عەرەبی یان تورکمانیدا- کە پێیان باش بێت بۆ ئاماژەدان بە ئەوان بەکار بهێنرێت. دەکرێت شێوازی وەرگێڕانی زاراوە و مانای زاراوەکان بە شێوەی جیاجیا لێک بدرێتەوە و گرنگە ئەمە بەوردی بزانین لەبەر ئەوەی ئەو زاراوانە بەبەردەوامی بەکار دەهێنرێن.

## لەکە

لەکە، لە بابەتی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەست بە ململانێوە، ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵوێست و بیروباوەڕ و ڕەفتارە نەرێنییانەی ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکرێن کە لە ململانێکاندا توندوتیژیی سێکسییان بەرانبەر کراوە. ئەم لەکانە زۆرجار لە ئەنجامی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕە کولتوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە وا نیشانی دەدەن بەهای مێینەکان پەیوەستە بە پاکیزەییی سێکسییانەوە، هەروەها لەو تێڕوانینە هەڵانەشەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی هەن. لەکە دەبێتە هۆی دروستکردنی چەند ئاستێکی جیاجیای دابڕانی کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنی ڕزگاربووان. لەکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا بریتییە لە هەبوونی هەڵوێست و ڕەفتاری بەکۆمەڵی کۆمەڵگەیەک بەرانبەر ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی. دەکرێت ئەمەش لە ڕێگەی پەراوێزخستن و جیاکاری و تەنانەت توندوتیژییشەوە بەرانبەر بەو ڕزگاربووانە دەربکەوێت. لەکەی کۆمەڵایەتی نەریتە زیانبەخشەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز دەکات، ئەمەش وا دەکات بۆ ڕزگاربووان قورس بێت داوای یارمەتی بکەن یان لەگەڵ کۆمەڵگە تێکەڵ ببنەوە.

ڕزگاربووان ئەزموونی لەکەی ناوەکییش دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە هەست بە شەرمەزاری، تاوانباری و ترس لە حوکمدانیان لەلایەن ئەوانی دیکەوە بکەن. دەکرێت لەکە ناوەکی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر تەندروستیی دەروونیی ڕزگابووان یان بینینی بەهای خودی خۆیان یان ئامادەییان بۆ داواکردنی پشتگیری و دادپەروەری. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت ئەو ڕزگاربووانە هەست بکەن بە جۆرێک لە جۆرەکان کەموکورتییان هەیە و شایەنی ئەوەن کۆمەڵگە ئەو تێڕوانینە نەرێنییانەی بۆیان هەبێت. لەوانەیە ئەم بیرکردنەوەیە سەربکێشێت بۆ زیانگەیاندن بە خود یان زیانگەیاندن بە کەسانی تر.

دەکرێت ئاشکراکردنی ڕزگاربووان بە شێوەیەکی نائەخلاقی کاریگەرییەکی قووڵی لەکەدارکەری لەسەر ڕزگاربووان هەبێت و ئەو وێنە و تێڕوانینە پێشوەختانەش خراپتر بکات کە لە کۆمەڵگەدا هەبوون. لەو کۆمەڵگانەدا کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نزیک و پتەون، ئەوەی کۆمەڵگەکە کەسێک وەک ڕزگاربووی توندوتیژیی سێکسی بناسێت دەکرێت ببێتە لەکەدارکردنێکی توند و ببێتە هۆی مردنی کۆمەڵایەتیی ئەو مرۆڤە، ئەمەش لەدەستدانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، نەمانی پەیوەندییەکان و نەمانی توانای بەشداریکردنی چالاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتەوە.[7]

7 - Rose, S. (2023), Stigmatization and Social Death of Survivors of Wartime Sexual Violence, Global Studies Quarterly, 3(2), https://findresearcher.sdu.dk/ws/portalfiles/portal/233405334/ksad021.pdf.

ناونیشانەکە بە کوردی: لەکەدارکردن و مردنی کۆمەڵایەتیی ڕزگاربووانی دەستدرێژیی سێکسیی کاتی جەنگ

ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری ڕێگەیەکە بۆ بەهێزکردنی ڕزگاربووان و دانان بە سەربەخۆییاندا بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ئەو بڕیارە چارەنووسسازانە بکەن کە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەیە. بەبێ گوێدانە ئاستی
ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری ڕێگەیەکە بۆ بەهێزکردنی ڕزگاربووان و دانان بە سەربەخۆییاندا بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ئەو بڕیارە چارەنووسسازانە بکەن کە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەیە. بەبێ گوێدانە
ئاستی خوێندن و ئەزموونەکانیان، کاتێک باس دێتە سەر ئەوەی تێگەیشتن لە بڕیارەکان دەکرێت چۆن کاریگەرییان لەسەر ژیانیان دەبێت، ڕزگاربووان خۆیان لە هەموو کەسێک شارەزاترن. ئەوان لە کۆمەڵگەکانیان و ئەو ئاڵنگارییانەش تێدەگەن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هەروەها دەزانن کە ئامادەن یان ئامادە نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چ مەترسییەک.

کاتێک ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری دەگیرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووان، پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لێکۆڵەران، ئەوانەی کەیسەکان دۆکۆمێنت دەکەن، هەروەها ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش لە هەموو بڕیارە سەرەکییەکاندا بژاردە و دیدگاکانی ڕزگاربووان لە پێشینە دابنێن. لە بواری کرداریدا، ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری دان بەوەدا دەنێت کە دەبێت ڕزگاربووان بەشدار بن لە دانانی ڕێکارەکانی مامەڵەکردن، بۆ نموونە لە پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیاندا، ئەو بابەتانەی کە ئاسوودەن لەبارەیانەوە بدوێن و ئەو زانیارییانەش کە دەیانەوێت بە تایبەتی و کەسی بیانهێڵنەوە.

**سیناریۆیەکی گریمانەیی – ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری**

ڕێکخراوێکی ناحکومی لە کۆمەڵگەیەکی مەسیحیدا کار لەگەڵ ڕزگاربووان دەکات. زۆر کەس ڕزگاربووانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە ناناسن یان نازانن کاتێک داعش هێرشی کردە سەر شارۆچکەکەیان، ئەم کەسانە چییان بەسەر هاتووە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە خودی کۆمەڵگەکە خۆی بێدەنگە. کاتێک ڕێکخەری کۆنفرانسێک پەیوەندی دەکات بە ڕێکخراوەکەوە بۆ ئەوەی بزانێت هیچ ڕزگاربوویەک دەناسن کە ڕەنگە ئامادە بێت بەشداری لە بۆنەیەکدا بکات کە بۆ یادکردنەوەی هێرشەکانی داعش ڕێک دەخرێت، ڕێکخراوەکە بڕیار دەدات باشتر وایە داوای بەشداریکردن لە هیچ ڕزگاربوویەک نەکرێت، چونکە ڕێکخراوەکە شارەزایە و دەزانێت کۆمەڵگەکە چۆن بیر دەکاتەوە، بۆیە بە ڕێکخەری کۆنفرانسەکە دەڵێن هیچ ڕزگاربووێکی مەسیحی نییە ئامادە بێت بەشداری بکات.

لە ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەریدا، ئەمە هەنگاوێکی کێشەدارە و هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە ڕێکخراوە ناحکومییەکە بڕیارێکی بۆ ڕزگاربووان داوە بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە خۆیان بکات. ڕێکخراوەکە گریمانەی ئەوەی داناوە کە ڕزگاربووان ئامادە نابن خۆیان بخەنەبەر مەترسیی ئیدانەکردنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە و باسی ئەو شتانە بکەن کە ئەزموونیان کردوون، یان گریمانەیان کردووە کە ڕزگاربووان ناتوانن دۆخی کۆمەڵگە و خێزانەکەیان هەڵبسەنگێنن و بڕیار بدەن کە چ شتێک بۆ ئەوان باشترینە. ئەوەی دەبوو ڕێکخراوەکە بیکات ئەوە بوو کە زانیاری لەسەر کۆنفرانسەکە کۆ بکاتەوە و بیگەیەنێتە ئەو ڕزگاربووانەی کە ئارەزوومەند و ئامادە بوون دەرفەتێکی لەو شێوەیە لەبەرچاو بگرن و گفتوگۆ لەسەر مەترسی و سوودەکانیشی بکەن. ئەگەر ڕزگاربوویەک بەتەواوی دەرفەتەکەی لەبەرچاو گرت، ئەوە لەو کاتەدا دەبوو ڕێکخراوەکە لێی بپرسێت ئایا دەیەوێت بەشداری بکات و ئەگەر بڕیاری بەشداریکردنیشی بدایە، دەبوو بەبێ هیچ حوکمدانێک پشتگیریی بکات.

**سیناریۆی گریمانەیی دووەم – ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری**

ڕێکخەری کۆنفرانسێک پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی ناحکومییەوە دەکات بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕزگاربوویەک لە پێکهاتەی تورکمان بۆ ئەوەی داوای لێ بکات لە بۆنەیەکدا لە بەغدا قسە بکات. ڕێکخراوەکە وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە کۆنفرانسەکە کۆ دەکاتەوە و پەیوەندی بە ڕزگاربوویەکەوە دەکات کە پێشتر نیشانی داوە ئارەزووی داکۆکیکردن لە ڕزگاربووانی تورکمانی هەیە. پێش ئەوەی بەشداریکردنی پشتڕاست بکاتەوە، ڕزگاربووەکە لەگەڵ خێزانەکەی باس لەوە دەکات کە ئەگەر هەیە هەواڵی بەشداریکردنەوەی بڵاو ببێتەوە و بکەوێتەبەر ڕەخنە. خێزانەکەی، سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانە، پشتگیری لە بڕیارەکەی دەکەن بۆ داکۆکیکردنی ئاشکرای کۆمەڵگەی تورکمانی. پاشان ڕێکخراوەکە لە بڕیارەکەی ئاگادار دەکاتەوە و ئامادەیی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەکەی نیشان دەدات و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو زیاتر بە بێدەنگبوونی خۆی دڵتەنگ دەبێت نەک ڕەخنە نادادپەروەرەکانی ڕزگاربووان. دوای گفتوگۆکردن لەسەر مەترسی و سوودەکانی بەشداریکردن لەگەڵیدا، ڕێکخراوەکە کەسەکە لەگەڵ ڕێکخەری کۆنفرانسەکە دەخاتەسەر هێڵ و ئامادەییشی بۆ دەردەبڕێت کە بەدرێژاییی پرۆسەکە پشتگیری بەردەوامی بکات. ڕێکخراوەکە ئامادەیی دەردەبڕن کە لە کۆنفرانسەکەشدا ئامادە بن بۆ هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی ئەو کەسە لە کاتی بەڕێوەچوونی چالاکییەکەدا.

لەم سیناریۆیەدا، ڕێکخراوکە ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری پەیڕەو کرد، کە گرنگی بە بەهێزکردنی ڕزگاربووەکە دەدات بە زانیاری و بەشداریکردنی لە گفتوگۆیەکی ورددا سەبارەت بە دەرفەتەکە. ئەمەش وای لێ کرد بتوانێت بڕیارێکی بەرچاوڕوونانە بدات. ڕزگاربووەکە بەتەواوی ئاگادار بوو لەو مەترسییانەی دەکرا بەهۆی بەشداریکردنەکەیەوە بکەونە سەری، قسەی لەسەر کردن و لە کۆتاییدا بڕیادی دا بەردەوام بێت و ئەو مەترسییانەی قبووڵ کرد کە پەیوەندییان بە بڵاوبوونەوەی بەشداریکردن و چیرۆکەکەیەوە هەبوو لەناو خەڵکدا.



ئەم ڕوونکردنەوەیە پشتگیری لە ڕێبازێک دەکات کە تیایدا هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە ڕوونی لەگەڵ ڕزگاربووان و تۆڕە نزیکەکانیان هاوبەش دەکرێن پێش ئەوەی ڕەزامەندی کۆتایی بدرێت.

## دووبارە ئەزموونکردنەوەی زەبری دەروونی

هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە دەکرێت زەبری دەروونی درووست بکەنەوە و کاریگەرییان لەسەر دەروون و هەست و جەستەی مرۆڤ هەبێت. دەکرێت هەندێک لەو هۆکارانە بریتی بن لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان، پرسیاری ڕاستەوخۆ، بیستنی چیرۆکی کەسانی دیکە، ژینگەیەکی ناسەلامەت، هەراسانکردن، یان نەبوونی تێگەیشتن و هاوسۆزی. ڕەنگە ڕزگاربووان کاردانەوەیان هەبێت و هەست بکەن دەچەوسێندرێنەوە ئەگەر کاتی پێویستیان نەدرێتێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتن و چالاکییەکان. هەرچەندە ڕەنگە سنووردار بوونی کات کاریگەری لەسەر هەموو بەشداربووان هەبێت، بەڵام لە دۆخی لەو جۆرەدا، دەکرێت ڕزگاربوویەک زیاتر هەست بە سەرکوتکردن و بێدەنگکردن بکات. بۆ ئەوەی ڕزگاربووان دووبارە ئەزموونی زەبری دەروونی نەکەن، پێویستە ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان کار دەکەن ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر پەیڕەو بکەن.

## ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر

ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر لە بابەتی مامەڵەی ئەخلاقیانەدا لەگەڵ ڕزگاربووان کاریگەریی زەبری دەروونی لەسەر ژیانی تاکەکان ڕوون دەکاتەوە و سەلامەتیی دەروونی و خۆشگوزەرانییان بە کاری لەپێشینەدا دادەنێت، لە هەمان کاتدا گرنگی بە فاکتەرە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیش دەدات. ئەم ڕێبازە دان بەوەدا دەنێت ئەو نارەحەتییەی ڕزگاربووان ئەزموونیان کردووە دەکرێت لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دووبارە سەرهەڵبداتەوە. ئەم شێوازی کارکردنە ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە چۆن زەبری دەروونی کاریگەریی لەسەر یادگەی مرۆڤ هەیە و دەکرێت توانای ڕزگاربووان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان سنووردار بکات. ئەم ڕێبازە ئامانجیەتی ڕزگاربووان دڵنیا بکات کە لە کاتی پەیوەندیکردنیان لەگەڵیان دووبارە ئەزموونی زەبرە دەروونییەکان ناکەنەوە. لە بابەتی مامەڵەکردنی ئەخلاقیانەدا لەگەڵ ڕزگاربووان، ڕێبازی ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر دڵنیایی دەدات لەوەی کە هەموو پەیوەندیگرتن، سیاسەتەکان و کارەکان ئەزموون و پێداویستییەکانی ڕزگاربووان لەبەرچاو دەگرن. ئەم ڕێبازی کارکردنە ژینگەیەکی سەلامەت، پڕ متمانە و بەهێزکردن دەخوڵقێنێت، کە تێیدا ڕزگاربووان هەست دەکەن ڕێزیان لێ دەگیرێت، گوێیان لێ دەگیرێت و هەست بە بەهای خۆیان دەکەن. ڕێبازەکە داینامیکە کولتووری، مێژوویی و جێندەرییەکان لەبەرچاو دەگرێت. ئەم ڕێبازە لەو هۆکارانەش تێدەگات کە ڕەنگە ببنەوە هۆی سەرهەڵدانەوەی زەبر یان ئەو بابەتە و دۆخە هەستیارانەی پەیوەندیدارن بە زەبرەوە، هەروەهاخۆی بەدوور دەگرێت لەو کردار یان دەربڕینە زمانەوانیانەی کە ڕەنگە دووبارە زەبر درووست بکەن یان زیانێکی زیاتر بە ڕزگاربووان بگەیەنن.

پرۆگرامێک، ڕێکخراوێک یان سیتمێک کە شارەزایانە کار لەسەر زەبر دەکات درکی بە کاریگەرییە بەربڵاوەکانی زەبر کردووە و ڕێگاکانی چاکبوونەوەش دەزانێت، نیشانەکانی زەبر لە ڕزگاربووان، خێزانەکانیان، کارمەندان و ئەوانی دیکەی بەشداربوودا دەناسێتەوە. ئەو لایەنانە ئەو زانیارییانەی دەربارەی زەبر هەیانە بەکار دەهێنن لە داڕشتنی سیاسەت و ڕێکار و کارە پراکتیکەکاندا و بەم شێوەیە چالاکانە ڕێگە دەگرن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی زەبری دەروونی. لە ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر زۆر گرنگە بەئاشکرا بڕاردە بدرێت بە ڕزگاربووان بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی باسی چی بکەن و هاوبەشی بە چ زانیارییەک بکەن و چۆنیش ئەو کارە بکەن. ئەمە بەو مانایە نایەت کە ڕزگاربووان نابێت هەرگیز باس لەو شتە سەختانە بکەن کە ئەزموونیان کردوون، بەڵکو مانای ئەوەیە کاتێک بڕیار دەدەن ئەوە بکەن، ئەو بڕیاردانەیان دەرئەنجامی پرۆسەیەک بووە کە لە ڕێگەیەوە تێگەیشتوون پێشبینیی چی بکەن، لە هەمان کاتیشدا لە لایەن پسپۆڕێکی تەندرووستیی دەروونی یان داکۆکیکارێکەوە پشتگیری دەکرێن ئەگەر پێیان وا بێت ئەوە یارمەتیان دەدات ئاسوودەتر ئەزموونی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن.

لە گۆشەنیگایەکەوە کە پشتبەستە بە کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر، کارکردن لەگەڵ ئەو ڕزگاربووانەی (پشتگیری تەندرووستیی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی MHPSS)یان وەرگرتووە سەلامەتترە لەبەرئەوەی ئەو پشتگیرییە سەرنجی خستووەتەسەر زەبر، بەم شێوەیەش ئەو ڕزگاربووانە پشتگیرییەکی زیاتریان دەبێت و توانای ڕێکخستنی خۆیانیان زیاتر دەبێت. پێویستە دەستێوەردانەکان بریتی بن لە:

1 . پەروەردەی دەروونی سەبارەت بە ئاماژە و نیشانەکانی زەبری دەروونی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی خود لە بەرانبەر کاردانەوە فیسیۆلۆجی و دەروونییەکانی خۆیدا.

2 . دابینکردنی ستراتیجی تەندرووست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نیشانەکانی زەبر.

3 . ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ قسەکردن لەسەر هەندێک لە یادەوەری و ئەزموونە ئازاربەخشەکان لە دۆخێکی چارەسەریدا.

بەڵام گرنگیشە تێبینی ئەوە بکەین کە ڕزگاربووان دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات خۆڕاگری پەیدا بکەن و چاک ببنەوە؛ ئەمەش لەمانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت:

- درووستبوونی هەستی سەلامەتی و ئاساییش،
- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی مانادار و پشتیگیریکەر،
- بنیاتنانی دیدگایەکی مانادار بۆ بینینی دونیا و ئەزموونەکان،
- هاودەنگی وەک بەشێک لە گرووپێکی ڕزگاربووان،
- لێهاتوویی و ستراتیژەکانی ڕووبەڕووبوونەوە،
- هەستکردن بە دادپەروەری،
- چالاکبوون.

سەیری (هاوپێچی د) بکە، لیستی ئەو کارانەی پێویستە لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ حاڵەتەکانی زەبری دەروونیدا لەبەرچاو بگیرێن بۆ وەرگرتنی ڕێنماییی زیاتری کۆنکرێتی و بەکارهێنانیان لا کاتی کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی زەبری دەروونی.

## ڕەزامەندیی بەرچاوڕووانە

ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بۆ ئەو ڕزگاربووانەی بەشداری لە چاوپێکەوتنە میدیاییەکان، فیلمە بەڵگەنامەییەکان، کۆنفرانس و چالاکییە گشتیەکانی دیکەدا دەکەن، کارێکی ئەخلاقیی بنەڕەتییە کە دڵنیایی دەدات لەوەی ماف و سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانیی ڕزگاربووان لە پێشینەی کارەکاندایە. ڕەزامەندیدانەکە ڕێککەوتنێکی ڕوون و گشتگیر و خۆبەخشانەی ڕزگاربووانە بۆ بەشداریکردن و تێیدا پێشوەختە ڕزگاربووان بەتەواوی تێگەیێنراون لە سرووشت و ئامانج و دەرئەنجام و مەترسییە ئەگەرییەکانی بەشداریکردنیان.

## توانا

لە بابەتی ڕزگاربووان و کردنی مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵیاندا، مەبەست لە "توانا" هەڵسوکەوتکردنی سەربەخۆیانەی ڕزگاربووان و توانایانە بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی دەیانەوێت، ئەوەش مافی خۆیانە و خۆیان دەتوانن ژیانی خۆیان ئاڕاستە بکەن و بڕیار لەسەر بەشداریکردنیان لە میدیا، هەوڵەکانی داکۆکیکردن، یان بابەتە یاساییەکان بدەن. هەبوونی ئەم توانایە دڵنیایی دەدات لەوەی کە ڕزگاربووان وەک تاکێکی سەربەخۆ سەیر دەکرێن، توانای بڕیاردانی بەرچاوڕوونانەیان هەیە لەسەر بەشداریکردنیان لە چالاکییە جیاوازەکاندا. دەکرێت لە چەند ڕێگەیەکەوە ئەم توانایە لە ڕزگاربوواندا بەهێز بکرێت بۆ نموونە دانان بە ڕزگاربوواندا و بینینیان وەک لایەنێکی خاوەن-هێز و قسەڕۆیشتوو لە بابەتی ئەزموونەکانی خۆیاندا و دڵنیابوونەوە لەوەی هەست دەکەن بەهێزن و پشتگیری دەکرێن، لە هەمان کاتیشدا دڵنیاییان پێ بدرێت کە لە هەر کاتێدا بیانەوێت، ئازادن لە ڕەتکردنەوە یان کشانەوە لە بەشدارییەکانیان. ئەم ڕێبازە زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە بەقوربانیکردنی زیاتری ڕزگاربووان و پشتگیریکردیان بە ئامانجی درووستبوونی توانا و هەستی خۆبەڕێوەبەری تێیاندا.

# ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان

ئـەم ئامرازنامەیـە بـە جۆرێک دیزاین کـراوە تا لە لایـەن (هاوپەیمانی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانە C4JR)وە بـەکار بهێنرێـت. نوێنەرایەتیـی هاوپەیمانـی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە لـەم بەڵگەنامەیـەدا بریتییـە لـە گرووپـی کار و ئەنجوومەنـی ڕزگاربـووان و ئەو ئەندامانەی بەشـێکن لە هاوپەیمانێتییەکە . ئەم بەشـە پوختەیەک دەربـارەی ئـەو ڕۆڵـە سـەرەکییانە پێشـکەش دەکات کە ئـەم لایەنـە پەیوەندیدارانە بـە هەماهەنگـی دەیانگێڕن بۆ جێبەجێکردنـی ڕێنماییەکانـی میدیـا و ڕاگەیاندنـەکان و خسـتنەگەڕی ئامـرازەکان بـۆ پاڵپشـتیکردنی ڕزگاربـووان. دەشـێت ئـەم ڕزگاربووانە لە لایەن ڕاگەیاندنەکان، ڕێکخراوە ناحکومییـەکان، حکومەتەکان، یان هەر دامەزراوەیەکی تـرەوە پەیوەندییـان پێـوە بکرێـت بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتـن، ڕاوێـژکاری، یـان بەشـداریکردن لە بۆنە گشتییەکاندا.

## گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR تایبەت بە مامەڵەی ئەخلاقیی میدیاکان

هاوپەیمانـی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە چەندیـن گرووپـی کاری بۆ ئەندامانـی ڕێکخـراوە ناحکومییەکان ڕێـک خسـتووە کـە هەر یەکەیان لەسـەر بابەتێک کار دەکەن بە مەبەسـتی پەرەپێـدان و جێبەجێکردنی کردارەکان بە شێوەیەکی هاوبەشانە. گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە چەندین ئەرکی سەرەکی بەجـێ دەهێنێـت. وەک ناوەندێکی سـەرەکی کار بـۆ ڕێکخراوە ئەندامەکانـی هاوپەیمانێتییەکـە دەکات، زانیاری و ڕێنمایی و پشـتگیریی پێویسـت دابین دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسـەتەکانی میدیا کە تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و لە ڕێگەی ڕێنماییەکانی هاوپەیمانێتییەکە و لیستی لێکۆڵینەوە لە میدیاکان و ئـەم ئامرازنامەیـە دەربـڕدراون. سـەبارەت بـەم ئامرازنامەیـە، (گرووپـی کاری هاوپەیمانی بـۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانـە بـۆ مامەڵەکردنـی ئەخلاقـی لەگـەڵ ڕزگاربووانـدا) سـەرکردایەتی بەکارهێنـان و جێبەجێکردنـی ڕێنماییەکانـی تایبـەت بـە میدیا دەکات. ئەمـەش پشـتگیریکردنی ڕاهێنانـەکان لەسـەر چۆنیەتیـی جێبەجێکردنی ئامرازنامەکە و دڵنیابوون لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی گشتگیرانەی لەلایەن هەموو ئەندامانەوە دەگرێتەوە. ئەم هەوڵانـە گرنگـن بـۆ بەهێزکردنی ئەندامان بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی مافەکانی ڕزگاربووان بە شـێوەیەکی کاریگەر و پارێزگاریکـردن لە سـتانداردە ئەخلاقییەکان، سـەرەتا لـە مامەڵەکانی خۆیان لەگەڵ ڕزگاربوواندا، پاشـانیش لە کاتی پشتگیریکردنی ڕزگاربووان بۆ پەیوەندیکردنیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ترەوە.



وێنەکە دیمەنی لیستێک نیشان دەدات، بە بەکارهێنانی وێنە بۆ دیاریکردنی ئەو کردارانەی کە ڕێگەپێدراون و کامیان ڕێپێدراو نین، لە دۆخێکی دیاریکراودا کە جەخت لەسەر ڕزگاربووان دەکاتەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەرەڕای ئەوەش، گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پابەندە بە پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە بەهێزکردنی پەیامەکانیاندا، ئەوەش لە ڕێگەی ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردنی کەسی، چاوپێکەوتنی میدیایی و بۆنە گشتییەکانی تر. دەشێت ئەم (گرووپی کار)ە پشتگیریی ڕزگاربووان لە دروستکردنی ناوەڕۆکی ڤیدیۆییدا بکات وەک ڕێگەیەکی دیکە بۆ بڵاوکردنەوەیەکی بەرفراوانتری بۆچوونەکانی ڕزگاربووان سەبارەت بەوەی دەبێت ناسنامە و چیرۆکەکانیان لە لایەن میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنە حکومییەکان و کۆمەڵگەی فراوانترەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە کۆتاییدا، ڕۆڵی گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە سەرکردایەتیکردنی بڵاوکردنەوەی ئەم ئامرازانەدا فرەلایەنانییە، لە هەمان کاتیشدا پشتگیری لە ڕێکخراوە ئەندامەکانی هاوپەیمانێتییەکە دەکات تا لە زانیاری و کەرەستە و میکانیزمەکان تێبگەن و جێبەجێیان بکەن.

## ڕێکخراوە ناحکومییە ئەندامەکانی ناو هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR

ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە بەوەی زۆر جار ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەکەن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین دەکەن، هەروەها یەکەم خاڵی پەیوەندین بۆ مامەڵەکردنی ڕزگاربووان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا. زۆر جار ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەو چالاکییانە ڕێک دەخەن و بەشدارییان تێدا دەکەن کە ڕزگاربووان تێیاندا بەشدارن. لەم چالاکییانەشدا ڕەچاوکردنە ئەخلاقییەکان گرنگترین شتن.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وەک ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت پابەند بن بە باشترین پراکتیزە و بنەما دامەزراوەکان، وەک سیاسەتی "هیچ زیانێک مەگەیەنە" و ڕێبازی کارکردنی ڕزگاربوو-سەنتەری. زۆر گرنگە ئەم ڕێکخراوانە پابەندبن بە بەرزڕاگرتنی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەوە دانراون و بەشداری لە دانیشتنەکانی ڕاهێنانەکانیشدا بکەن کە بۆ بروودان بە تێگەیشتنیان لەم ئەمرازنامەیە و بەکارهێنانی دارێژراون، هەروەها بە ئامانجی ئەوەی بتوانن چالاکانە داکۆکی لە بەشداریکردنی ئەخلاقیی ڕزگاربووان لە میدیادا بکەن. ئەم ڕێکخراوە ئەندامانە ئەرکی ئەوەیان لەسەرە وەک پارێزەری پراکتیزە ئەخلاقییەکان مامەڵە بکەن، دڵنیابن لەوەی مافەکانی ڕزگاربووان لە کۆڕ و بۆنە گشتییەکاندا ڕێزیان لێ دەگیرێت، بە تایبەت لەو بارودۆخانەدا کە ڕەنگە تاکەکان هەست بکەن توانای ئەوەیان نییە نیگەرانییەکانیان دەرببڕن. ئەمە نەک تەنها جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵەکانی ئەم ئامرازنامەیە لەناو کارەکانیاندا، بەڵکو پێشخستنی بنەماکانیەتی لەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی دێنە ئەو بۆنە و چالاکییانەی ڕزگاربووان تێیاندا بەشدارن. لە بنەڕەتدا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ هەم پەیڕەوکاری ئەم ستانداردانە بن و هەم داکۆکی لە بەکارهێنانیان بکەن لە تەواوی مامەڵە هەمەجۆرەکان لەگەڵ ڕزگاربوواندا.

## ئەنجوومەنی ڕزگاربووان

ئەنجوومەنی ڕزگاربووان لە کەسانی پێکهاتە جیاوازەکان پێک دێت کە بەرگەی دڕندەیی داعشیان گرتووە ئەو کاتەی لایان دەستبەسەر بوون. ئەم ڕزگاربووانە ئەزموون و دیدگای جۆراوجۆریان هەیە سەبارەت بە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنە کاراکانی تردا. بۆ نموونە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێزدی ڕووماڵی میدیایی بەرفراوانیان لەسەر کراوە، لە کاتێکدا ئەوانەی سەر بە کۆمەڵگەی شەبەک و تورکمان، یان مەسیحییەکان زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی دوولایەنە بوونەتەوە: لەلایەن میدیاکانەوە چاوپۆشییان لێ کراوە و لەلایەن کۆمەڵگەکانی خۆشیانەوە بێدەنگ کراون. ئەرکی سەرەکیی ئەنجوومەنی ڕزگاربووان بریتییە لە پێشکەشکردنی تێڕوانینی قووڵ و ڕەخنە لەسەر کارەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کە تایبەتن بە داکۆکیکردن بۆ بەدەستهێنانی قەرەبوو، لەوانەش پێشکەشکردنی سەرنجەکانیان لەسەر بابەتەکانی ناو ئامرازنامەکە و شێوازی بڵاوکردنەوەیان.

بەشداریکردن لە دانیشتنی ڕاهێنانەکاندا تەواو ئازادانەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارە ئاڵۆزانەی ڕزگاربووان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لە ناویشیاندا لێپێچینەوەیان لەلایەن کۆمەڵگەکانی خۆیانەوە و سنووردارکردنی توانای بەشداریکردنیان بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پابەندە بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرنجەکانی ئەنجوومەنی ڕزگاربووان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئامرازنامەکە، لێکۆڵینەوەکانی میدیاکان، هەروەها بۆچوونەکانیان پێش بۆنە سەرەکییەکانی وەک یادکردنەوە و ڕێوڕەسمی دووبارە ناشتنەوە، یان گەڕانەوەی ڕزگاربووان.

هەروەها ئەگەر بیانەوێت، ڕزگاربووان هان دەدرێن چالاکانەتر بەشداری بکەن، لەوانەش پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوە میدیاییەکانەوە بۆ خستنەڕووی کەمترینی ئەو ستانداردانەی دەیانەوێت ڕێزیان لێبگیرێت، یان بە پشتیوانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا مامەڵە بکەن. لە هەموو ئەم چالاکییانەدا، سەربەخۆیی ڕزگاربووان و بەشداریکردنی خۆویستانەیان زۆر گرنگە، هەروەها گرنگە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پشتگیری پێشکەش بکات و هاوکات گرنگی بە باشبوونی لایەنی عاتیفیی ڕزگاربووان بدات و بابەتە کەسییەکانی تریان ڕەچاو بکات.

## لایەنە پەیوەندیدارەکان و داکۆکیکاران

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، لەنێویاندا ئەنجوومەنی ڕزگاربووان، لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووانی عێراق (GDSA) کار دەکات. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە و بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی قەرەبووکردنەوەکە. ئەم ڕێکخراوانە دەبنە ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە زامنکردنی مامەڵەی ڕێزدارانەی میدیاکان لەگەڵ ڕزگاربوواندا. بوونی ئەوان لە بۆنەکانی یادکردنەوە و بۆنە گرنگەکانی دیکەدا، هەروەها کاریگەرییان لە بوارەکانی کارکردنی خۆیاندا، زۆر گرنگە بۆ دامەزراندن و بەنموونەکردنی ستاندارده ئەخلاقییەکان بۆ ئەوانی دیکە.



وێنەکە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی C4JR ڕزگاربووان لە باکگراوندێکی جیاوازەوە دەردەخات، کە بە شێوەیەکی سیمبولی یەکڕیزی و هاوسۆزی دەردەبڕێت لە بەدواداچوونی هاوبەشیان بۆ دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەیان.

# مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان

ئـەم بەشـە پێکهاتـە سـەرەکییەکانی مامەڵـەی ئەخلاقـی لەگەڵ ڕزگاربـووان لەخـۆ دەگرێت. میدیا، ڕێکخراوە ناحکومییـەکان و ئـەو لایەنانـەی دیکە کـە مامەڵە لەگـەڵ ڕزگاربوواندا دەکـەن زۆرجار وەرگێـڕ بەکاردەهێنن. بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی وەرگێڕەکان وەک نێوەندگیری زمان و کولتوور و مانا کار دەکەن، گرنگە پێشوەختە باسی ڕۆڵی وەرگێڕ و چۆنیەتیی مامەڵەکردنـی لەگەڵ چاوپێکەوتنکار و ڕزگاربوودا بکرێـت، هەروەها باسـی ئەوەی سنووری گونجاو لە کاتی چاوپێکەوتن و دوای چاوپێکەوتن یان مامەڵەکردنی دیکەدا بپارێزن.

ئـەم بەشـە دەچێتـە نـاو وردەکارییەکانـی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانـە کـە بنەمـای بەشـداریکردنی ئەخلاقییە. میدیـاکاران، ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان و ئەوانـی دیکـە بـە جێگیرکردنـی سیاسـەت و پراکتیزەیەکـی بەهێـزی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانـە لـە کارەکانیانـدا دەتوانـن خۆیـان لـە زۆر کێشـە بـەدوور بگـرن کـە لـە مامەڵەکردنی نائەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەمـەش دەبێتـە هـۆی کارێکـی کوالیتـی بەرزتـر و ئەزموونێکـی بەهێزتـر بـۆ ئـەو ڕزگاربووانـەی بـە هـۆی ئاگادارکردنەوەیـان بەتـەواوی بەرانبـەر مافەکانیـان دەتوانـن پێشـبینیی ئەگـەری ئـەو مەترسـی و سـوودانە بکـەن کـە لـە بەشـداریکردنەکەکانیاندا هـەن. ئـەم بەشـە بـە پرۆتۆکۆڵێـک بـۆ وەڵامدانـەوەی داواکارییەکانی پەیوەندیکـردن لەگـەڵ ڕزگاربووانـدا کۆتایی دێت کە لەلایـەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانییەوە جێبەجێ دەکرێت.



وێنەکە ڕزگاربوویەک نیشان دەدات کە بە مەرجەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ میدیاکان دەکات و سنوورێکی ڕوونی داناوە کاتێک ڕۆژنامەنووسان کامێرا و مایکرۆفۆنەکانیان لەلایەک دادەنێن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێی لێ بگرن.

## کارکردن لەگەڵ وەرگێڕەکاندا

"هەندێک جار لەگەڵ هەندێک ڕۆژنامەنووس سـەردانی کچەکان دەکەم. ئەوان وەرگێڕ لە هەولێرەوە لەگەڵ خۆیان دەهێنن. زۆربەیان پیاون - ڕۆژنامەنووسەکان پیاون- وەرگێڕەکانیش بە سۆرانی دەدوێن و ڕزگاربووان بە کرمانجی، ئەو دووانەش زۆر لە یەکتر جیاوازن. بۆیە زۆر جار کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس سەردان دەکەم، ناچارم لە سۆرانییەوە وەرگێڕان بکەم بۆ کرمانجی." **ژنێکی ئێزدی، دەنگی ژنانی ئێزدی**

دەسـتراگەیشتن بـە وەرگێـڕی لێهاتـوو لایەنێکـی بنەڕەتییـە بـۆ دڵنیابـوون لـە پەیوەندیـی کاریگـەر لەگـەڵ ڕزگاربووانـی زەبـری دەروونـی یـان ململانێـکان، بەتایبەتـی کاتێـک کـە ناتوانـن بـە زمـان یـان زاراوەی چاوپێکەوتنەکـە قسـە بکـەن. توانـای پەیوەندیکـردن بە زمانێـک کـە تاکەکان پێیـ ئاسـوودەن، لە پێـش هەمـوو شـتێکەوەیە بـۆ درووسـتکردنی ژینگەیەکـی پـڕ متمانـە و تێگەیـشتن. زۆرجـار جیاوازییە بچووکەکانـی زمـان و چوارچێـوەی کولتـووری بـە قووڵـی لـە زمانـی دایکـی کەسـێکدا چەسـپاون؛ بەم شـێوەیە، بەکارهێنانی وەرگێڕی لێهاتوو ئاسـانکاری دەکات بۆ تێگەیشـتنێکی وردتر و هاوسـۆزانەتر لە ئەزموونەکانی ڕزگاربووەکە.

دەبێت پێش هەڵبژاردنی وەرگێڕێک، لەگەڵ ڕزگاربووەکە گفتوگۆ لەسەر هەندێک لایەن بکرێت.

لـە کاتـی ڕێکخسـتنی بەرکەوتـن لەگـەڵ ڕزگاربووانـدا، زۆر گرنگە بزانین پێیان خۆشـە بە چ زمانێک قسـە بکەن. لەم دۆخەدا زۆرێک لە ڕزگاربووان بە زمانە باڵادەسـتەکانی عەرەبی و کوردی قسـە دەکەن، بەڵام هەندێکـی تریـان ئـەم زمانانـە نازانن. تەنانـەت کاتێک ڕزگاربـووان بەم زمانانە قسـە دەکـەن، ڕەنگە پێیان باش بێت بە شێوەزاری ناوخۆیی خۆیان، کە کوردی کرمانجی و تورکمانی و شەبەکی و ئارامییە، قسە بکـەن. وەرگێـڕ وەک پەیوەندییەکی کولتووری و زمانەوانـی لەنێوان چاوپێکەوتنکار و ڕزگاربوودا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت.
هەندێـک لـە ڕزگاربـووان ئەو وەرگێڕانەیان پـێ باشترە کە لـە دەرەوەی کۆمەڵگەکەیانن، بەهۆی ترسـی ئەوەی چیرۆکەکانیان بۆ کۆمەڵگەکەیان ئاشـکرا بێت. ئەو وەرگێڕانەی سـەر بە کۆمەڵگەی ڕزگاربووەکەن لەوانەیـە حوکـم لەسـەر ڕزگاربووەکـە بـدەن یـان جەخـت لـە هەندێـک چیـرۆک و گێڕانـەوە بکـەن کـە لـە کۆمەڵگەکەدا قبووڵکراون بەڵام لەوانەیە لەگەڵ کەسی ڕزگاربووەکەدا یەک نەگرنەوە.
جگـە لـەوەش، ڕەگـەزی وەرگێـڕ دەتوانێـت هۆکارێکـی گرنـگ بێـت بـۆ دامەزراندنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕزگاربووان، بە تایبەت لە کاتی باسـکردنی بابەتگەلی هەسـتیاردا. بۆ نموونە، ڕەنگە ڕزگاربووانی مێینە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی بکەن بەرانبەر ئاشکراکردنی زانیارییەکان بۆ وەرگێڕێکی مێینە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسـەی چاوپێکەوتنەکە دەکات نێر بێت. ئەم ڕەچاوکردنە لە پاراسـتنی شـکۆ و ئاسـوودەیی ڕزگاربوودا زۆر گرنگە.
لەو حاڵەتانەدا کە وەرگێڕێکی گونجاو لەبەردەسـتدا نییە، باشترە چاوپێکەوتنەکە دوا بخرێت نەک بەهۆی بەردەوامبوون بەبێ پشـتگیریی زمانەوانی درووسـت یان ڕەچاوکردنی هەستیاری جێندەری مەترسیی درووسـتکردنی ناڕەحەتـی یـان تێنەگەیشـتنی زیاتر بێتە کایـەوە. ئامانج هەمیشـە دەبێـت بەرزڕاگرتنی خۆشگوزەرانیی ڕزگاربوو بێت و ئەوە لە سەرووی هەموو پێداویستییە ڕێکارییەکانەوە.

گرنگـە لـە ڕزگاربووەکە بپرسـێت کە لە وەرگێڕێکـدا چییان پێ باشترە و هەوڵ بدەیـت داواکارییەکەیان لەبەرچاو بگرێـت. ئەگـەر نەتوانـرا ڕەچـاوی ئارەزووەکانیان بکرێت، لێیان بپرسـن کە ئایا ڕازین بەردەوام بن یان پێیان باشـە چاوپێکەوتنەکە هەڵبوەشێننەوە.

هەندێـک هەڵـە کـە بـە شـێوەیەکی بـاو لە کاتـی کارکـردن لەگـەڵ وەرگێڕەکاندا دەکرێـن بریتین لـە هەبوونی گفتوگـۆی لاوەکـی لـە نێوان چاوپێکەوتـنـکار و وەرگێڕ بەبێ ئـەوەی ڕزگاربووەکە تێبگات باسـی چی دەکەن؛ وەرگێڕەکـە کورتەیـەک لەسـەر قسـەکانی ڕزگاربووەکـە دەدات لەبـری ئـەوەی بـە سـوپاسـەوە زانیارییـەکان بگەیەنێـت؛ هەروەهـا وەرگێـڕ و چاوپێکەوتـنـکار ڕزگاربـوو تێدەپەڕێـنـن و قسـە لەگەڵ یەکتر دەکـەن. زۆر گرنگە وەرگێڕەکان لەوە بگەن کە ئەوان بەشێک نین لە گفتوگۆکە بەڵکو بۆ ئاسانکاریی چاوپێکەوتنەکە یان جۆرێکی تری بەشداریکردن لەوێن.

لـە خـوارەوە چەند ئامۆژگارییەک دەخەینـەڕوو کە دەبێت لەکاتی کارکردن لەگەڵ وەرگێـڕ و ڕزگاربوواندا لەبەرچاو بگیرێن.

## هەندێک ئامۆژگاری بۆ کارکردن لەگەڵ وەرگێڕەکاندا

- پێش چاوپێکەوتنەکە، زانیاریی پێویست لەسەر پاشخان و هەر زاراوەیەکی تایبەت کە بەکار دەهێنرێت، بە وەرگێڕ بدە.
- دەبێت چاوپێکەوتنکار هەمیشە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ ڕزگاربووەکەدا بکات، بەوەی وەرگێڕ وەک ڕێڕەوێک بۆ پەیوەندیکردن کار بکات نەک بەشداربوویەک.
- جەخـت لەسـەر گرنگیـی گەیاندنـی پەیامـی وردی قسـەکەر بکـەرەوە لەبریـی ئـەوەی وردەکارییەکان کورت بکرێنەوە یان لێیان لا ببرێت. وەرگێڕ بەشێک نییە لە گفتوگۆکە، بەڵکو بۆ ئاسـانکاریی چاوپێکەوتنەکە یان جۆرێکی تری بەشـداریکردن ئامادەیە. وەرگێڕ پێویسـتە وەرگێڕانەکـە بـە جۆرێـک بگونجێنێت کە لە ڕووی کولتوورییـەوە بتوانرێت لێی تێبگەیت و لە هەمان کاتدا دڵنیا بێت لەوەی مانا مەبەستەکە پارێزراوە.
- پێویسـتە وەرگێـڕ خۆی لـە گفتوگۆی لاوەکی لەگـەڵ چاوپێکەوتنکار بـەدوور بگرێت. ئەگەر ڕوونکردنەوە پێویست بوو، پێویستە ڕزگاربووەکە ئاگادار بکاتەوە کە زانیاریی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕزگاربووەکە پێی وا نەبێت باسی ئەو دەکەن.
- وەرگێـڕ دەبێـت ڕازی بێـت بەنهێنـی مامەڵـە لەگـەڵ زانیارییەکانـدا بـکات، بـە تایبـەت کاتێک زانیاریـی هەسـتیار ئاشـکرا دەکرێـت. وەرگێـڕ دەبێـت ڕازی بێـت کـە خـۆی لـە باسـکردنی زانیارییـەکان لـە دەرەوەی چاوپێکەوتن یان ڕووداوەکە بەدوور بگرێت، هەروەها وەک نهێنی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانی ڕزگاربوودا بکات. زۆر گرنگە ئەمە بۆ ڕزگاربووەکە ڕوون بکرێتەوە و جەختی لەسەر بکرێتەوە کاتێک وەرگێڕ لە هەمان کۆمەڵگەی ڕزگاربووەکەیە.
- وەرگێڕ دەبێ ئاگاداری گرنگیی پەیوەندیی نازارەکی بێت و هەوڵ بدات دەربڕینە نازارەکییە گرنگەکانی ڕزگاربووەکە بگەیەنێت.
- دوای چاوپێکەوتنەکە، باسی هەر ئاستەنگێک بکە کە لەگەڵ وەرگێڕەکەدا سەری هەڵداوە بۆ باشترکردنی مامەڵەکانی داهاتوو.

# پراکتیزەکردنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە

## ئامادەبوون و زەبری دەروونی

پێویستە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی ڕەچاوی ئەوە بکەن ئایا ڕزگاربووان ڕازین یان ئامادە کراون بۆ ئەوەی بەشداری لەو چالاکیانەدا بکەن کە دەیانخەنە بەرچاوی خەڵک پێش ئەوەی سەبارەت بەو جۆرە دەرفەتانە پەیوەندییان پێوە بکەن و پێش ئەوە ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانەشیان لێ وەربگرن. بۆ نموونە، کەسێک کە لە دەستبەسەریی درێژخایەن گەڕاوەتەوە، پێدەچێت ئامادە نەبێت بڕیار لەسەر کاریگەرییەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ میدیاکاندا بدات. هەرچەندە ڕەنگە هەمان ئەو ڕزگاربووە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک و جێگیربوونی دۆخەکەی باشتر ئاما دەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ میدیاکاندا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە بەردەوام بێت لە ئەزموونکردنی ئەو کێشە یان نیشانانەی پەیوەستن بە ئەزموونە زەبربەخشەکانی ڕابردوویەوە.

هەموو ئاڵنگارییە تەندرووستییە دەروونییەکان توانای مرۆڤەکان سنووردار ناکەن؛ دەشێت زۆر لە ئاستەنگە توندەکان یان درێژخایەنەکان بە هاوکاریی درووست و پارێزراویی و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی ڕێک بخرێن و کۆنترۆڵ بکرێن. ئەو ئاڵنگارییە تەندروستییە دەروونیانەی کاریگەرییان لەسەر ناسینی کەسەکان بۆ خۆیان و کات و شوێن و واقیع هەیە، لەگەڵ گرفتی زیانگەیاندن بە خۆیان و کەسانی دیکە وەک شیزۆفرینیا یان نارێکیی دەروونیی خەمۆکی، ڕەنگە هەندێک جار ببن بە ئاستەنگ.

سەبارەت بە زەبری دەروونی، هەموو ڕزگاربووان بە شێوەیەکی تەقلیدی حاڵەتی تەنگژەی پاش زەبری دەروونییان تێدا دەستیشان نەکراوە، بەڵکو لەوانەیە کۆمەڵێک نیشانەیان تێدا دەرکەوتبێت کە لایەنی تایبەتی هەر ڕزگاربوویەک دەربخەن. بۆ هەڵسەنگاندنی ئامادەییی ئەوان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، گرنگە ئامانج و چاوەڕوانییەکانیان و هەر ئەزموونێکی پێشوویان لەگەڵ بەدۆکیوێنتکردن یان میدیادا، هەروەها ئاستەنگ و کاریگەرییەکانی ئێستای ئەو زەبرە لەسەر کارکردنی ڕۆژانەیان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان لەبەرچاو بگیرێن. ئەگەر ئاستێکی بەرزی نائارامیی سۆزداری یان پەککەوتنی توانای کارکردنیان تێدا بەدی کرا، ڕەنگە پێویست بێت پێش ئەوەی کەسەکە ئامادە بێت چیرۆکەکەی بۆ میدیاکان بگێڕێتەوە یان بەشداری لە هەر بۆنە یان چالاکییەکی تردا بکات کە پەیوەندی بەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤەوە هەبێت کە بەرگەی گرتوون، چارەسەر وەربگرێت.

نیشانەکانی مەترسی کە دەبێت ئاگاداریان بیت بریتین لە ئازاربەخۆگەیاندن، بیرکردنەوەی خۆکوژی، بوونی کەسەکە لە دۆخی مەترسیدا، لەدەستدانی هەستکردن بە واقیع، بیرکەوتنەوەی بەردەوامی یادەوەرییە نەرێنییەکان، بێتوانایی لە گرنگیدان بە خۆی و ئەوانی تر و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر کارایی کەسەکە، وەک لەسەر پیشەکەی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، پاکوخاوێنی خود، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پراکتیزە ئاینییەکان یان ڕۆحییەکان و بابەتی دیکە.

هەروەها زۆر گرنگە لەو سەرچاوانە بکۆڵدرێتەوە کە یارمەتیی کەسەکە دەدەن ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. ستراتیژییەکانی بەرگەگرتن لە ئێستادا لای کەسەکە و چوارچێوەی پشتیوانیی کەسەکە لەبەرچاو بگیرێن. ئەگەر ئەمانە کەم بن، ئەوا ڕەنگە دۆخەکە پێویستیی بە پشتگیریی دەروونیی گونجاو لە ڕووی کولتوورییەوە هەبێت پێش ئەوەی کەسەکە ئامادە بێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بەشداریکردنی ئاشکرا لەبەردەم خەڵکدا یان لە میدیا یان لە پرۆسەی بەدۆکیومێنتکردندا.

بیر لەوە بکەرەوە ئایا ڕزگاربووان پێشتر هیچ جۆرە پشتگیرییەکی دەروونی-کۆمەڵایەتییان وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی ڕووی داوە یارمەتیان بدات؟ ئەگەر وایە، زیاتر زانین دەربارەی ئەم پشتگیرییە بەسوود و گرنگە، لەوانەش کات و جۆری پشتگیری و کەسانی بەشداربوو و هەروەها ئەوەی پشتگیرییەکە تا چەند یارمەتیدەر بووە. ئەگەر کەسەکە هیچ پشتگیرییەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی وەرنەگرتووە، ئەوا گرنگە بە پشتبەستن بە تێبینییەکانت و ئەو زانیارییانەی هاوبەشیی پێ کردوون، هەڵی بسەنگێنیت کە ئایا وەرگرتنی ئەم جۆرە پشتگیرییە پێویستە پێش ئەوەی کەسەکە بەشداریی لە بەدۆکۆمێنتکردن یان میدیا یان هەر بۆنەیەکی گشتیدا بکات. هەر سنووردارییەکی پزیشکیی دیکەش لەبەرچاو بگرە. بۆ ڕێنمایی زیاتر بڕوانە (پاشکۆی ب)، لیستی ڕادەی ئامادەیی ڕزگاربووان.

**کەیسێک وەک نموونە – ئامادەیی ڕزگاربووان بۆ بەشداریکردن**

ڕۆژنامەنووسێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٦ ساڵدا کرد دوای چوار ڕۆژ لە گەڕانەوەی لە سێ ساڵ لە دەستبەسەری لای داعش. سەرەڕای گەرمای هاوین، ئەوەندە هەستی بە سەرما کردبوو، کە خێزانەکەی لە بەتانییەکەوە پێچابوویان. ئەو ڕۆژنامەنووسە لە دەرەوەی عێراقەوە، لە ڕێگەی وەرگێڕ و لە ڕێگەی مامی کچەکەوە قسەی لەگەڵ کچەکە دەکرد. ڕۆژنامەنووسەکە ڕایگەیاند کە مامی کچەکە و دایکی ڕەزامەندییان لەسەر چاوپێکەوتنەکە و بەکارهێنانی ناوی ڕزگاربووەکە و وێنەگرتنی دەربڕیبوو. لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا، ڕۆژنامەنووسەکە هەندێک پرسیاری لە ڕزگاربووەکە کرد وەک، "چەند جار فرۆشرابوو؟" و "ئایا داعش ئامرازی ڕێگرتن لە دووگیانییان دابوو پێی؟" و "ئایا داعشەکان پێش ئەوەی دەستدرێژیی بکەنە سەر، نوێژیان دەکرد؟" ڕۆژنامەنووسەکە چیرۆکی ڕزگاربووەکەی بە چاپ و ئینتەرنێت و تۆمارێکی دەنگی بۆ پۆدکاستێک بڵاو کردەوە. ڕزگاربووەکە بەزەحمەت دەیتوانی سەری لەسەر زەویی چادرەکە هەڵببڕێت لەکاتێکدا وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسەکەی دەدایەوە.



وێنەکە بارودۆخێکی ڕاستەقینە نیشان دەدات کە تیایدا ڕزگاربوویەکی نەخۆش وێنە دەگیرێت و پرسیاری لێدەکرێت بەبێ ئەوەی گرنگی بە تەندروستی و بارودۆخی بدرێت.

بە پشتبەستن بەو وەسفەی پێشکەش کراوە، ڕوونە کچە شانزەساڵانەکە هێشتا ئامادەیی ئەوەی نەبووە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا بکات. لێرەدا ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە پشتگیریی ئەم ئەنجامە دەکەن:

1. **زەبرێکی دەروونی کە بەم دواییانە ڕووی داوە:** کاتی چاوپێکەوتنەکە- تەنیا چوار ڕۆژ دوای گەڕانەوەی کچەکە بووە لە سێ ساڵ لە دیلێتی لای داعش و پێش ئەوەی دەرفەتی چاکبوونەوە یان تێکەڵبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا هەبوویێت چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دراوە.
2. **باری جەستەیی و عاتیفی:** باری جەستەیی و عاتیفی ڕزگاربووەکە ئاماژەیە بۆ نائارامییەکی بەرچاو، وەک بە نەبوونی توانای قسەکردن بە شێوەیەکی ڕوون یان پاراستنی جێگیریی جەستەییدا دەردەکەوێت. پێچانی بە بەتانی سەرەڕای گەرما و ئەوەش کە نەیتوانیوە خۆی لە زەوییەکە بەرز بکاتەوە ئاماژەن بۆ ئاستێکی توندی زەبری دەروونی و ئەگەری هەبوونی شۆک.
3. **پرسیاری سنووربەزێن:** سروشتی ئەو پرسیارانەی ڕۆژنامەنووسەکە کردوونی- سەبارەت بە ئەزموونەکانی فرۆشتنی ڕزگاربووەکە و وردەکارییە قووڵەکەسی و زەبربەخشەکانی دیکە- دەیتوانی ئەو ڕزگاربووەی خۆی لە بنەڕەتدا لاواز بووە، دووبارە تووشی زەبری دەروونی بکاتەوە. بەهۆی ئەوەی تازە لە دیلێتی داعش گەڕابووەوە، ڕزگاربووەکە ئامادە نەبووە ڕووبەڕووی یادەوەریی پڕ لە ئازاری لەو شێوەیە ببێتەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە خێزانەکەی ئامادە نەبووبن گوێیان لەو وردەکارییانە بێت کە ڕەنگە هەرگیز پرسیاریان لەسەریان نەکردنایە، ئەوەش دەبێتە هۆی ناڕەحەتی.
4. **بەدەستنەهێنانی ڕەزامەندیی ڕزگاربووەکە:** لە کاتێکدا مامی و دایکی ڕزگاربووەکە ڕەزامەندییان لەسەر چاوپێکەوتنەکە دەربڕیبوو، هیچ ئاماژەیەک نەبووە کە ڕزگاربووەکە خۆی ئامادە بوویێت یان ڕازی بوویێت بەشداری گفتوگۆیەکی لەو شێوەیە بکات. ڕەزامەندی تەنها لە لایەن کەسەکە خۆیەوە دەدرێت. بۆ منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی، دەبێت ڕەزامەندیی دایک و باوک یان سەرپەرشتیار وەربگیرێت، هەروەها دەبێت منداڵەکە خۆی ڕەزامەندیی فەرمی و نووسراو بدات.
5. **نەبوونی پشتگیریی دەروونی:** هیچ باسێک لەوە نەکرا کە ڕزگاربووەکە پێش ئەوەی چاوپێکەوتنی لەلایەن ڕۆژنامەنووسەکەوە لەگەڵدا بکرێت هیچ پشتیوانییەکی دەروونی وەرگرتووە یان نا. ئەم نەبوونی پشتگیرییە بۆشاییەکی گرنگ بوو، بە تایبەت بۆ کەسێک کە نیشانەکانی زەبرێکی دەروونیی توندی پێوە دیار بوو.
6. **کاریگەری لەسەر کارایی:** بێتواناییی ڕزگاربووەکە لە ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتییەکان و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕادەی کارابوونی زۆر دابەزیوە، ئەمەش هێمایەکی مەترسیی بەرچاو بوو کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕزگاربوو ئامادە نەبووە لەگەڵ میدیادا بکات.
7. **مەترسیی ئەگەری زیانپێگەیاندن:** بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەکان، ئەگەری بەبیرکەوتنەوەی ئەو یادەوەرییانەی ڕابردوو، مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکاندا و گێڕانەوەی ڕووداوە زەبربەخشەکان دەتوانن مەترسی زیانگەیاندنی کەسەکە بە خۆی یان دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی تر زیاد بکەن.
8. **نەبوونی ستراتیژەکانی بەرگەگرتن و چوارچێوەی پشتیوانی:** نەبوونی میکانیزمەکانی بەرگەگرتن و سیستەمی پشتیوانی پێش بەشداریکردن لەو چالاکیانەی دەشێت یادەوەرییە زەبربەخشەکان بورووژێنن پشتگیری ئەو ئەنجامە دەکات کە ڕزگاربووەکە ئامادە نەبووە بۆ ئەو چاوپێکەوتنە.

8 - Rubenfeld, Sheldon, and Susan Benedict, editors. Human Subjects Research After the Holocaust. Springer, 2014. ISBN 978- 3-319-05701-9. eBook ISBN 978-3-319-05702-6. DOI 10.1007/978-3-319-05702-6.

## ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووواندا

لە ئێستادا هیچ پابەندکردنێکی یاسایی نییە کە داوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات پێش کۆکردنەوە و بەدۆکۆمێنتکردن و هاوبەشپێکردنی چیرۆکەکانیان، ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە لە ڕزگاربووان وەربگرن. لە نەبوونی سیاسەتی ڕێکخراوەیی تایبەت یان ئەو ئەرکە یاساییانەی پیشەییەکانی وەک پارێزەر یان پزیشک دەگرێتەوە، بەگشتی هیچ لێپرسینەوەیەک نییە بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان بەتەواوی لە مافەکانیان و مەترسی و سوود و لایەنەکانی تری ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە یان مانادار تێدەگەن.

سەرەڕای ئەوەش، لە چوارچێوەی بەرکەوتنی ڕزگاربووان لەگەڵ میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنەکانی دیکە بۆ چالاکییە گشتییەکان، دەستەبەرکردنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە زۆر گرنگە. وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە لە کاتی بەشداریکردن لە چاوپێکەوتنەکان و یادکردنەوەکان، یان بۆنە گشتییەکانی تردا، ڕزگاربووان لە ئیستغلالکردن یان زیانپێگەیشتن دەپارێزێت.

ئەگەر کاتی پێویست نەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بە تەواوی، نابێت پەیوەندییەکە لەگەڵ ڕزگاربووەکە بەردەوام بێت. ڕوانین لە ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە وەک تەنیا بەربەستێکی ڕێکارانە، جۆرێکە لە بەهەڵەداچوون. بەڵکو ئەم کارە پێویستە وەک پراکتیزەیەکی بنەڕەتی سەیر بکرێت کە سەلامەتیی ڕزگاربووان لە ژینگە مەترسیدارەکاندا مسۆگەر دەکات و ئەزموونی گشتییان باشتر دەکات، چونکە دەبێتە هۆی کەمترین ئەگەری پەشیمانی یان ئەو زیانانەی دواتر لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی تەواو لەوەی بەشداریکردنی کەسەکان چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت درووست دەبن.

گرنگیشە لەبیرمان بێت کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە پرۆسەیەکی بەردەوامە. شتێک نییە تەنیا لە سەرەتاوە بەدەست بهێنرێت. لەبری ئەوە گرنگە کاتێک بڕیارە سەرەکییەکان دەدرێن، هەروەها ئەگەر بتوانرێت، پێش ئەوەی زانیارییەکانیان بڵاو بکرێنەوە، بەردەوام بێت لە گەڕانەوە بۆ ڕزگاربووان و پرس پێکردنیان. ئەگەر نەتوانرێت بکرێت، ئەوا پێویستە بەڕوونی وەک بەشێک لە پرۆسەکە ڕزگاربووان لەم بارەیەوە ئاگادار بکرێنەوە.

## پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بۆ ڕزگاربووان

1. **ئاشکراکردنی تەواو:** دەبێت هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە بەشداریکردنەکە بە ڕزگاربووان بدرێن، لەوانەش مەودای چاوپێکەوتنەکە، ئەو بابەتانەی باس دەکرێن، چۆن زانیارییەکان بەکار دەهێنرێن، لە کوێدا هاوبەشییان پێ دەکرێت یان بڵاودەکرێنەوە و ئایا دەتوانرێت دواتر لا ببرێن. هەروەها دەبێت ئەم ئاشکراکردنە ئەگەری هەر مەترسییەکی، ئێستا و داهاتوو، وەک نائارامیی عاتیفی، نیگەرانییەکانی پەیوەست بە نهێنیپارێزراویی کەسی، یان کەوتنەبەر گومانی خەڵک، لەخۆ بگرێت.

2. **تێگەیشتن:** زۆر گرنگە ڕزگاربوو لەو زانیاریانە تێبگات کە پێشکەش کراون. ئەم تێگەیشتنە پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆ یان ڕێگەی دیکەوە پشتڕاست بکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووەکە لە گرنگیی بەشداریکردنیان و سرووشتی ناوەڕۆکەکە و ئەو کاریگەرییانەی دەشێت بەشداریکردنەکەیان هەیبێت تێگەیشتووە. پێویستە کاتێکی پێویست بدرێت بە ڕزگاربووان بۆ ئەوەی بەبێ فشار بڕیاری خۆیان بدەن.

3. **ئارەزوومەنـدی:** دەبێـت ڕەزامەندیـی ئارەزوومەندانـە بدرێـت بەبـێ زۆرلێکـردن و هەڵخەڵەتانـدن، یـان بەکارهێنانی ناڕەوای کاریگەریی کەسـانی وەک چاوپێکەوتنکاران، سـینەماکاران، ڕێکخەرانی کۆنفرانسـەکان، یان کەسـانی دیکە. دەبێت ڕزگاربووان هەسـت بکەن کە دەتوانن لە هەر کاتێکدا بەشـدارییەکە ڕەت بکەنەوە یان لێی بکشێنەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەرئەنجامێکی نەرێنی لەم بڕیارەیان بکەوێتەوە.

4. **ڕەچاوکردنی توانا و تەمەن:** دەبێت بۆ توانای ڕەزامەندیدان تەمەنی ڕزگاربوو لەبەرچاو بگیرێت. بەگشتی منداڵانـی خـوار تەمەنـی یاسـایی لـە ڕووی یاسـاوە توانای ئەوەیـان نییە بـە تەنیـا ڕەزامەندی دەرببـڕن. بۆیە دەبێت ڕەزامەندی لە سەرپەرشتیاری یاسایی یان دایک و باوک وەربگیرێت و ڕەزامەندیی فەرمییش لە خودی منداڵەکەوە بە شـێوەیەک وەربگیرێت کە ئەو ڕەزامەندییە بۆ بەشـداریکردن لەبەرچاو بگیرێت. زۆر گرنگە دڵنیا بیت لەوەی سـەرپەرشـتیار بەتەواوی لە کاریگەرییەکانی بەشـداریکردن تێدەگات و لە بەرژەوەندیی منداڵەکە کار دەکات. بـۆ ڕزگاربووانـی پێگەیشـتوو کـە کاریگەریی گرفتە تەندروسـتییە دەروونییەکان یـان دواکەوتنی گەشـەکردنیان لەسـەرە، ڕەنگـە پشـتگیریی زیاتر پێویسـت بێت بـۆ ئاسـانکاریی تێگەیشـتنیان و دڵنیابوون لەوەی بە ڕاستی ڕەزامەندییەکەیان لە بەرچاوڕوونییەوە سەرچاوەی گرتووە یان نا.

5. **ڕێککەوتنـی ڕوون:** دەبێـت ڕەزامەندی بەڕوونی بەدەسـت بهێنرێت، باشترین شـێوە ئەوەیە بە نووسراو بێـت، بـەڵام بەلایەنـی کەمـەوە دەبێـت بـە شـێوەی زارەکـی وەربگیرێـت، هەروەهـا پێویسـتە ڕوون بێـت ڕزگاربووەکە ڕازییە بە چالاکییە تایبەتەکان و بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی کە باس دەکرێن.

6. **پرۆسـەی بـەردەوام:** ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانـە ڕووداوێکـی یەکجارەکـی نییـە بەڵکـو پرۆسـەیەکی بەردەوامـە. دەبێـت ڕزگاربـووان دەرفەتیـان هەبێـت چـاو بـە ڕەزامەندیدانەکـەی خۆیانـدا بخشـێننەوە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی زانیاریی نوێ یان لەگەڵ گۆڕانی ئاسـتی تێگەیشـتن یان ئاسـوودەییان. ئەمەش بە تایبەتی لە پڕۆژە درێژخایەنەکانی وەک فیلمی دۆکیومێنتاریدا گرنگە.

7. **هەسـتیاری کولتـووری و کۆنتێکسـتی:** دەبێـت پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانـە لەگـەڵ چوارچێـوەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسـیی ڕزگاربووەکەدا بگونجێت، بـە دڵنیابوون لەوەی بەربەستەکانی زمان، جیاوازییە وردە کولتوورییەکان و بارودۆخە کەسییەکان بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر دەکرێن.

8. کاتێـک داوای ڕەزامەندیـی ڕزگاربـووان دەکەیـت بـۆ بەشـداریکردنیان، بۆ بەدەسـتهێنانی ڕێنمایـی بڕوانە (پاشکۆی د) لیستی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە.

# پرۆسەی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە

پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانە لە ڕزگاربووان هەنگاوێکـی گرنگە بۆ دڵنیابوون لە مامەڵەکردنی ئەخلاقی و پاراسـتنی ماف و خۆشـگوزەرانیی ئەو کەسـانەی بڕیار دەدەن چیرۆکەکانیان هاوبەشی پێ بکەن. ئەم پرۆسەیە پەیوەندییەکی ڕوون، ڕێزگرتن لە توانای بڕیاردان لای ڕزگاربوو، لەگەڵ تێگەیشتنێکی ورد لە مەرجەکانی ڕەزامەندی لەخۆ دەگرێت. ئەوەی خوارەوە لیستێکی گشتگیرە کە بۆ ڕێنماییکردنـی پرۆسـەی ڕەزامەنـدی داڕێژراوە و ئامانج لێی دڵنیابوونە لەوەی بە شـێوەیەکی ڕێزدارانە و ڕوون بە هەبوونی پشتیوانییەوە بەڕێوە دەچێت.

### لیستی خاڵەکانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە:

پێش دانیشتن لەگەڵ ڕزگاربوو:

1. دڵنیابە لەوەی بەڵگەنامەی ڕەزامەندییەکە بە زمانێک بەردەستە ڕزگاربووەکە بەتەواوی لێی تێبگات.
2. ژینگەیەک درووست بکە تایبەت و ئارام بێت و لەبار بێت بۆ گفتوگۆیەکی کراوە؛ ژینگەیەک کەمترین ئەگەری هەستکردن بە ناڕەحەتی یان ترسی تێدا بێت.

### کاتی دانیشتن لەگەڵ ڕزگاربوو

1. دڵنیابە لەوەی بەڵگەنامەی ڕەزامەندییەکە بە زمانێک بەردەستە ڕزگاربووەکە بەتەواوی لێی تێبگات.
2. ژینگەیەک درووست بکە تایبەت و ئارام بێت و لەبار بێت بۆ گفتوگۆیەکی کراوە؛ ژینگەیەک کەمترین ئەگەری هەستکردن بە ناڕەحەتی یان ترسی تێدا بێت.
3. زمانێکی سادە و ڕاستەوخۆ بەکار بهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی فۆڕمی ڕەزامەندییەکە. دوور بکەوەرەوە لە زاراوەی تەکنیکی و بەپێی پێویست زاراوە ئاڵۆزەکان سادە بکەرەوە.
4. باسـی هەموو خاڵە سـەرەکییەکانی فۆڕمـی ڕەزامەندییەکە بکە، هانـی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی کارا بدە نەک وشـە بە وشـە بەڵگەنامەکە بخوێنیتەوە، چونکە دەکرێت ئەمە ببێتە هۆی سەرلێشـێواوی یان لەدەستدانی تەرکیز.
5. چالاکانە بانگهێشـتی ڕزگاربووەکە بکە بۆ پرسـیارکردن، کاتێکی زۆری بۆ دابین بکە بۆ ئەوەی بەدوای ڕوونکردنەوەدا  لەسەر هەر خاڵێک بگەڕێت کە لای ناڕوون بووە.
6. توانـای تێگەیـشتن بەرەوپێش بەرە بە پێشکەشـکردنی نموونە یان سـیناریۆی ژیانی ڕاسـتەقینە کە کاریگەرییەکانی هەندێک بەشـی فۆڕمی ڕەزامەندییەکە ڕوون بکەنەوە.  بیر لەوە بکەرەوە کە بابەت یان ڤیدیۆی کارەکانی پێشوو لەگەڵ ڕزگاربووان هاوبەشی پێ بکەیت بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونتر بدەیت لەسەر ئەوەی ڕزگاربووەکە چاوەڕوانیی چی بکات.
7. بەردەوام لە کاتی پێداچوونەوە بە زانیارییەکاندا بگەڕێرەوە بۆ ڕزگاربووەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی لە زانیارییە پێشکەشـکراوەکان تێدەگات. پرسـیار بکە ئایا پێویسـتییان بە کاتی زیاترە بۆ بڕیاردان یان هەر پرسـیارێکی دیکە کە دەشـێت هەیانبێت. ئەمە لە کاتی سەرەتای پرۆسەی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە و بە درێژایی کاتی بەردەوامبوونی بەشدارییەکە لەگەڵ ڕزگاربووەکەدا جێبەجێ دەکرێت.

8. دان بـەوەدا بنێـن کـە ڕەنگـە هەندێـک لـە ڕزگاربووان بـە ڕەزامەندیی نـووسراو ناڕەحـەت بن. بژاردەی ڕەزامەندیـی زارەکـی یـان ئەگـەر پێویسـت بـوو پەنجەمـۆر پێشـکەش بکـە، بـە تایبـەت ئەگـەر بابەتـی خوێندەواری گرفت بێت.
9. ڕزگاربووەکە ئاگادار بکەرەوە لە هەر خزمەتگوزارییەکی پشـتیوانی یان سـەرچاوەیەکی بەردەسـت کە دەتوانێت دەستی پێ بگات ئەگەر پرسیاری زیاتری هەبێت یان پێویستیی بە یارمەتیی زیاتر بێت.
10. باس لە ئامانجەکانی ڕزگاربوو بکە بۆ بەشـداریکردن، ئەو کێشـانەی دەشێت لە باسکردنی ڕووداوە زەبرەبخشەکانەوە درووست ببن، لەگەڵ ئایا هەندێک بابەت هەن بۆ ئەو سنووربەزاندنن.
11. کاتێک داوای چاوپێکەوتن دەکەیت، دەربارەی کات و شـوێنی دڵخوازی خۆیان پرسـیار لە ڕزگاربووەکە بکە. هەروەها بپرسـە ئایا حەز دەکەن کەسـێکی متمانەپێکراو لەگەڵیان بێت. پێش ئەوەی بپرسـیت حەز دەکـەن کـێ لـەوێ لەگەڵیـان بێـت، دڵنیابە لـەوەی ڕزگاربووەکە لـە ئەندامانـی خێزانەکەی یان کەسـانی دیکـەی ئامادەبـوو جیـا دەکەیتـەوە. ئەگەر نـا، ئەمە دەبێتە هـۆی ئـەوەی بیانخاتە دۆخێکەوە کـە ناچار بن لەبـەردەم کەسـانی تردا وەڵامی پرسـیارەکە بدەنەوە. ئەگەر ڕزگاربووەکە ئـارەزووی تەنیایی دەربڕی، بۆ ئەوکەسـەی لەگەڵیدایە ڕوون بکەرەوە کە ئەمە بەشـێکە لە پرۆسـەی کۆبوونەوە بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕزگاربووەکە. دڵنیابە لەوەی ئەو ئەندامی خێزانە لە گرنگیی ئەم ڕێکارە تێدەگات.
12. لە کاتی بەشـدارییەکەیاندا لەبارەی مافەکانیان ئاگاداریان بکەرەوە (بە وردی باسـی ئەوە بکە ئەگەر ڕایـان گـۆڕی چاوەڕێی چی بکەن و چی ڕوو دەدات، ئایـا دەیانەوێت پێش بڵاوکردنەوە زانیارییەکان ببینن، هەروەها ئەو فاکتەرانەی تر کە لە سەرەوە باس کراون).
13. ئەگەر کۆپییەکیان ویست بردنەماڵەوەی ئەو کۆپییە سەلامەت بوو، کۆپییەکی فۆڕمی ڕەزامەندی بۆ تۆمارەکانیان دابین بکە.
14. خاڵێکـی پەیوەنـدی لەنـاو ڕێکخراوەکـەدا دابیـن بکە و هانـی ڕزگاربووەکە بدە تا بۆ هەر پرسـیارێکی بەدواداچوون یان دەربڕینی هەر نیگەرانییەک پەیوەندییان پێوە بکات.
15. بیـر لـەوە بکـەرەوە نموونـەی دیاریکراو زیـاد بکەیت بۆ پرسـیارەکانی گفتوگۆکە، وەک پرسـیارکردن، "پێتوایە لەوانەیە کەسە نزیکەکانت ناڕەحەت بن بە دەرکەوتنت لە میدیاکاندا و باسکردنی ئەزموونەکانت پێـش و لـە کاتـی دیلبوونـت و دوای دیلبوونـت؟" ئـەم جـۆرە پرسـیارانە دەتوانـن یارمەتیـدەر بـن لـە هەڵسـەنگاندنی فشارە دەروونییەکان و ئامادەکردنی ڕزگاربووەکە بۆ ئەو کاردانەوانەی دەشێت لەلایەن کۆمەڵگاکەیانەوە ڕووبەڕووی ببنەوە.
16. بەوە کۆتایی بە پرۆسـەکە بهێنە کە پرسـیار لە ڕزگاربووەکە بکەیت ئایا پرسـیاری هەیە و پێویسـتیی بە کاتێکی زیاترە بۆ بڕیاردان یان نا.

بـۆ بینینـی نموونـەی ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیارییە ناسـێنەرەکان، بڕوانە (پاشـکۆی هـ) و بۆ بینینی نموونەی ڕەزامەندیی بۆ بەشـداریکردن لە چالاکییەکاندا بە دەرکەوتن لە میدیاکانیشـەوە، بڕوانە (هاوپێچـی و). پێویسـتە ئەندامانـی هاوپەیمانـی بۆقەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە ئـەم پاشـکۆیانە لەگەڵ دۆخ و چالاکییە دیاریکراوەکاندا بگونجێنن.

# پرۆتۆکۆڵی ڕێکخستنی ئەو داواکارییانەی تایبەتن بە بەشداریکردنی ڕزگاربووان

هیواداریـن ئەندامانـی هاوپەیمانـی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە پشـتگیری لـەم ئامرازنامـە بکـەن و بـۆ پشـتگیریکردن لە بەشـداریکردنی ڕزگاربـووان بەکاریانی بهێنن. هـەر ئەندامێک ئازادە بڕیار بدات چۆن ئەم ئامرازنامەیە جێبەجێ بـکات و پێشـنیار دەکرێت هـەر ئەندامێک پرۆتۆکۆڵـی ناوخۆیی خۆی بـۆ مامەڵەکردن لەگـەڵ داواکارییـەکان بـۆ پەیوەندیکردن لەگـەڵ ڕزگاربووواندا دابنێت. لە هەندێک حاڵەتـدا ئەندامێک دەتوانێت بڕیـار بـدات ئاسـانکاری بـۆ ئـەو جـۆرە داواکارییانە نـەکات، لـە هەندێک حاڵەتـی تریشـدا دەتوانێـت زۆرجار ئەو جـۆرە داواکارییانـە وەربگرێـت و وەڵامیـان بداتەوە. هیـچ ڕێگەیەکی "درووسـت" نییە بـۆ بەڕێوەبردنی ئەمە. لەگـەڵ ئەمەشـدا، پرۆتۆکۆڵـی خـوارەوە پرۆسـەیەکی پێشـنیارکراو دەخاتە ڕوو بـۆ وەرگرتـن و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانـی دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و دەرهێنەرانـی فیلمـە بەڵگەنامەییـەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییەکانی دیکە و حکومەتەکان و هەر کەسێکی دیکە کە داوای پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەکات.

پرۆتۆکۆڵەکە بە شێوەیەک داڕێژراوە پراکتیکی بێت و ئاسان بەڕێوە ببرێت بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ڕێکخراوە ناحکومییە ئەندامەکانی، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە سنووردارەکان. ئامانجی سـەرەکیی پرۆتۆکۆڵەکـە بریتییـە لـە ئامادەکردنـی ڕزگاربووان بـە هەموو زانیارییە پێویسـتەکان بـۆ بڕیاردانی بەرچاوڕوونانـە سـەبارەت بـە بەشـداریکردنیان و دڵنیابـوون لـەوەی پرۆسـەکانی بەشـداریکردنی ڕزگاربـووان ئەخلاقی و پاڵپشتیکەرن.

### وا باشترە دەکرێت کێ ئەم پرۆسەیە پەیڕەو بکات؟

- گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بە سەرۆکایەتیی لایەن/خاڵێکی سەرەکیی پەیوەندیکردن،
- ئەنجوومەنی ڕزگاربووانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە،
- ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، پێشنیار دەکرێت هەر یەکەیان لایەن/خاڵێکی سەرەکیی پەیوەندی بۆ وەرگرتنی داواکارییەکانی بەشداریکردنی ڕزگاربووان دابنێت.

**هاوپێچی هـ: ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیارییە ناسێنەرەکان**

**هاوپێچی و: ڕەزامەندیی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکاندا بە دەرکەوتن لە میدیاکانیشەوە**

### ئامراز/فۆڕمە پەیوەندیدارەکان (پاشکۆکان)

- فۆڕمـی داواکاریـی بەشـداریکردنی ڕزگاربـووان (پاشـکۆی أ لەسـەر ئۆنلایـن) لیسـتی ڕادەی ئامادەییـی ڕزگاربووان (پاشکۆی ب)
- لیستی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە (پاشکۆی ج)
- فۆڕمی فیدباک لەسەر چالاکییەکان (بۆ ڕزگاربووان) (پاشکۆی و)
- فۆڕمی فیباک لەسەر چالاکییەکان (بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە/ ئەندامانی) (پاشکۆی ح)

## هەنگاوی یەکەم: کۆکردنەوەی زانیاری

کاتێـک داواکارییـەک وەردەگیرێـت، دەبێـت خاڵـی سـەرەکیی پەیوەنـدی لـە هاوپەیمانـی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە یـان ئەندامـی ڕێکخـراوە ناحکومییەکـە لینکـی فۆڕمـی داواکاریـی بەشداریکردنی ڕزگاربووان بۆ داواکارەکە بنێرن. ئەم فۆڕمە بەکار دێت بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوونێکی سـەرەتایی بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەوەی ئایا داواکارییەکـە بەباشـی بەرچاوڕوونیـی دەدات و لـە ڕووی ئەخلاقییەوە ئەوەندە درووستە کە بیر لە بەشداریکردنی کەسێکی ڕزگاربوو بکرێتەوە.

## هەنگاوی دووەم: ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی

کاتێک داواکار فۆڕمەکە پڕ دەکاتەوە، ئەو کەسەی خاڵی سەرەکیی پەیوەندییە بووردی پێیدا دەچێتەوە تا گونجاوی و پابەندبوونی ئەخلاقیی داواکارییەکە هەڵبسەنگێنێت. ئەگەر داواکارەکە نەگونجاو دەرکەوت، یان بە بەڵگەوە مێژوویەکی لە ڕەفتاری نائەخلاقی هەبوو، دەتوانێت ئەو کەسەی خاڵی سەرەکیی پەیوەندییە بیر لە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە بکاتەوە.

ئەم بڕیارە ئامانجی دڵنیابوونە لە درووستی و سەلامەتیی پرۆسەکە پێش ئەوەی بچێتە پێشەوە و هیچ ڕزگاربوویەک بەشداریی تێدا بکات. ڕەنگە ڕزگاربووان بانگهێشت بکرێن بۆ ڕاوێژکاریی تاکەکەسی یان بەگرووپ، کە هەریەک لەم ڕاوێژکارییانە دەکرێت کاریگەرییەکانیان سوودبەخش بێت یان زۆر نموونەیی نەبێت. گرنگە تێبگەین ئایا ئەو کەسەی داوای ڕاوێژکاریی لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەکات دەیەوێت بە شێوەیەکی تایبەت لە کۆبوونەوەیەکی تاکەکەسیدا لەگەڵیاندا کۆ ببێتەوە یان لەگەڵ چەند ڕزگاربوویەک پێکەوە لەگەڵیان کۆ ببێتەوە. دوای تێگەیشتن لەمە، دەبێت لەگەڵ ڕزگاربووان باس لە بابەتەکە بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی خۆیان کاریگەرییەکانی بەشداریکرنیان لەبەرچاو دەگرن.



وێنەکە ڕزگاربووێک نیشان دەدات کە پاڵپشتی تەندروستی دەروونی وەردەگرێت، ڕوونی و هیوا هێواش هێواش جێگەی تاریکی و خەمۆکی دەگرێتەوە بۆی.

## ڕاوێژکاریی تاکەکەسیی ڕزگاربووان

سـوودە ئەگەرییەکانی ڕاوێژکاریی تاکەکەسی: تایبەتمەندی، نهێنیپارێزی، شوێن بۆ قسەکردن بەبـێ پچـڕان، هەسـتکردن بـە سـەلامەتی و کەمبوونـەوەی ئەگـەری بڕیاربەسـەرددان لەلایـەن هاوتەمەنەکان/ئەندامانی کۆمەڵگەوە.

لـە کاتـی باسـکردنی بابـەت و ئەزموونـە هەسـتیارەکاندا، ڕاوێژکاریـی تاکەکەسـی پانتاییـەک بۆ ڕزگاربـووان دەڕەخسـێنێت کـە لە کاتی هاوبەشـپێکردنی زانیاری و بە وردیـی دەربڕینی خۆیاندا هەست بە سەلامەتی بکەن. لەوانەیە ئامادە بن شتێک بڵێن کە لە ئەگەری هەبوونی کەسانی تر لە ژوورەکەدا، لەنێویاندا ڕزگاربووانی تر، ئامادە نەبوونایە بیاندرکێنن.

کەموکوڕییـە ئەگەرییەکانـی ڕاوێژکاریـی تاکەکەسـی: هەسـتکردن بـە گۆشـەگیری، دڵەڕاوکێ، کەمبوونەوەی متمانە. ڕەنگە ڕزگاربووان هەست بە ئاسوودەییی زیاتر بکەن ئەگەر ڕزگاربووانی دیکە، بە تایبەت ئەوانەی دەیانناسن، لە ژوورەکەدا لەگەڵیان بن. هەروەها کاتێک ڕزگاربووان وەک گرووپێک باسی گرفتەکان دەکەن و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەکەن، دەشێت ئەمە ببێتە هۆی وەرگرتنی زانیاریی وردتر یان هەمەجۆرتر.

## ڕاوێژکاریی ڕزگاربووان بە گرووپ

سـوودە ئەگەرییەکانـی ڕاوێژکاریـی بەگرووپ یان بەکۆمـەڵ: ڕێگە بە ڕزگاربـووان دەدات کە خەم و ئەزمـوون و بیرۆکـە و چارەسـەرەکانیان بەیەکـەوە بـاس بکـەن، هەروەهـا یارمەتیـی ڕزگاربووان دەدات کەمتر هەسـت بە گۆشـەگیری و تەنیایی بکەن. ئەم جۆرە ڕاوێژکارییە دەتوانێت پانتاییی گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگاکانی ئەو گرووپانەی ڕزگاربوواندا درووست بکات کە لە کاتی ئاسایی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر نییە.

لـە کاتـی ئەنجامدانـی ڕاوێژکاریی بەکۆمەڵدا، زۆر گرنگە هەندێک یاسـای بنەڕەتـی دابنرێن وەک داواکردنـی ئەوەی هاوبەشـکردنی هەموو زانیارییەکان و بەشـداریکردنی ڕزگاربووان بە نهێنی بهێڵرێتەوە؛ پانتاییی گفتوگۆکە بێ بڕیاربەسەرددان بێت و هەمیشە ئاگاداری گرنگیی ئەوە بن کە دەرفەتی پێویسـت بە هەموو ڕزگاربووان بدرێت بۆ بەشـداریکردن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا فشار نەخرێتە سەر ڕزگاربووان بۆ قسەکردن، ئەمە لە حاڵێکدا ئەگەر ئامادە نەبوون قسە بکەن.

## هەنگاوی سێیەم: هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی

پێویستە ئەو کەسەی خاڵی سەرەکیی پەیوەندییە بەپێی پێویست ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوەکەیان یان خاڵی سەرەکیی پەیوەندی لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بکات بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی. پرۆسەی بڕیاردان لە ناوخۆدا دەمێنێتەوە بەوەی هەر ڕێکخراوێک ڕێکارەکانی خۆی دیاری دەکات.

هەرچەندە زۆر گرنگە کە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی خۆیان لەوە بەدوور بگرن وەک پاسەوان دەربکەون، ئەمەش بەوەی دواجار بڕیاری هەڵبژاردنی بەشداریکردن لە بۆنە یان چاوپێکەوتنەکاندا بدەنە دەست ڕزگاربووان خۆیان، هەندێک بارودۆخ هەن کە ڕەنگە پێویست بێت بەبێ ڕاوێژکردن بە ڕزگاربووان بڕیاریان تێدا بدرێت، وەك:

- داواکار مێژووی مامەڵەی نائەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربوواندا هەیە.
- داواکار بە شێوەیەکی بەرچاو پراکتیزەکانی مامەڵەی ئەخلاقی پشتگو خستووە.
- داواکار ئەزموونی نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربوواندا و هیچ ئارەزوویەکی پابەندبوونیشی بە ڕێنماییە ئەخلاقییەکانەوە نیشان نادات.
- داواکارییەکە مەترسییەکی ئاشکرا لەسەر سەلامەتی و خۆشگوزەرانیی ڕزگاربووان درووست دەکات.

### کەیسێکی گریمانەیی – ڕەتکردنەوەی داواکارییەکی میدیایی

ڕۆژنامەنووسێک لەم دواییانەدا پەیوەندی بە (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)وە کردووە بۆ ئەوەی داوای پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕزگاربوویەکدا بکات کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە سووریا گەڕاوەتەوە. ڕۆژنامەنووسەکە مەبەستی بووە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربووەکەدا بکات سەبارەت بە دیلبوونی و دواتر گەڕانەوەی بۆ عێراق. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کە ئاشنای ڕزگاربووەکە و خێزانەکەیەتی، بڕیاری دا ئاسانکاری بۆ چاوپێکەوتنەکە نەکات، وەک هۆکاری ئەم بڕیارەش ئاماژەی بەوە دا کە ڕزگاربووەکە تازە و دوای چەندین ساڵ لە دیلێتی گەڕاوەتەوە و ئێستا ئامادە نییە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەزموونەکان (بڕوانە پاشکۆی ب، ڕادەی ئامادەییی ڕزگاربووان).
خاڵ/لایەنی سەرەکیی پەیوەندی لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بۆ ڕۆژنامەنووسەکەی ڕوون کردووە کە بۆچی لەم کاتەدا پەیوەندیکردن بە ڕزگاربووەکەوە نەگونجاو بووە. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ئەم مامەڵەیەی وەک دەرفەتێک بەکار هێنا بۆ پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووسەکە لەسەر سیاسەتەکانی هاوپەیمانێتییەکە و ڕێنماییە ئەخلاقییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیدا، بەوەی جەختیان لەسەر گرنگیی ڕێزگرتن لە پرۆسەی چاکبوونەوەی ڕزگاربووەکە کردەوە.



ئەم وێنەیە، لە وێنەی ڕاستەقینەی ڕزگاربوویەک وەرگیراوە، وێنەکە تەرازووی دادپەروەری نیشان دەدات کە مافی خەڵک بۆ زانین، لەگەڵ خۆشگوزەرانی ڕزگاربووان، هاوسەنگ دەکات.

## هەنگاوی چوارەم: پەیوەندیکردن بە ڕزگاربووانەوە

ئەگەر داواکارییەکە پەسەند کرا، پێویستە خاڵ/لایەنی سەرەکیی پەیوەندیی نێوان لایەنەکان لە ڕێگەی تـۆڕە گونجاوەکانـەوە پەیوەندی بە ڕزگاربووانەوە بکات، زانیاریی وردیان لە فۆڕمە پڕکراوەکەوە پێ بدات. دەبێت ئەو ڕزگاربووانەی ئارەزووی خۆیان بۆ بەشداریکردن دەردەبڕن، پرۆسەی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە ئەنجام بـدەن، کـە لەلایـەن ئەو لایەنـەی بەشـداریکردنەکە بەڕێـوە دەبات ئاسـانکاری بـۆ دەکرێـت، وەک گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یان یەکێک لە ڕێکخراوە ئەندامەکانی.

ئاسانکار (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یان ڕێکخراوی ئەندام تێیدا) هان دەدرێت باس لـە وەرگرتنـی ڕەزامەنـدیـی بەرچاوڕوونانـە لەگەڵ داواکاردا بکات و بە هاوبەشـی لەگـەڵ ڕزگاربووەکە بە پرۆسـەکەدا تێپەڕێت. ئەگەر نەتوانرێت پرۆسـەیەکی هاوبەش جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێـت هاوپەیمانی بـۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە یان ڕێکخـراوی ئەندام خۆیان ڕاسـتەوخۆ ڕەزامەنـدیـی بەرچاوڕوونانە لـە ڕزگاربووەکـە وەربگـرن بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی سـەبارەت بـە دەرفەتـی بەشـداریکردنەکە بەتـەواوی بەرچاوڕوونییان دەدرێتێ.

جگە لەمەش، بۆ ئەو ڕزگاربووانەی ئەزموونی قسەکردن لەبەردەم خەڵکیاندا نییە، پێویستە ئەو کەسەی خاڵـی سـەرەکیی پەیوەندییەکەیـە، لیسـتی ئامادەیـی بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئامادەیـی ڕزگاربووەکـە بـەکار بهێنێت. هـەر نیگەرانییەک بەرانبـەر ئامادەییی ڕزگاربووەکە هەبێت، پێویسـتە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ ڕزگاربووەکـەدا بـاس بکرێـت. لەبیـرت بێت کە ڕەنگـە ئامادەیی کەسـەکان بەهۆی بارودۆخی کەسـی و تەندرووستی و بارودۆخی ترەوە بگۆڕێت.

### ڕێنمایی

بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕۆڵی تۆ وەک پێشکەشـکاری خزمەتگـوزاری و پەیوەندییەکەت لەگەڵ ڕزگاربووەکـەدا، ئـاگاداری ئەگـەری هەبوونـی فشـاری نەخـوازراو بـە لەسـەر ڕزگاربووەکە بـۆ بەشـداریکردنیان. زۆر گرنگـە دڵنیا بیـن لـەوەی ڕزگاربـووان تێدەگەن کە ناچار نەکراون بەشـداری بکەن و ڕەتکردنـەوەی دەرفەتێک هیچ دەرئەنجامێکـی نەرێنی لێ ناکەوێتەوە. ئـەم هۆشـیارییە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ پاراسـتنی ئەمانەتـی ئەخلاقـی لـە پرۆسـەی بڕیاردانیانـدا. یەکێـک لـە باشتریـن کارەکان ئەوەیـە ئەندامێکـی تـری سـتافی ڕێکخراوەکە بەشـێک بێـت لە پرۆسـەکە. دەکرێت هەبوونـی ئـەو پێشکەشـکاری خزمەتگوزارییەی لە ڕووی سـەلامەتی و متمانـەوە بپشـتگیریی ڕزگاربووەکـە کـردووە سـوودبەخش بێـت، بەڵام ئاگادار بن کە دەشکرێت کاریگەریی لەسەر بڕیاری ڕزگاربووەکە هەبێت.

## ڕێنمایی سەبارەت بە پاداشتی مادی

پێشکەشکردنی پاداشتی مادی بە ڕزگاربووان بۆ چاوپێکەوتنی میدیایی وەک کارێکی نائەخلاقی دانی پێدا نراوە. لە میدیاکاندا ڕێنماییە ئەخلاقییەکان بەرانبەر بە پارەدان بە سەرچاوەی زانیارییەکان لە پێویستیی پاراستنی متمانە و بابەتیبوونی ڕۆژنامەگەرییەوە سەرچاوەیان گرتووە. پارەدان بە سەرچاوەی زانیارییەکان دەتوانێت هانی ئەو کەسانە بدات گێڕانەوەی هەستیار یان لایەنگرانە پێشکەش بکەن، ئەمەش سازش لەسەر ئەمانەتی هەواڵەکان دەکات و ئەگەری هەیە ببێتە هۆی گەیاندنی شێواو یان ناڕاستی هەواڵ و زانیاری. بەڵام ڕۆژنامەنووسان دەتوانن تێچووی پێویستی گەشتەکە دابین بکەن ئەگەر پێویستییان بەوە لە شوێنی ڕووداوەکە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربوواندا بکەن بەڵام بەبێ ئەوەی لە بەرانبەر وتەکانیاندا پاداشتی مادییان بدەنێ.

لە بابەتی خەرجیی ڕۆژانەدا، کە بە شێوەیەکی گشتی گواستنەوە و تێچووی خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە، زۆر گرنگە بارودۆخەکە لەبەرچاو بگیرێت. زۆرجار ڕۆژنامەنووسان دەچنە ئەو شوێنەی ڕزگاربووان تێیدا دەژین، بەڵام ڕەنگە ئەمە سەرنجی ناپێویست بۆ ڕزگاربووان ڕابکێشێت و گرنگە بژاردەیەک بدرێت بە ڕزگاربووەکە سەبارەت بەوەی پێی خۆشە لە کوێ بە شێوەیەکی تایبەت چاوپێکەوتنەکە بکات. زۆرجار ڕێکخراوە ناحکومییەکان بانگهێشتی ڕزگاربووان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس یان گرووپەکانی گفتوگۆی چڕ، کە زۆر جار تێچووی ڕۆژانەیان تێدا دابین دەکرێت. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، پێشکەشکردنی خەرجیی ڕۆژانە دڵنیایی ئەوە دەدات بە ڕزگاربووان کە تێچووی گەشت و شوێنی نیشتەجێبوون و هەر خەرجیەکی دیکە بۆ بەشداریکردنیان دابین کراوە.

بەڵام لەو بارودۆخانەدا کە پێویستە ڕزگاربووان گەشت بکەن یان لە شوێنی کارەکەیان کاتژمێری کارکردن لەدەست بدەن بۆ بەشداریکردنیان لە ووۆرکشۆپ یان کۆنفرانسەکان، هانی ئەوە دەدرێت قەرەبووکردنەوەی کرێی لەدەستچووی ڕزگاربووان لە شوێنی کارەکەیان پەیڕەو بکرێت. ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی بەشداربووان بەهۆی بەشداریکردنیانەوە لە ڕووی داراییەوە بێبەش نابن. سەرەڕای ئەوەش، بۆ ئەو ڕزگاربووانەی کارێکی بێمووچە دەکەن، وەک ئەرکی ماڵەوە، قەرەبووکردنەوەی مادیی ئەو کاتەی لە بەشداریکردنیان لە بۆنە و چالاکییەکاندا بەسەریان بردووە گرنگە بۆ دانان بە بەشداری و هەوڵەکانیاندا.

پەیوەندیی شەفاف سەبارەت بە هۆکار و مەرجەکانی ئەم قەرەبووکردنەوەیە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ئەمانەتی پرۆسەکە، چونکە دڵنیایی دەدات لەوەی هەموو لایەنەکان تێدەگەن کە ئەمە هاندەرێک نییە بۆ گۆڕینی وتەکانیان یان ئەزموونەکانیان، بەڵکو دانپێدانانە بە بەشدارییە بەنرخەکانیان.




ئەم وێنەیە وێنەی ڕاستەقینەیە ژنانی یەزیدی دەردەخات کە لە بۆنەی بەغداد بۆ C4JR دەدوێن، لە یادی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای ژنانی ڕزگاربووی ئێزدی.

## هەنگاوی پێنجەم: پاڵپشتی بۆ ئامادەکردنی ڕزگاربووان بۆ بەشداریکردن

پێشکەشکردنی پشتگیری پێویست بۆ ئەو ڕزگاربووانەی بەشداریکردن هەڵدەبژێرن. ئەمە لەوانەیە ئامادەکردنی ئەو خاڵانە لەخۆ بگرێت کە ڕزگاربووان قسەیان لەسەر دەکەن، لەگەڵ پرۆڤەکردن، ڕێکخستنی لۆجستیک و پێشکەشکردنی پشتگیریی سۆزداری.

دەتوانرێت بەشداریکردنی ڕزگاربووان لە چاوپێکەوتنی میدیایی و بۆنە گشتیەکان، یان کۆنفرانسەکاندا لە ڕێگەی ڕاهێنانپێکردن و ڕێبازەکانی ڕاهێنەرایەتیکردنەوە ئاسانکاری بۆ بکرێت، کە بەپێی پێداویستی و بارودۆخی تاکەکەسی هەر ڕزگاربوویەک دەگونجێندرێن. لە کاتێکدا مەرج نییە بەرنامە فەرمییەکانی ڕاهێنان بەهۆی کەمی سەرچاوەکانەوە بەردەست بن، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی دەتوانن بۆ یارمەتیدانی ڕزگاربووان بۆ ئامادەکارییەکی کاریگەر پشتگیریی کەسی پێشکەش بکەن . لە خوارەوە چەند بژاردەیەک بۆ ئامادەکردنی ڕزگاربووان بۆ چاوپێکەوتن و بۆنە گشتیەکان دەخەینەڕوو.

**کۆبوونەوەی ڕاهێنانی گونجێندراو بەپێی کەسەکان:** دانیشتنی ڕاهێنەرایەتی تاکەکەسی بۆ ڕزگاربووان دابین دەکەن کە ئامانج لێیان دروستکردنی متمانە و بەرزکردنەوەی تواناکانی پەیوەندیکردن و چارەسەرکردنی نیگەرانییە تایبەتەکانی پەیوەست بە چاوپێکەوتنی میدیایی یان بەشداریکردن لە قسەکردن لەبەردەم خەڵکدایە. دەکرێت ئەم دانیشتنانە بەپێی ئاستی ئەزموون و ئاستی ئاسوودەیی ڕزگاربووەکە دابڕێژرێن.

**دەرفەتەکانی ڕاهێنەرایەتی:** کۆکردنەوەی ڕزگاربووان لەگەڵ داکۆکیکارانی بە ئەزموون یان ڕاهێنەرانی وەک ڕزگاربووانی بە ئەزموونتر کە دەتوانن ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پشتگیری بە درێژایی پرۆسەی ئامادەکارییەکە پێشکەش بکەن. ڕاهێنەران دەتوانن ئەزموونەکانی خۆیان لەگەڵ ڕزگاربووەکەدا باس بکەن، ئامۆژگاریی پراکتیکییان پێشکەش بکەن، هەروەها وەک سەرچاوەیەکی هاندان بۆ ڕزگاربووان کە تازە دەچنە بواری بەشدارییە گشتیەکانەوە، ڕۆڵ بگێڕن.

**پراکتیزەکردنی چاوپێکەوتنی ساختە:** ئەنجامدانی کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنی ساختە کە تێیدا ڕزگاربووان دەرفەتی ڕاهێنانیان هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئەگەرییەکان، ڕوونکردنەوەی پەیامەکانیان، لەگەڵ وەرگرتنی سەرنجی بنیاتنەر لە ژینگەیەکی پاڵپشتیکەردا. ئەم دانیشتنانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و دروستکردنی متمانە پێش چاوپێکەوتنە ڕاستەقینەکانی میدیا یان بۆنە گشتیەکان.

**هاوبەشکردنی سەرچاوە و ڕێنمایی:** سەرچاوەکان دابین بکە بۆ ڕزگاربووان، وەکو کەرەستەی زانیاری، ئامرازنامە، یان نموونەی دەقی چاوپێکەوتن، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەیت باشتر لە جیهانی میدیا تێبگەن، لە ڕەچاوکردنە ئەخلاقییەکان بکۆڵنەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر خۆیان بۆ بەشداریکردنەکانیان ئامادە بکەن. ڕێنماییان پێشکەش بکە لەسەر ئەو بابەتگەلە سەرەکییانەی دەتوانن باسیان بکەن، لەگەڵ ڕێگەکانی ڕێکخستنەوەی گێڕانەوەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و بەهێز. دڵنیابوون لەوەی دەستیان بەم سەرچاوانەی ڕادەگات، لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی خوێندن گونجاون و بەو زمانانە بەردەستن کە ڕزگاربووان لێیان تێدەگەن.

**بژاردەی پشتگیریی نەرمونیان:** ئەو پێداویستی و بەربەستە جۆراوجۆرانە بناسە کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبنەوە و بژاردەی پشتگیریی نەرمونیان پێشکەش بکە کە خشتەی کاتەکانیان ئارەزووەکانیان و بەردەستبوونیان لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ڕەنگە دانیشتنی ڕاهێنانی ئۆنلاین لەخۆ بگرێت.
هاندان و بەهێزکردن: هاندانی بەردەوام، دووپاتکردنەوە و چەسپاندن پێشکەش بە ڕزگاربووان بکە لەکاتێکدا بە پرۆسەی ئامادەکاریدا دەڕۆن. بەهێزی و خۆڕاگری و بوێرییان لە هاوبەشکردنی چیرۆکەکانیان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان بەرز ڕابگرە. هێز بە ڕزگاربووان بدە تا سنوورەکانیان دووپات بکەنەوە و پێداویستییەکانیان دەرببڕن و بڕیاری بەرچاوڕوونانە سەبارەت بە بەشداریکردنیان بدەن.

## ڕێنمایی بەڕێوەبردنی دیدگا جیاوازەکان

ڕەنگە بۆچوونی ڕزگاربووان جیاواز بێت لە هەڵوێستێک کە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و/یان ئەندامەکانی دەیگرنەبەر، وەک بنەما جێگیرەکانی هاوشێوەی "هیچ زیانێک مەگەیەنە". بەڵام زۆر گرنگە بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی کە بە هەستیارییەوە ئەم دۆخانە بەڕێوە ببەن. زۆرجار هۆکاری درووست هەیە بۆ ئەوەی بۆچی ڕەنگە ڕزگاربووان هەڵوێستی بەهێزی وایان هەیە کە لەگەڵ مافە مرۆییە پەسەندکراوەکان لەسەر ئاستی جیهان و بنەما ڕزگاربوو-سەنتەرییەکان هاوتەریب نین. بۆ نموونە، بەشێکی زۆر لە ڕزگاربووان لە عێراق بە توندی هەست دەکەن لێکۆڵینەوە تاوانکارییە بەزۆرەکان وەک بەشێک لە پرۆسەی قەرەبووکردنەوە لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە کەیسە ساختەکان. لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی ڕێبازی "هیچ زیانێک مەگەیەنە" و ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەرییە، بەڵام لەوە تێدەگەین کە ڕزگاربووان مەبەستیانە ڕێکارەکانی دادگا لە ئیدیعای درۆ بپارێزن.

ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ڕێنمایی و چاوەڕوانییە ڕوونەکان جێگیر بکرێن، ئەمە ڕێگەخۆشکەر دەبێت، بەوەی دڵنیایی دەدات لەوەی ڕزگاربووان ئاگاداری بەهاکانی ڕێکخراوەکە و مودای داکۆکیکردنین. درووستکردنی جێیەکی سەلامەت بۆ گفتوگۆی کراوە ڕێگە بە ڕزگاربووان دەدات بەبێ ترس لە بڕیاربەسەردادان بۆچوونەکانیان دەرببڕن، لە کاتێکدا گوێگرتنی هاوسۆزانە یارمەتیدەرە بۆ دانان بەو زەبرە دەروونییەی لە پشت بۆچوونەکانیانەوەیە. پەروەردەکردنی ڕزگاربووان لەسەر کاریگەرییە فراوانەکانی هەندێک هەڵوێست سوودبەخش دەبێت، وەک پشتگیریکردنی لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان یان سزای لەسێدارەدان بۆ تاوانبارانی داعش. لەو حاڵەتانەدا کە ڕزگاربووان لەبەردەم خەڵکدا بە ئاشکرا بۆچوونەکانیان دەر دەبڕن و بە شێوەیەکی بەرچاو دژ بە بۆچوونەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و/یان ئەندامانەکانی دەوەستنەوە، زۆر گرنگە بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخانەدا بکرێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی و هەستی بێدەنگکردن یان شەرمەزارکردنیان لا درووست نەبێت. پێشکەشکردنی پلاتفۆرمی بەدیل کە ڕزگاربووان دەتوانن بە ئازادی خۆیان دەرببڕن- وەک مەکۆ داخراوەکان یان گروپەکانی پشتیوانی- دەتوانێت دڵنیایی ئەوە بدات کە دەنگی ڕزگاربووان دەبیسترێت بەبێ ئەوەی سازش لەسەر هەڵوێستی گشتی ڕێکخراوەکە بکرێت. لە کۆتاییدا مافی ڕزگاربووەکانە بە ئازادی بۆچوونەکانیان دەر ببڕن، بەو تێگەیشتنەی کە ڕەنگە بۆچوونەکانیان لە خەڵکی دیکە جیاواز بن و ئەمەش شتێکە مایەی تێگەیشتنە.

هەروەها تێرامانی بەردەوام لەسەر سیاسەتەکانی بەشداریکردن و نەرمونیان لە جێگیرکردنی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان زۆر گرنگە. ڕاوێژکاری لەگەڵ پسپۆڕانی تەندروستیی دەروونی دەتوانێت پشتگیری زیاتر پێشکەش بە ڕزگاربووان بکات و یارمەتی نەرمکردنەوەی تێڕوانینە توندڕەوەکان بدات کە کاریگەریی زەبری دەروونییان لەسەرە. ئەم ڕێبازە نەک هەر ڕێز لە سەربەخۆیی ڕزگاربووان دەگرێت، بەڵکو سەرڕاستیی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و/یان ئەندامەکانی دەپارێزێت و هاوسەنگییەکی ناسک لە نێوان دەربڕینی تاکەکەسی و ئامانجەکانی داکۆکیکردنی بەکۆمەڵدا درووست دەکات.

## ئاسانکاریی بۆ چاوپێکەوتن یان ڕاوێژکاری

هەندێـک جار، هاوپەیمانـی بۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانە یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان نـەک تەنیا داوایان لێ دەکرێت ڕۆژنامەنووسـان بە ڕزگاربووان ببەسـتنەوە بەڵکو ئاسانکاری بۆ چاوپێکەوتن/ ڕاوێژکارییش بکەن. لەم حاڵەتەدا پێویستە پرۆسەکە بەوردی پلانی بۆ دابنرێت و ڕێک بخرێت، هەروەها هەموو پێداویستییەکانی ڕزگاربووان لەبەرچاو بگیرێت. جگە لە پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەی کە لەم ئامرازنامەیەدا هاتووە (کۆکردنەوەی زانیـاری لـە داواکار، هەڵسـەنگاندنی ڕادەی ئامادەییـی ڕزگاربـووان، هەروەهـا بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانە)، لە خوارەوە هۆکاری زیاتر دەخەینەڕوو کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن.

### پێش چاوپێکەوتن/ڕاوێژکارییەکە:

ڕاوێژ بە ڕزگاربووان بکە سەبارەت بەوەی دەیانەوێت (کات، شوێن، وردەکارییەکانی بەشداربووان). دڵنیا ببەرەوە لەوەی دەتوانرێت ڕاوێژکارییەکە لە ژینگەیەکی سەلامەت و نهێنیدا ئەنجام بدرێت. ئەگەر پێویست بوو، دڵنیا ببـەرەوە لـەوەی هەمـوو تێچوونەکانی پەیوەسـت بە بەشـداریکردنی ڕزگاربـووان دابین دەکرێـن. ئەگەر ئەمە پێویسـت نەبوو، هەر کێشـەیەکی ئەمنیی ئەگەری چارەسـەر بکە، لەوانەش ئاسـانکاری بۆ چوونەژوورەوە لە خاڵەکانی پشکنینەوە و چوونەژوورەوە بۆ هەندێک پارێزگای دیاریکراو / هەرێمی کوردستانی عێراق / عێراقی فیدراڵی.

تێگەیـشتن لـەو کاتـەی ڕزگاربـووان پێویسـتیانە و دڵنیابـوون لـەوەی کاتـی پێویسـتیان لەبەردەسـتدایە بـۆ هاوبەشـکردنی زانیارییەکانیـان، لـە هەمـان کاتـدا، تێگەیـشتن لـەوەی ڕەنگە هەندێـک لە ڕزگاربـووان بەهۆی ئەرکەکانـی خێزانـەوە یـان بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە لێپرسـینەوە لەلایـەن کۆمەڵـگە یـان خێزانەکەیانـەوە بپارێـزن پێویستییان بەوە بێت زوو بڕۆن.

### لە ڕۆژی چاوپێکەوتن/ڕاوێژکارییەکەدا:

ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە لەسـەر بنەمای ئەم ئامرازنامەیە بەدەست بهێنە. بەبیری ڕزگاربووانی بهێنەرەوە کە بەشـداریکردنیان ئارەزوومەندانەیە و دەتوانن لە هەر کاتێکدا ڕەزامەندیدانەکەیان هەڵبوەشـێننەوە. ئەگەر کرا، دڵنیابەرەوە لەوەی پسپۆڕانی تەندروستیی دەروونی گونجاو بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان پێش و لە کاتی و/یان دوای ڕاوێژکارییەکە ئامادەن. ئەگەر ڕزگاربوو پێی باش بوو، پسپۆڕانی تەندرووستیی دەروونی دەتوانن بەشداریی ڕاوێژکارییەکە بکەن یان لە کاتی داواکردنیاندا ئامادە بن.

وێنەی چاوپێکەوتن/ڕاوێژکارییەکە مەگرن یان بڵاوی مەکەنەوە و داوا بکەن کە ڕزگاربووانی تر بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیـی بەرچاوڕوونانە وێنەی بەشـداربووان نەگرن یان بڵاوی بکەنەوە. بڕوانە (پاشـکۆی هـ)، ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیارییە ناسێنەرەکان.

### دوای چاوپێکەوتن/ڕاوێژکارییەکە:

سوپاسـی ڕزگاربووەکە بۆ بەشـداریکردنیان بکە و داوای فیدباکیان لەسەر چاوپێکەوتن یان ڕاوێژکارییەکە بکە. ئەگەر پەیوەندیدارە، بەدواداچوون لەگەڵ ڕزگاربووەکەدا بکە بۆ هاوبەشکردنی وتارە بڵاوکراوەکان و ڕاپۆرتەکان و چاوپێکەوتنە ڤیدیۆییەکان، وەک ئەوەی لە کاتی پرۆسـەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانەدا لەسـەری ڕێک کەوتوون.

## دەستتێوەردان لە کاتی درووستبوونی گرفتی ئەخلاقیدا

ئەگەر هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ڕێکخراوە ئەندامەکانی تێبینی کردەی نائەخلاقی لەلایەن میدیا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، یان لایەنە کاراکانی دیکەوە بکەن، گرنگە دەستوەردان بکەن و بێنە دەنگ. زۆر بارودۆخ هەن کە تێیاندا داکۆکیکارێکی ڕزگاربووان تێبینی ئەو وێنانە دەکات کە بەبێ ڕەزامەندیی ڕزگاربووان لە ساتە پڕ سۆزەکاندا دەگیرێن، یان تێبینی پرسیاری نەگونجاو یان ئەو پرسیارانەی دەکەن کە سەلامەتی و نهێنیی کەسەکان دەخەنە مەترسییەوە. وەک داکۆکیکاران گرنگە بگەڕێنەوە بۆ ڕزگاربووەکە تا بزانن ئایا لەگەڵ ئەوەی دەگوزەرێت ئاسوودەیە، داوای وەرگرتنی پشوویەک لە چاوپێکەوتنەکە بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی تایبەتیان لەگەڵدا بکەن، یان بەئاشکرا داوای لە کەسەکە بکەن واز لە پێشێلکردنی مافەکانی ڕزگاربووەکە بهێنێت.

ئەگەر تێبینی ئەم جۆرە کارانە کرا، جا لە کاتی چالاکییەکەدا ڕوو بدەن یان دواتر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنە بڵاوکراوەکان یان پۆستەکانی سۆشیال میدیاوە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی دەتوانن لە چارەسەرکردنی ئەم پرسانەدا ڕۆڵێکی چارەنووسساز بگێڕن. ئەگەر توانا و سەرچاوەکانی ڕێکخراوێکی ناحکومی ڕێگەیان پێبدەن، ئامۆژگاری دەکرێن لێپێچینەوە لەگەڵ سەرپێچیکارە ئەگەرییەکەدا بکەن، لەگەڵ ڕزگاربوواندا گفتوگۆ بکەن، هەروەها کەسانی دیکە دەربارەی ئەم کارە نائەخلاقییانە پەروەردە بکەن.

## وەرگرتنی فیدباک

دوای بەشداریکردن لە چاوپێکەوتن یان بۆنەکاندا، چالاکانە داوای فیدباک لە ڕزگاربووان لەسەر ئەزموونەکانیان بکە، ئەمەش بە تیشکخستنەسەر هەر یەک لە سەرکەوتن و ئاستەنگەکان، لەناویاندا هەر بارودۆخێکی پێشبینینەکراو. ئەم فیدباکە بەکاربهێنە بۆ گونجاندن و باشترکردنی بەردەوامی ئامرازنامەکە و خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری و دڵنیابوون لەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر پێداویستییە گۆڕاوەکان و ئارەزووەکانی ڕزگاربووان دابین دەکەن.

## پڕکردنەوەی فۆڕمی فیدباک:

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی هاندەدرێن فۆڕمی فیدباک بۆ بۆنەکان لەگەڵ ڕزگاربووان پڕبکەنەوە (بڕوانە پاشکۆی هـ) هەروەها ئەو فۆڕمە دوای ئەو بۆنانەی لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەوە ئاسانکارییان بۆ دەکرێت لە نێوان ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (بڕوانە پاشکۆی و) پڕ بکەنەوە. ئەم فۆڕمە بۆ بەدۆکیومێنتکردنی ئەزموونی ئەرێنی و ئەو بوارانەی کە پێویستیان بە باشترکردنە دانراوە، لەوانەش هەر نیگەرانییەکی ئەخلاقی یان هەر پێشێلکارییەک. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە پڕکردنەوەی فۆڕمەکە بێناو و ئارەزوومەندانەیە، نابێت ڕزگاربووان لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکەدا هەست بە فشار بکەن. ناوی ڕزگاربووان لە فۆڕمەکەدا دەرناکەوێت، هەروەها فیدباکەکانیان بە شێوەیەک هاوبەش ناکرێت کە بتوانێت بیانناسێتەوە.

# داکۆکیکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر مامەڵەی ئەخلاقی

گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ئەندامەکانی هاندەدرێن کە سەرچاوەکانیان بەکار بهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی گرنگ سەبارەت بە مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان و بەدۆکیومێنتکردنی چیرۆکەکانیان لە میدیاکان و یادکردنەوە و بۆنە گشتیەکاندا. ستراتیژە ئەگەرییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە و بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان و هاندانی بەشداریی چالاکانەی ئەندامان و ڕزگاربووان بۆ دڵنیابوون لە هۆشیاری بەرفراوان و لەپێشینەبوونی ڕێبازە ڕزگاربوو-سەنتەرییەکان لە خوارەوە باس کراون.

## هەڵمەتی هۆشیاری

پەرەپێدانی هەڵمەتێکی هۆشیاری ئامانجدار بە ناوی "بە شێوەیەکی ئەخلاقی مامەڵە بکە" کە بایەخە سەرەکییەکەی ناوەڕۆکی ئامرازنامەکە و پێشنیارە سەرەکییەکانی ڕزگاربووان بێت. پەیامێک ئامادە بکە کە ڕوون و سەرنجڕاکێش بێت ئاسان بگات، دوور بکەوەرەوە لە زمانی تەکنیکی یان زاراوەی ئاڵۆز. هەڵمەتەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی ستراتیژی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە هەردوو شێوەی نێوان حکومی و ناحکومی، لەگەڵ تۆڕەکانی ڕزگاربووان بکاتە ئامانج بە مەبەستی هاندانی ئەم لایەنانە بۆ پشتگیریکردن و پشتڕاستکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرفراوانی ئامرازنامەکە.

هەڵمەتەکە دەتوانێت پێشنیار بکات ئەم ڕێکخراوانە ڕێنماییەکانی ئامرازنامەکە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانیاندا یەکبخەن، ئەمەش وا دەکات ئەم ڕێنماییانە ببنە پێشمەرج بۆ وەرگرانی یارمەتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی بودجە. جگە لەمەش، هەڵمەتەکە دەتوانێت داکۆکی لە دابینکردنی بودجەی پێکهاتە و کارمەندانی تایبەت بە بەشداریکردنی ئەخلاقی بکات و پێشنیار بکات کە ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی کە لەگەڵ ڕزگاربووان کار دەکەن، ئەم جۆرە کەسانە وەک بەشێک لە ستافەکانیان وەر بگرن. هەروەها هەڵمەتەکە دەتوانێت فشار بۆ تەرخانکردنی بودجەی تایبەت درووست بکات بۆ پشتگیریکردنی ئەو چالاکییانەی هانی مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەدەن.

## بابەتە پێشنیارکراوەکان

لە کاتێکدا کە دەتوانرێت چەندین بابەت بخرێنە ڕوو، بەڵام پێشنیار دەکرێت گرنگیی بە بوارە سەرەکییەکان بدرێت. پێشنیارەکان بریتین لە:

- گرنگیی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە
- ڕێبازی "هیچ زیانێک مەگەیەنە"
- ڕێبازی ڕزگاربوو-سەنتەری
- دوورکەوتنەوە لە لەکەدارکردن و پاراستنی شکۆ
- بەشدارپێکردنی ڕزگاربووان لە ڕێکخستنەوەی چیرۆکەکانی خۆیاندا
- شیکارییکردن بۆ مەترسی و سوودەکانی بەشداریکردنی ڕزگاربووان
- مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان لە چوارچێوە دیاریکراوەکاندا، لەوانە گەڕانەوە لە دیلێتی، دووبارە ناشتنەوەی کەسوکار و بۆنەکانی یادکردنەوە

## شێوازەکانی پەیوەندیکردن

لە خوارەوە چەند شێوازێکی پێشنیارکراوی پەیوەندیکردن دەخەینە ڕوو.

**سەردانی کەسی:** لەگەڵ ڕێکخراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان و/یان عێراقی فیدراڵی کۆبوونەوە بکە بۆ داکۆکیکردن لە مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان. سیاسەت و ڕێبازی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بخەرەڕوو و باس لە پرۆتۆکۆڵەکانی مامەڵەکردن لە داهاتوودا بکە.

**پەیامی ڤیدیۆیی:** پەیامی ڤیدیۆیی ئامادە بکەکە تێیدا ڕزگاربووان باس لە چاوەڕوانییەکان و ئارەزووەکانیان بۆ چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵیاندا لە کاتی بۆنە و یادکردنەوەکاندا بکەن. ئەم ڤیدیۆیانە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و ماڵپەڕی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بڵاو بکەرەوە. تۆڕەکانی تاگکردن: پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بەکار بهێنە بۆ هاوبەشکردنی پەیامی ئامانجدار و تاگکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک:

- لایەنە میدیاییە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان
- دەزگا سەرەکییەکانی حکومەتی عێراق و کونسوڵخانە نێودەوڵەتییەکان کە لە عێراق کار دەکەن
- دەزگاکانی نەتەوە یەککگرتووەکان
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)
- لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە- بەپێی پێویست.

## بڵاوکردنەوەی پۆستەر لە بۆنە گشتییەکاندا

بڕوانە (پاشکۆی ط)، ڕێنمایی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر مافەکانی ڕزگاربووان، (پاشکۆی ک)، پەیامی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ڕزگاربووان، لەگەڵ (پاشکۆی ل)، ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بۆ ئەو میدیایانەی مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەکەن. ئەمانە ناوەڕۆکی پێشنیار کراو بۆ پۆستەرەکانیان تێدایە بۆ ئەوەی لە بۆنە گشتیەکاندا بۆ پێشخستنی گرنگیی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بە ڕوونی لە پۆستەرەکاندا نیشان بدرێن.

دەتوانرێت بەپێی ئەو بابەتە لەپێشینانەی لەلایەن ئەنجوومەنی ڕزگاربووان و گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەستنیشان کراون، پۆستەری زیاتر پەرە پێبدرێت.

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ا:** فۆڕمی داواکاریی بەشداریکردنی ڕزگاربووان
**پاشکۆی ب:** لیستی زانینی ڕادەی ئامادەییی ڕزگاربووان
**پاشکۆی ج:** لیستی پێویستییەکانی مامەڵەکردنێکی بەرچاوڕووانە لەگەڵ زەبر
**پاشکۆی د:** لیستی ڕەزامەندیی بەرچاوڕووانە
**پاشکۆی هـ:** ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیارییە ناسێنەرەکان
**پاشکۆی و:** ڕەزامەندیی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکاندا، بە دەرکەوتن لە میدیاکانیشەوە
**پاشکۆی ز:** فۆڕمی فیدباکی لەسەر چالاکییەکان (بۆ ڕزگاربووان)
**پاشکۆی ح:** فۆڕمی فیباک لەسەر چالاکییەکان (بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە/ئەندامانی)
**پاشکۆی خ:** ڕێنمایی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر مافەکانی ڕزگاربووان
**پاشکۆی ک:** پەیامی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ڕزگاربووان
**پاشکۆی ل:** ڕەزامەندیی بەرچاوڕووانە بۆ ئەو میدیایانەی مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان دەکەن

لەم بەستەرەی خوارەوە هاوپێچەکان بە شێوازی پی دی ئێف و لەسەر لاپەڕەی A4 لای خۆت دابگرە:
www.c4jr.org/toolkit2024

# پاشکۆی أ: فۆڕمی داواکاریی بەشداریکردنی ڕزگاربووان

ئـەم فـۆڕمـە بـەکار دێـت بـۆ کـۆکردنـەوەی زانیـاری لـەو ڕێکخـراو کـەسـانـەی بـەدوای بـە دوای ڕزگاربوواندا دەگەڕێن بە ئامانجی ئەوەی بەشدارییان پێ بکەن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی وەک چاوپێکەوتـن، گفتوگـۆی پانێڵ و بۆنە گشـتییەکان. ئامانجی سـەرەکیی ئـەم فۆڕمە ئەوەیە کە زانیاریـی تـەواو بدرێت بـە ڕزگاربووان بۆ ئـەوەی بتوانن بڕیارێکی بەرچاوڕوونانە بدەن سـەبارەت بـە بەشـداریکردنیان. تکایـە ئـەم فـۆڕمـە پـڕ بکـەرەوە و تـا دەتوانـن زۆرتریـن زانیاری ببەخشـت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئاسانکاریکردن لە هێنانەکایەی پرۆسەیەکی شەفاف و ڕێزدارانە بۆ داوای بەشداریکردنی ڕزگاربووان.

ڕێکەوتی داواکاری ______________________________

## زانیاریی داواکار:

ناوی تەواوی تاکەکەس ____________________________________________

ڕەگەز __________________________________________________

ناوی دەزگا یان ڕێکخراو (ئەگەر هەبێت)______________________________

## پێشینەی پیشەیی (پەیوەندیدارترینیان هەڵبژێرە)

____ ڕۆژنامەنووس

____ پەیامنێر

____ سینەماکاری فیلمی بەڵگەنامەیی

____ ڕێکخراوی ناحکومی

____ نەتەوە یەکگرتووەکان

____ حکومەت

____ هی تر

شوێنی تاک (ئەو وڵاتەی کە بنکەکەتی لێیە) _______________

ژمارە تەلەفۆن _________________

ئیمەیڵ ______________________

## ئامانج و چوارچێوەی چالاکییەکە

ئـەم بەشـە زانیاریی زیاتر کۆ دەکاتەوە سـەبارەت بەوەی کە بۆچی داوای کۆبوونـەوە لەگەڵ ڕزگاربووان دەکەیت و جۆری مامەڵەکردنکەتان لەگەڵ ڕزگاربووان چۆن دەبێت.

جۆری چالاکییەکە/مامەڵەکردنەکە:

_____ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک کە دواتر کارەکەی چاپ دەکات

_____ چاوپێکەوتن لەگەڵ پەیامنێری تەلەفیزیۆنی

_____فیلمی بەڵگەنامەیی

_____بۆنەیەکی گشتی

_____گفتوگۆی پانێڵ

_____توێژینەوەی زانستی

_____لێکۆڵینەوە/لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ

_____شتی تر (دیاری بکە) ________________________________________

## ئەو بابەتانەی دەخرێنەڕوو

_____ ڕفاندن و ئەو تاوانانەی لەکاتی دەستبەسەریدا ئەنجام دراون

_____ دادپەروەریی تاوانکاری و لێپرسینەوە

_____ قەرەبووکردنەوە

_____ دۆخ و پێداویستییە هەنووکەییەکانی ڕزگاربووان و/یان کۆمەڵگاکەیان

_____ هی تر

وردەکاری لەسەر داواکارییەکە

ژمارەی ئەو ڕزگاربووانەی داوای دەکەن: _______________________

باشترە ڕزگاربووان لە کام ڕەگەز بن: _____________________

شێوازی پەسەندکراوی ڕاوێژکارییەکە: ڕاوێژکاریی تاکەکەسی / ڕاوێژکاریی بەگرووپ

## ئەو بابەتانەی چاوپێکەوتن یان چالاکییەکە تیشکیان دەخاتەسەر (هەموو ئەوانە دیار بکەن کە وەڵامی ڕاستن):

_____ ڕفاندن و ئەو تاوانانەی لە کاتی دەستبەسەریدا ئەنجام دراون

_____ دادپەروەریی تاوانکاری و لێپرسینەوە

_____ قەرەبووکردنەوە

_____ دۆخ و پێداویستییە هەنووکییەکانی ڕزگاربووان و/یان کۆمەڵگاکەیان

_____شتی تر (دیاری بکە)________________________________________

## هـۆکار(ەکان)ی داواکردنـی بەشـداریکردنی ڕزگاربـووان (بـە مانایەکی تـر، بۆچی بەشـداریکردنی ڕزگاربوو گرنگە):

ڕەگەزی داواکراوی ڕزگاربووان:

_____ نێر

_____ مێ

_____ هەردووکیان بن

_____ هەرکامێکیان بێت

**پلانت هەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ کێی تر بکەیت/کردووە یان وەک بەشێک لەم چیرۆک یان ڕووداوە بیخەیتە ناو کارەکەتەوە (ئەگەر پەیوەندیدار بێت، هەموو ئەوانەی دیاری بکە کە وەڵامە ڕاستەکەن):**

_____ ڕێکخراوە ناحکومییەکان
_____ ئەکتەرانی بەرقەرارکردنی یاسا (پارێزەران، دادوەرەکان)
_____ پسپۆڕانی تەندروستیی دەروونی
_____ شارەزایانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەست بە ململانێ و/یان توندوتیژیی دژی ژنان و کچان
_____ شتی تر (دیاری بکە) ______________________________

## الدعم اللوجستي

ئەم بەشە زانیاری وەردەگرێت سەبارەت بەوەی کە چ پشتگیرییەکی ڕزگاربووان دەکرێت لەو خەرجییانەدا کە دەشێت بەهۆی ئەم کار/چالاکییەوە بیانکەن.

ڕێکەوتی چاوپێکەوتن یان چالاکییەکە (ئەگەر زانراوە): ______________________

شوێنی پێشنیارکراوی چاوپێکەوتن یان چالاکییەکە: ______________________

**کام خەرجییانەی ڕزگاربوو دەگرێتەوە/دابین دەکات (هەموو ئەو خەرجییانە دیاری بکە کە بۆ ڕزگاربوو دەگەڕێندرێنەوە/خەرج دەکرێن)**

____ تێچووی گەشت
_____ نانخواردن
_____ شوێنی مانەوە
_____ خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی
_____ پسپۆڕی تەندروستیی دەروونی
_____ ئەو کەسەی لەگەڵ ڕزگاربوو دێت (هەڵدەبژێردرێت لە لایەن ڕزگاربوو خۆیەوە بۆ نموونە دەکرێت ڕێکخراوی ناحکومی، ڕزگاربوویەکی تر، خزم، یان هاوڕێیەک بێت.
_____ تێچووی خزمەتگوزارییەکان (بەدەر لە ئەکتەرە میدیاییەکانی وەک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر)
_____ هیچ
_____ هی تر

## لایەنی ئەخلاقی و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووان:

ئایا پێشتر لەگەڵ ڕزگاربووان کارت کردووە:
بەڵێ/نەخێر

**ئایا هیچ ڕێنماییەکی ئەخلاقیت خوێندووەتەوە لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووان؟ (هەموو ئەوانە دیاری بکە کە وەڵامی ڕاستن)**

_____ ڕاپۆرتکردن لەسەر توندوتیژیی سێکسیی کاتی ململانێکان، سەنتەری دارت
_____ کۆدی موراد
_____بێدەنگی و سڕینەوە: ڕێبەرێکی میدیایی بۆ ڕووماڵکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی، زانکۆی رووتگەر
_____ڕێنماییە ناوخۆییەکان سەبارەت بە مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی لەسەر بنەمای جێندەر، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە
_____ هی تر
_____ هیچ شتێک

ئەگەر تۆ بەو ڕێنماییانەی سەرەوە ئاشنا نیت، ئایا ئارەزووی دەکەیت زیاتر دەربارەی ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR سەبارەت بە مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان بزانیت؟
بەڵێ/نەخێر

باسی ئەو شێوازە لە وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بکە کە پەیڕەوی دەکەیت بکە و ئەو بابەتانەش بنووسە کە پێش دەستپێکردنی کارەکان لەگەڵ ڕزگاربووان باسیان دەکەیت:

______________________________

______________________________

باسی ئەو سوود و مەترسییە ئەگەرییانە بکە کە دەکەونە سەر ڕزگاربووان بەهۆی بەشداریکردنیانەوە لە داواکارییەکەتدا:

______________________________

______________________________

ئاشکراکردنی ناسنامە و بژاردەکانی بە نەناسراوی مانەوە
ئایا ڕزگاربوو دەتوانێت بە نەناسراوی بمێنێتەوە؟
بەڵێ/نەخێر

ئەگەر ڕزگاربوو بیەوێت ناوی نەهێنرێت، ئایا ڕازی دەبیت دەموچاوی ڕزگاربووەکە، ناوی ڕاستەقینەی، تاتۆیەکانی، یان نیشانە جیاکەرەوەکانی دیکەی پیشان نەدەیت؟
بەڵێ/نەخێر

ئایا ڕازیت ئەو زانیارییانە لەسەر کەیسی ڕزگاربووەکە ئاشکرا نەکەیت کە دەکرێت ببنەوە هۆی ناسینەوە ڕزگاربوو؟
بەڵێ/نەخێر

ڕۆڵ و زانیارییەکانی ڕزگاربوو
ئایا ڕزگاربوو دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بڕیاردان سەبارەت بەوەی چ زانیارییەک باس بکرێت و چ چیرۆکێک بگێڕدرێتەوە؟
بەڵێ/نەخێر

ئایا ڕزگاربوو دەتوانێت پێش بڵاوکردنەوە ناوەڕۆک بابەتەکە ببینێت؟
بەڵێ/نەخێر

ئەگەر ڕزگاربوو هەندێک لە ناوەڕۆکەکەی بە نائەخلاقی یان مەترسیدار زانی، ئایا تۆ دەتوانیت گۆڕانکاریی تێدا بکەیت؟
بەڵێ/نەخێر

ئایا ئەو ناوەڕۆکەی درووستکردووە/نووسیوتە دوای بڵاوبوونەوەی بۆ ڕزگاربوو یان ڕێکخراوە ناحکومییەکە دەنێرێتەوە؟
بەڵێ/نەخێر/ئەم پرسیارە بۆ بابەتەکەی من ناگونجێت

دەرئەنجامی داواکاری (دەبێت لە لایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR یان لایەنی پەیوەندیداری ناو ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە پڕ بکرێتەوە)
_____ داواکارییەکە ڕەتکرایەوە. بە کورتی ڕوونی بکەرەوە بۆچی داواکارییەکە ڕەت کرایەوە.
_____ داواکارییەکە بڕاوەتە لای ڕزگاربووان.

# پاشکۆی ب: لیستی ڕادەی ئامادەییی ڕزگاربووان

ئەم لیستە دەتوانێت ڕێبەرییەک بێت بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR تا بڕیان بدەن و بزانن ئایا دەکرێت لە ڕزگاربوویەک نزیک ببنەوە و داوای بەشداریکردنی لێ بکەن یان نا. پێویستە ئـەم لیسـتە پێـش نزیکبوونـەوە و پەیوەندیـکردن بـە ڕزگاربـووان وەرگرتنـی ڕەزامەندیی لێیـان لەبەرچاو بگیرێت. هەروەها دەکرێت لە کاتی پرۆسەی ڕەزامەندی-وەرگرتنیشدا بەسوود بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا ڕزگاربوو ئامادە دەردەکەوێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکان یان کەسانی دیکە و قسەکردن لەسـەر ڕووداوە بەزەبرەکان. ئەمانە پێشـنیارن، چونکە ڕەنگە ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێش پەیوەندیکردن بە ڕزگاربووەکەوە ئەم زانیارییەیان نەبێـت، بەڵام ئەگەر دواتر ڕێکخراوە ناحکومییەکان تێگەیشـت کە ڕەنگە ڕزگاربووەکە ئامادە نەبێـت، ئەوە شـتێکی باش دەبێت ئەگەرر گفتوگۆیەکی کراوە و ڕاشـکاوانە لەگەڵ ڕزگاربووەکە بکرێت.

دەکرێت ئەم لیستە لەلایەن پسپۆڕێکی ڕاهێنراوی تەندرووستیی دەروونی یان لەلایەن کارمەندێکەوە بەڕێـوە بچێـت کـە ڕاهێنانـی لەسـەر زەبـری دەروونـی و چاوپێکەوتنـکردن لەگـەڵ کەسـانێک کـە زەبـری دەروونییان بەرکەوتووە بکرێت و لە هەمان کاتیشـدا دەسـتی بگات شـارەزایانی بواری تەندرووسـتیی دەروونی بۆ ڕاوێژکردن پێیان. ئەگەر هیچ ڕێکخراوێکی ناو هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR کەسی شارەزای لەو شێوەیەی نەبێـت، وا باشترە داوای هاوکاری لە ڕێکخراوەکانی تر بکرێت.

### چوارچێوەی کاتی

___ ئایا ئەو کەسە لەم دواییانەدا لە دەستبەسەری ڕزگاری بووە و ئازاد کراوە؟

___ ئایا ئەو کەسـە بـەم دواییانە بووەتـە قوربانیی تاوان یـان ڕووداوی بەزەبر؟ (کـردەوەی توندوتیژیی سێکسـی کـە لـەم دواییانـەدا ڕوویـان دابێـت، تەرمـی ئەندامێکـی خێزانەکـەی بـەم دواییانـە بـۆ گەڕێندرابێتەوە، بەم دواییانە گەڕابێتەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنی خۆی).

### ئامانج و چاوەڕوانییەکان

___ ئایا ئـەو ئامانـج و چاوەڕوانییانـەی ڕزگاربـوو هەیەتـی بـۆ هاوبەشـیپێکردنی چیرۆکەکـەی ڕوون و واقیعین؟

### ئەزموونی پێشووی لەگەڵ میدیا یان بەبەڵگەنامەییکردنی چیرۆکەکەی

___ ئایا ڕزگاربـوو پێـشتر ئەزموونێکـی ئەرێنیـی لەگـەڵ میدیـا یـان بەبەڵگەنامەییکردنـی چیرۆکەکەیدا هەبووە کە بتوانێت کاریگەریی لەسەر ڕادەی ئامادەبوونی هەبێت؟

### پشتگیریی دەروونیی-کۆمەڵایەتی پێشوو

___ ئایا ڕزگاربوو پێشتر پاڵپشتی دەروونی یان دەروونیی-کۆمەڵایەتی دیکەی وەرگرتووە؟

___ سرووشت و کاریگەریی ئەو پاڵپشتییە چۆن بووە؟

### ئاڵنگارییە هەنووکەییەکان و ژیانی ڕۆژانە

____ ئەزموونەکانی ڕابردووی ڕزگاربوو چۆن کاریگەرییان لەسەر ژیان و کاری ڕۆژانەی ئێستای هەیە؟
____ ئایا ڕزگاربوو پەیوەندیی و پشتگیریی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەیە؟

### فشاری عاتیفی یان تێکچوونی ژیانی ڕۆژانە

____ ئایا ڕزگاربوو هەست بە ئاستێکی بەرزی فشاری عاتیفی دەکات یان کار و ژیانی ڕۆژانەی ئەوەندە تێکچووە کە ڕەنگ بێت پێویستی بە چارەسەر هەبێت پێش ئەوە لە چالاکییەکەدا بەشداریی پێ بکرێت؟

### ئاماژە مەترسیدارەکان

____ ئایا هیچ نیشانەیەکی زیانگەیاندن بە خود، بیرکردنەوەی خۆکوژی، مەترسییەکی زۆر، خۆدابڕین لە واقیع، یان هەبووی فلاشباک لای ڕزگاربوو هەیە؟
____ ئایا ڕزگاربوو توانای ئەوەی هەیە ئاگاداری خۆی یان کەسانی تر بێت و پێویستییەکانی دابین بکات؟
____ ئایا کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر کارایی ڕزگاربوو هەیە لە بوارەکانی وەک کار، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، پاکوخاوێنی خود، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کردە ئایینی یان ڕۆحییەکان؟

### مەترسییە دەرەکییەکان

____ ئایا کەسەکە مەترسی لەکەدارکردن، توندوتیژیی دەروونی یان جەستەیی، یان کوشتنی لەسەرە ئەگەر خێزانەکەی یان کۆمەڵگاکەیەوە بە چیرۆکەکی بزانن (هەڕەشەی ئەندامانی خێزان یان کۆمەڵگە، قوربانیی توندوتیژیی جێندەری، هەروەها توندوتیژیی خێزانی و هتد.)

### ستراتیژییەکانی هەنووکەییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهاتەی پشتیوانییەکان

____ ئایا ڕزگاربوو ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەر و پێکهاتەیەکی پشتیوانیی بەهێزی هەیە؟
____ ئەو سەرچاوانە چین کە لەبەردەستی ڕزگاربوودان بۆ بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەی؟

### ئەو لایەنە پزیشکی و چارەسەرییانەی دەبێت ڕەچاو بکرێن

____ ئایا شارەزایانی تەندرووستی هیچ ڕێگرییەکی پزیشکییان ئامادە پێ داوە یان پێشنیارێکیان هەیە کە وا بکات پێویست بێت ڕەچاوی دۆخی ڕزگاربوو بکرێت پێش ئەوەی بڕوات مامەڵە لەگەڵ میدیا یان بەبەڵگەنامەیی کردنی چیرۆکەکەی بکات؟

## پاشکۆی ج: لیستی پێویستییەکانی مامەڵەکردنێکی بەرچاوڕوونانە لەگەڵ زەبر

### نهێنیپارێزی

ئەوانەی دەبێت بکرێن (✓)

- چاوپێکەوتنەکان لە شوێنێکی تایبەت و خۆش ئەنجام بدە، هەر شتێک لەبەرچاو بگرە کە دەشێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی زەبرەکە.
- دەرفەت بدە بە ڕزگاربووان بڕیار بدەن بەتەنیا چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدەن یان لەگەڵ کەسێکی پشتیوانیان و بۆچوونیان لە هەڵبژاردنی ئەو کەسە پشتیوانانەدا وەربگرە.
- کات بدە بە ڕزگاربوو بۆ پرسیارکردن. بژاردەی ئەوەشی پێ بدە کە دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە نەداتەوە هەست بە ئاسوودەیی ناکات لە وەڵامدانەوەیاندا.
- سەلامەتی و پارێزراویی داتاکان لەبەرچاو بگرە. دڵنیابەرەوە لەوەی داتاکان لە شوێنێکی پارێزراودا هەڵدەگیرێن و کەسانێک کە مۆڵەتیان نییە، دەستیان پێیان ناگات.

ئەوانەی نابێت بکرێن (✗)

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربووان مەکە کاتێک کەسانی تر لە دەوروبەرتن یان دەتوانن گوێیان لە قسەکان بێت.
- ڕۆڵی هەموو ئەو کەسانە ڕوون بکەرەوە کە لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەن.
- لە شوێنە گشتیەکاندا باسی چیرۆکی ڕزگاربووان مەکە.
- وای دامەنێ ڕزگاربووان دەیانەوێت ئەندامانی خێزانەکانیان ئامادە بن، یان منداڵان و کەسانی خوار تەمەن هەژدە ساڵ دەیانەوێت دایک و باوک یان بەخێوکەرەکانیان ئامادە بن.
- وای دامەنێ ڕزگاربووان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەزامەندی دەدەن یان لە هیچ کاتێکدا بۆچوونەکانیان ناگۆڕن.
- داتاکان بەبێ دڵنیابوون لە پارێزراوییان جێ مەهێڵە.



ڕوونکردنەوەکە ئاماژەی دەست بەکاردەهێنێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدان بە کردن یان نەکردنی بەشداری ئەخلاقی لە لیستەکەدا.

# پاشکۆی د - لیستی پێویستییەکانی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە

ئـەم لیسـتە بـۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە C4JR و ئەندامەکانی کە ئامۆژگاریی ڕزگاربـووان دەکـەن لەسـەر چۆنیەتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ میدیاکانـدا. لیسـتەکە یارمەتیـدەرە بـۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ڕزگاربووان ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە دەدەن کە ئەمەش بریتییە لە ڕێککەوتنێکی ڕوون و خۆبەخشـانە بـۆ بەشـداریکردن، تێگەیشـتنی تـەواو لـە چوارچێـوەی کارەکـە، مەترسـیی و سوودەکانی و کاریگەرییەکانی دیکەشی.

## پشتڕاستکردنەوەی توانای ڕەزامەندیدان

___ توانـای ڕەزامەندیدانـی ڕزگاربـوو پشـتڕاسـت بکـەرەوە و لەوەشـدا تەمـەن و بـاری دەروونییـان لەبەرچـاو بگـرە. بـۆ ئەوانەی لە خـوار تەمەنی یاسـاییەوەن (خوار 18 سـاڵ)، دڵنیابەرەوە لـە ڕەزامەندیی سەرپەرشـتیاری یاسـایی، و ڕەزامەندیـی خـودی منداڵەکـەش. بـۆ ئـەو گەورەسـاڵانەی کێشـەی تەندرووسـتیی دەروونییان یان دواکەوتنی گەشـەکردنیان هەیە، یارمەتیی پێویسـت پێشکەش بکە بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکەیت لە تێگەیشتندا.

## بەشداریی خۆبەخشانە

___ دڵنیا بـەرەوە لەوەی بەشـداریکردنی ڕزگاربووان بەتەواوی خۆبەخشـانەیە و بەبێ هیچ زۆرلێکردنی ڕۆژنامەنووسان، نوێنەرانی میدیا، کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، خێزان، یان ئەندامانی کۆمەڵگەیە.

___ جەخت لەوە بکەرەوە کە ڕەتکردنەوەی بەشـداریکردن هیچ دەرئەنجامێکی نەرێنی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکە یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە نابێت.

## تێگەیشتن لە پرۆسەکە

___ دڵنیابە لەوەی ڕزگاربوو بەتەواوی تێدەگات لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنەکە و ڕازییە پێی، ئەو بابەتانەی باس دەکرێن، هەروەها چۆنێتیی بەکارهێنان و هاوبەشپێککردنی زانیارییەکانیانیش.

___ باسـی شـوێنی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتنەکـە بکە و ئـەوەش ڕوون بکەرەوە کە کـێ ئامادە دەبێت، بەمەش دڵنیاببەرەوە لە ئاسـوودەیی و نەبەزاندنی سنوورەکانی ڕزگاربوو.

## زانینی ئامانج و چوارچێوەی چیرۆکەکە

___ مەبەسـتی میدیا لـە کاکردنـی لەسـەر چیرۆکەکـە و گۆشـەنیگای گێڕانەوەکـە و ئەگـەر گێڕانەوەی ئەزموونی قورس ڕوون بکەرەوە.

___ دڵنیابەرەوە لەوەی ڕزگاربوو ئاسـوودەیە لەگەڵ ناوەڕۆک و ئامانجی بەشداریکردنی.

## سوودەکان

___ باسی سـوودە ئەگەرییەکان بکە وەک بەرزکردنەوەی هۆشیاری، بەدەستهێنانی پشتگیری مرۆیی، یان هێنانەکایەی دادپەروەری و درووستبوونی دەرفەتی قەرەبووکردنەوە.

___ بەڕوونـی بـە ڕزگاربـوو بڵـێ کە کام لـەم سـوودانە واقیعین و لەڕێگـەی بەشـداریکردنی ئەوانەوە ئەگەری بەدەستهێنانیان هەیە.

___ مەترسییە ئەگەرییەکان بخەرە ڕوو لەوانە نارەحەتیی عاتیفی، ئەزموونکردنەوەی زەبر، لەکەداربوون، تۆڵەلێکردنەوە، یان پەشیمانبوونەوەی لە هاوبەشیپێکردنی چیرۆکەکە لەگەڵ خەڵک.
___ باس لە مەترسییەکانی خراپپاسکردنی ڕزگاربوو لە ئۆنلاین و ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوەی دەرکەوتنی میدیای زیاتر بکە.

## بەناداری مانەوە و پاراستنی سنوورە کەسییەکان

___ دڵنیا بەرەوە لەوەی ڕزگاربوو دەیەوێت بە ناداری بمێنێتەوە یان نا، ئەگەر ویستی بە ناداری بمێنێتەوە، باس لە ڕێوشوێنەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی بکە.
___ دڵنیابەرەوە لەوەی سنوورە کەسییەکان بەڕوونی دیاری دەکرێن بەتایبەت لە بابەتی زانیاریی کەسی و ناسێنەرە بینراوەکانەوە.

## مافەکان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیادا

___دووپاتی بکەرەوە کە ڕزگاربوو مافی ئەوەی هەیە سنوور لەسەر بابەتەکان دابنێت، پشوو وەربگرێت، پرسیار ڕەت بکاتەوە، یان لە هەر کاتێکدا کە بیەوێت کۆتای بە چاوپێکەوتنەکە بهێنێت.
___ دووپاتی بکەرەوە کە ڕزگاربووەکە دەتوانێت پێش بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی، لە هەر کاتێکدا بیەوێت لە بەشداریکردنەکەی پاشەکشە بکات.

## مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی ڕزگاربوو

___ بۆ دڵنیابوونەوە لە نهێنیپارێزی و سەلامەتی، ڕوونی بکەرەوە زانیارییەکانی ڕزگاربوو چۆن کۆ دەکرێنەوە، بەکاردەهێنرێن، هەڵدەگیرێن و دەپارێزرێن.

## پرۆسەی دوای چاوپێکەوتن

___ ڕزگاربوو ئاگادار بکەرەوە کە دەرفەتی ئەوەی دەبێت پێش بڵاوکردنەوە پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکەکەدا بکات و داوای گۆڕانکاری بکات یان ڕەزامەندیی بەشداریکردنی بکشێنێتەوە.

## پرسیار و ڕوونکردنەوە

___ دەرفەت بدە بە ڕزگاربوو تا پرسیار بکات و وەڵامی ڕوونیش وەربگرێت پێش ئەوەی ڕەزامەندیی بەشداریکردنی بدات.

## تێبینیی کۆتایی

لە هەموو مامەڵەکردنەکاندا لەگەڵ میدیا، سەلامەتیی جەستەیی و عاتیفی، سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانیی ڕزگاربوو وەک ئامانجی لەپێشینە دابنێ و بە ئەوپەڕی هەستیاری و گرنگیپێدانەوە مامەڵە لەگەڵ پێویستی و نیگەرانییەکانیان بکە.

# پاشکۆی هـ: ڕەزامەندیی بەکارهێنانی وێنە و زانیـــارییە ناســـێنەرەکان

## ئامانج

وێنـە و زانیارییـە ناسـێنەرانە دەگرێتـەوە کە لـە کاتی بۆنە گشـتیەکاندا کۆ دەکرێنەوە وەک وۆرکشـۆپ، ڕاهێنـان، گفتوگـۆی پانێـڵ یان بۆنە گشـتیەکانی تـر و تێیاندا ڕەنگـە ڕزگاربووان و بەشـداربووانی دیکە بەشـێوەی جیاجیا تۆمـار بکرێـن و بـۆ خەڵکـی ئاشـکرا بکرێـن. ئەمـەش چەنـد شـتێک دەگرێتـەوە وەک بەکارهێنانـی ئەگەریـی ڕزگاربـووان لـە ڕاپۆرتەکاندا، لە پۆسـتەکانی سـۆشـیال میدیادا، لـە هەواڵنامە و مادەی دیکەدا کە بۆ لەسەر سەکۆ گشتییەکان یان بۆ بڕەودان و بانگەشە بڵاو دەکرێنەوە.

## وەسفکردنی ئەو مادەیەی بەکار دەهێنرێت

لەوانەیـە مادەکـە وێنە، گرتەی ڤیدیۆیی و/یان ناوەڕۆکی مەڵتیمیدیای تر لەخۆ بگرێت و ئەوانەش دەی بخەن کە بەشـداریت لە چالاکییەکەدا کردووە. هەروەها لەوانەیە ناو، پەیوەندیت بە ڕێکخراوەکەمان و وردەکارییەکانی تری ناسێنەری تێدا بێت کە تۆ ڕەزامەندیت نیشان داوە لەسەر هاوبەشپێکردنیان.

## بەشداریی خۆبەخشانە

بەشـداریکردنتان بەتـەواوی خۆبەخشـانەیە. مافی ئـەوەت هەیە کە وێنەگرتن یـان بەکارهێنانی زانیارییە کەسـییەکانت ڕەت بکەیتـەوە بەبـێ ئـەوەی هیچ دەرئەنجامێـک هەبێـت بـۆ بەشـداریکردنت لـەو بۆنـە هەنووکییانە یان لەو بۆنانەدا کە لە داهاتوودا لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە میوانداری دەکرێن.

## مەترسی و سوودەکان

لـەم دۆکۆمێنتکردنـە میدیاییـەدا، چەنـد مەترسـییەک هـەن کـە پەیـوەستن بـە بەشـداریکردنەوە، مەترسـییەکانیش بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەندییـان بـە سـنوورە کەسـییەکان و ئاسـوودەییی کەسـییەوە هەیـە. ئەمانـە چەنـد شـتێک دەگرنـەوە وەک [باسـی ئـەو مەترسـییانە بکـە کـە تایبەتن بەو چالاکییـە دیاریکـراوەوە.] هـەر کـە وێنـە و زانیارییـەکان لـە ئینتەرنێتـدا بڵاو کرانـەوە، ئیـدی بۆ هەمیشـە بەردەسـت دەبـن، تەنانـەت ئەگـەر لـە شـوێنی پۆسـتکردنی یەکـەم جاریشـەوە لا ببرێن، چونکـە ڕەنگە کەسانی دیکە هاوبەشییان پێ بکەن یان لای خۆیان کۆپییان بکەن.

پێویسـتە بیر لەوە بکەیتەوە کە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی هەبوونی وێنە و زانیارییەکانت بۆ هەمیشـە لەسـەر ئینتەرنێـت چیـن و چـۆن ئـەوە دەتوانێـت کاریگەریـی لەسـەر گۆڕانکارییەکانی ژیانـت هەبێت لە داهاتوودا.

ڕەزامەندیـی تـۆ سـوودەکەی ئەوەیـە دەکرێـت ڕۆڵـی هەبێـت لـە گەیاندنـی دەنـگ و کاریگەریـی پرۆگرامەکەمان لە ڕێگەی چیرۆکگێڕانەوەی بینراوەوە.

## مافی کشانەوەی ڕەزامەندی

دەتوانیت لە هەر کاتێکدا ڕەزامەندیی خۆت بکێشیتەوە. بۆ کشانەوە، تکایە لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکە. کشانەوەی ڕەزامەندی کاریگەری لەسەر هیچکام لەو شتانە نابێت کە پێشتر بڵاو کراونەتەوە، بەڵام ڕێگری دەکات لە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی وێنە و زانیارییەکانت لە داهاتوودا. دەتوانیت لە هەر کاتێکدا کە بتەوێت داوای ئەوە بکەیت وێنەکەت یان زانیارییە ناسێنەرەکانی ترت لە سەرچاوە ئۆنلاینەکانماندا (سەرچاوە ڕەسەنەکە) بسڕینەوە.

## ماوەی بەکارهێنان

وێنە و زانیارییەکانت بۆ ماوەیەک بەکار دەهێنرێن کە دەتوانین بۆت ڕوون بکەینەوە، مەگەر پێشتر ڕەزامەندیی خۆت بکشێنیتەوە.

## هەڵگرتن و پارێزراویی وێنە و زانیارییەکان

هەموو ماددەکان بە شێوەیەکی پارێزراو هەڵدەگیرێن و تەنها بۆ ستافی ڕێگەپێدراو دەستی پێیان دەگات. ئێمە پابەندین بە پاراستنی نهێنییەکانتەوە و داوا لە کارمەندەکانمان دەکەین وێنەی تۆ لە مۆبایلە کەسی یان ئامێرەکانی تریان بسڕنەوە.

## پەیوەندیکردن

ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانییەکتان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی وێنە و زانیارییەکانتان، تکایە دوودڵ مەبن و لەڕێگانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن.

ناو ____________________________________

ژمارە تەلەفۆن ______________________________

ئیمەیڵ ________________________________

## ڕێککەوتن

ئەو زانیارییانەی سەرەوەم خوێندووەتەوە و لەو مەبەست و مەرجانە تێدەگەم کە لە چوارچێوەیاندا وێنەکانم و زانیارییە ناسێنەرەکانم بەکار دەهێنرێن. ئاگاداری سرووشتی هەمیشەییبوونی پۆستەکانی ئینتەرنێت و ئەگەری بینینی درێژخایەنی وێنە و زانیارییەکانمم. بە نیشانەکردنی خانەکانی خوارەوە، ڕەزامەندیی خۆم دەردەبڕم لەسەر بەکارهێنانی ئەو شتانەی پێشتر ڕەزامەندیم دەربڕیوە لەسەر هاوبەشپێکردنیان.

تکایە خانەکان نیشانە بکە بۆ ئاماژەدان بە ڕەزامەندبوونت لەسەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە میدیایانە:

[ ] وێنە

[ ] گرتەی ڤیدیۆیی

[ ] شتی تر (ڕوونی بکەرەوە چییە)

تکایە خانەکان نیشـانە بکە بۆ ئاماژەدان بە ڕەزامەندبوونت لەسـەر بەکارهێنانی ئەم زانیارییە کەسییانەی خوارەوە:
[ ] ناو
[ ] هەر زانیارییەکی ناسێنەر (شار، تەمەن، ڕەگەز، وردەکارییە جیکەرەوەکانی تر)
[ ] پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە.

تکایە هەر خانەیەک نیشانە بکە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندیت لەسەر ئەوەی دەتەوێت لە کوێ وێنە و زانیارییە کەسییەکانت بڵاو بکرێنەوە.
[ ] ماڵپەڕی ڕێکخراو
[ ] پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا (وەک ئینستاگرام، فەیسبووک، ئێکس (تویتەر)، یان ئەوانی تر)
[ ] ڕاپۆرتی چاپکراو
[ ] هەواڵنامەکان
[ ] ئەو ڕاپۆرتانەی بۆ بەخشەرەکان دەنێردرێن
[ ] شتی تر (ڕوونی بکەرەوە)

واژۆ_______________________

ناو _______________________

ڕێکەوت _______________________




ئەم وێنەیە گرنگی ڕاستەقینەی داواکردن، گفتوگۆکردن و ڕێزگرتن لە ڕەزامەندی ئاگادارانە دەردەخات.

# پاشکۆی و – ڕەزامەندیی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکاندا، بە دەرکەوتن لە میدیاکانیشەوە

ئەم فۆرمە ڕەزامەندییە داوای مۆڵەت دەکات بۆ بەشداریکردنی ڕزگاربووان لە مامەڵە گشتییە جیاوازەکاندا وەک وۆرک شۆپ، کۆنفرانس، گرووپی گفتوگۆی چڕ، فیلمی بەڵگەیی، بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکان، بابەتەکانی ڕۆژنامە، لەگەڵ چالاکییە گشتییەکانی تر کە لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە ئاسانکارییان بۆ دەکرێت. ئەمە قاڵبێکە و پێویستە وا ڕێک بخرێت کە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخ و چالاکیە دیاریکراوەکاندا بگونجێت. هەروەها پێویستە بە هاوبەشی لەگەڵ فۆرمی ڕەزامەندیی بۆ بەکارهێنانی وێنە یان زانیارییە ناسێنەرەکانی تر لە هاوپێچی E بەکار بهێنرێت، ئەگەر بابەتەکە پەیوەندیدار بێت.

**فۆرمی گشتیی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکاندا، بە دەرکەوتن لە میدیاکانیشەوە (نموونە)**

## مەبەست

مەبەستی ئەم فۆرمی ڕەزامەندییە ئەوەیە دڵنیا بیت لەوەی کە تۆ بە تەواوی بەرچاوڕوونیت بەرانبەر سرووشتی بەشداریکردنت لە [ناو/جۆری چالاکی]، و داوای ڕەزامەندییت لێ بکرێت بۆ بەشداریکردنت. [لەگەڵ ڕزگاربوو باسی ئامانجی چالاکییەکە بکە].

لە کاتی چالاکییەکەدا، داوات لێ دەکرێت [باسی ئەو چالاکییانە بکە کە بەشداربووان بەشدارییان تێدا دەکەن، وەک گفتوگۆ، وۆرک شۆپ، گرووپی گفتوگۆی چڕ و هتد].

## بەشداریکردنی ئارەزوومەندانە

بەشداریکردنت لەم چالاکییەدا بە تەواوی ئارەزوومەندانەیە. تۆ مافی ئەوەت هەیە هەر کاتێک بتەوێت بەشداریکردنت ڕەت بکەیتەوە یان بلێی کشێنیتەوە بەبێ ئەوەی ئەمە هیچ دەرئەنجامێکی لەسەر مامەڵەکردنی ئێستا یان داهاتووتان لەگەڵ ڕێکخراوەکەماندا هەبێت.

**مەترسییە ئەگەرییەکان:** لەوانەیە هەندێک مەترسیی پەیوەست بە بەشداریکردنەکەتەوە هەبن، لەوانە [لەگەڵ ڕزگاربووەکە باس لە هەر مەترسییەکی ئەگەری بکە، وەک ناڕەحەتی سۆزداری، ناڕەحەتی جەستەیی و هتد]. ئێمە هەموو ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی پێویست دەگرینە بەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانە.

**سوودەکان:** دەشێت بەشداریکردنت سوودی هەبێت بۆ [لەگەڵ ڕزگاربوو باسی سوودەکانی بەشداریکردنەکەی بۆ خۆی و/یان کۆمەڵگەی فراوانتر بکە]. هەروەها دەتوانیت [باسی هەر سوودێکی کەسی، وەک زانیاری نوێ، لێهاتوویی و هتد] بەدەست بهێنیت.

**نهێنیپارێزی:** ئێمە پابەندین بە پاراستنی نهێنی تۆ. [ڕوونی بکەرەوە کە دەتوانرێت چ زانیارییەک بە نهێنی بهێڵرێتەوە، بۆ نموونە لە کاتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا، هەروەها کام زانیاریانە بە پشتبەستن بە ئارەزووی ڕزگاربووان و جۆری چالاکییەکە ئاشکرا دەکرێن]. ناسنامەت بەبێ ڕەزامەندیی ڕوونی تۆ ئاشکرا ناکرێت [لە چالاکییەکی گشتیدا ڕوونی بکەرەوە چۆن نیگەرانییەکان سەبارەت بە هێشتنەوەی هەندێک زانیاری بە نهێنی بەڕێوە ببرێت و ئایا دەتوانرێت ئەوە بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی گفتوگۆی پانێڵدا پرسیاریان لێکرا].

**قەرەبووکردنەوە:** تۆ [باسی هەر قەرەبوویەک، وەکو گەڕاندنەوەی تێچووی گەشت، خەرجیی ڕۆژانە، یان هیچ (ئەگەر پێویست نەبوو)] بۆ کات و هەوڵەکانت وەر دەگریت/ناگریت.

## مافی کشانەوەی ڕەزامەندییەکە

دەتوانیت لە هەر کاتێکدا ڕات بگۆڕیت و ڕەزامەندییەکەت بکێشیتەوە. بۆ کشانەوە، تکایە لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکە. کشانەوەی ڕەزامەندییەکەت کاریگەری نابێت لەسەر دەستڕاگەیشتنت بەو خزمەتگوزارییانە نابێت کە ئێستا یان لە داهاتوودا ڕێکخراوەکەمان دابینیان دەکات.

## هەڵگرتن و ئاساییشی زانیاری

هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە بەشداریکردنەکەتەوە بە شێوەیەکی پارێزراو هەڵدەگیرێن و تەنیا ستافی ڕێگەپێدراو دەستی پێیان پێدەگات. ئێمە پابەندین بە پاراستنی نهێنی تۆ. داوا لە ستافەکە دەکەین وێنەکان لە مۆبایلە کەسییەکان یان ئامێرەکانی تر لاببەن.

## پەیوەندی

ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانییەکتان سەبارەت بە بەشداریکردنتان یان چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیارییەکانتان هەیە، تکایە دوودڵ مەبن لە پەیوەندیکردن بە ئێمەوە لە ڕێگەی :

ناو ______________________________

ئیمەیڵ ______________________________

تەلەفۆن ______________________________

## ڕێککەوتن

من ئەو زانیاریانەی سەرەوەم خوێندووەتەوە و لەو مەبەست و مەرجانە تێدەگەم کە بەپێی ئەوان بەشداریکردنم و هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار کە ناسنامەم ئاشکرا دەکەن بەکار دەهێنرێن. من ئاگاداری دەرئەنجامە ئەگەرییە درێژخایەنەکانی بەشداریکردنمم. بە واژۆکردن لە خوارەوە، ڕەزامەندیی خۆم دەر دەبڕم بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکەدا وەک ئەوەی باس کراوە.

واژۆ ________________________

ناو ________________________

ڕێکەوت ________________________

# پاشکۆی j - فۆرمی فیدباک لەسەر چالاکییەکان (تایبەت بە ڕزگاربووان)

ئەم فۆرمە پێویستە بە شێوەی کەسی یان لە دوورەوە پڕ بکرێتەوە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان و ئارەزووەکانی ڕزگاربووەکە. بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی و نهێنیبوونی ئەم بابەتە، باشترە لایەنێکی بێلایەن یان کەسێکی دیاریکراو هەبێت کە ڕاستەوخۆ یارمەتی ئامادەکردنی ڕزگاربووەکەی نەدابێت بۆ چالاکییەکە، فۆرمی فیدباکەکە پڕ بکاتەوە. ئەم ڕێبازە یارمەتی کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان دەدات و دڵنیایی دەدات لەوەی پرۆسەی فیدباک بێلایەن و نهێنی دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەم کەسە دیاریکراوە دەتوانێت وەک پەیوەندییەکی پشتیوان و متمانەپێکراو بۆ ڕزگاربووان ڕۆڵ بگێڕێت، ئاسانکاری بۆ پەیوەندیی کراوە و ڕاستگۆیانە بکات و لە هەمان کاتدا ماف و نهێنییەکانیان بپارێزێت.

## سیناریۆ بۆ ڕزگاربوو

سوپاس بۆ ئێوە کە کاتتان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بیروڕا و ئەزموونەکانتان لەگەڵ ئێمەدا باس بکەن. فیدباکەکانتان بەنرخن بۆ یارمەتیدانمان بۆ باشترکردنی پراکتیزەکانمان و باشتر پشتگیریکردنی ڕزگاربووانی وەک بەڕێزت.

بەشداریکردنت بە تەواوی ئارەزوومەندانەیە و وەڵامەکانت بەبێ ناو دەهێڵرێنەوە بۆ دڵنیابوون لە نهێنی و تایبەتبوونیان. ئێمە بە شێوەیەکی پارێزراو فیدباکەکان لەناو هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هەڵدەگرین و بەکاریان دەهێنین بۆ داکۆکیکردن لە باشترکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ ڕزگاربوواندا.

بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانینەکانتان زنجیرەیەک پرسیاری کراوەتان لێ دەکەم. مەزەندە دەکەین ئەم پرۆسەیە نزیکەی ١٥-٣٠ خولەکی بوێت، ئەمەش بەپێی قووڵیی فیدباکەکانتان دەگۆڕێت. ئایا هیچ پرسیارێکتان هەیە، و حەز دەکەن بەشداری بکەن؟

## وردەکارییەکانی چالاکییەکە

ڕێکەوت:

شوێن:

جۆری چالاکییەکە (بۆ نموونە، چاوپێکەوتنی میدیایی، کۆنفرانس)

### فیدباک:

1. چ لایەنێکی چالاکییەکە لات یارمەتیدەرترین یان پاڵپشتیکەرترین بوو بۆ مامەڵەکردنت لەگەڵ میدیا و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان؟

2. ئایا هیچ ئاستەنگ یان بوارێک هەبووە تێیاندا لە کاتی چالاکییەکەدا هەستت بە ناڕەحەتی کردبێت ، چ لە بەریەککەوتنەکانت لەگەڵ میدیاکان یان نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان؟

3. ئایا پێش و لە کاتی بەشداریکردنت لە چالاکییەکەدا هەستت بە ئامادەکارییەکی باش و پشتگیری کردووە لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یان ڕێکخراوە ئەندامەکانیەوە؟

4. ئایا لە کاتی چالاکییەکەدا سەرنجی هیچ کردارێک یان ڕەفتارێک داوە کە وای لێ کردبێت هەست بە نائارامی یان نیگەرانی بکەیت بەرانبەر مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووانـدا؟ ئەگەر وایە تکایە وردەکارییەکان بخەرە ڕوو.

5. ئایا هیچ پێشنیارێکت هەیە لەسەر ئەوەی چۆن چالاکییەکانی داهاتوو بتوانن باشتر پشتگیریی ڕزگاربووان بکەن و دڵنیا بن لە ڕێزگرتن و بەهادان بە ئەزموونەکانیان لەلایەن میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە؟

6. ئایا هیچ شتێکی تر هەیە کە حەز بکەیت هاوبەشی بکەیت؟

سوپاس بۆ ئەو کاتەی بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمی فیدباکە تەرخانت کرد. بەشداریکردنتان زۆر بەرز دەنرخێنرێت.



وێنەکە ئیلهام لە وێنەکێشانی ڕزگاربوویەکەوە وەرگیراوە و باڵندەیەک نیشان دەدات کە لە دیلییەوە دەڕوات بۆ ئازادی، دەفڕێت بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی مێگەلەکەی.

# پاشکۆی ح - فۆڕمی فیدباک بۆ چالاکییەکان (تایبەت بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە/ ئەندامەکانی)

پێویستە ئەم فۆڕمە لە لایەن هەر داکۆکیکارێکەوە پڕ بکرێتەوە کە بەشێکە لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یان یەکێکە لە ئەندامەکانی کە لەگەڵ ڕزگاربووان بەشداری چالاکییەکان دەکات و زانیارییەکی ڕاستەوخۆ و کەسیی لەسەر چاوپێکەوتنەکە یان چالاکییە گشتییەکە هەیە. کاتێک ئەم فۆڕمە پڕکرایەوە، کەسەکە دەتوانێت لەگەڵ گرووپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هاوبەشی بکات.

## وردەکاریی چالاکییەکە:

ڕێکەوت:

شوێن:

جۆری چالاکییەکە (بۆ نموونە، چاوپێکەوتنی میدیایی، کۆنفرانس)

ئەندامی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

ئەو کەسەی فۆرمەکە پڕ دەکاتەوە:

## فیدباک (تکایە وەڵامەکانت بە وردی ڕوون بکەرەوە)

1. ئایا لە کاتی چالاکییەکەدا تێبینیی هیچ کارێکی نائەخلاقیت کردووە؟
2. ئایا وەک داکۆکیکارێک هەستت کرد بە پێی پێویست ئامادەکراویت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پراکتیزانەدا؟

3. ئایا ڕزگاربووەکە ئەو پشتگیرییەی بەدەست هێنا کە پێویستی بوو؟ دەکرا چیی تر بۆ ئەو یارمەتیدەر بێت؟

4. ئایا کە لە کاتی چالاکییەکەدا هیچ حاڵەتێکی لەناکاو هەبوو کە پێشبینی نەکرابێت؟

5. بە بڕوای ئێوە چالاکییەکە بە باشی بۆ ڕزگاربووەکە بەڕێوە چوو؟

6. چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ باشترکردنی پشتگیریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بۆ ڕزگاربووان لە چالاکییەکانی داهاتوودا؟

**سوپاس بۆ ئەو کاتەی بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمی فیدباکە تەرخانت کرد. بەشداریکردنتان زۆر بەرز دەنرخێندرێت.**

# پاشکۆی خ – ڕێنمایی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر ڕزگاربووان (نموونەی ناوەڕۆکی پۆستەر)

## چیرۆکی خۆت، مافی خۆت

### مافی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە

دەبێت ڕزگاربووان بە تەواوی بەرچاوڕوونییان بدرێتێ لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چیرۆک و زانیارییەکانیان، هەروەها بەبێ هیچ زۆرلێکردنێک ڕەزامەندیی ئاشکرای خۆیان بدەن.

### مافی ئاشکرانەکردنی ناسنامە و پاراستنی نهێنی

ڕزگاربووان بژاردەی ئەوەیان هەیە بە نەناسراوی بمێننەوە و سنووریک دانێن بۆ ئەو زانیارییە کەسییانەیان کە بە ئاشکرا هاوبەش دەکرێن.

### مافی گفتوگۆکردن لەسەر سوود و مەترسییەکان

پێویستە سوود و مەترسییە ئەگەرییەکانی هاوبەشکردنی ئەزموونەکانی ڕزگاربووان بە ڕوونی بگەیەنرێن.

### مافی کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەکە

دەبێت ڕزگاربووان دەسەڵاتی داڕشتن و کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆیان هەبێت، لەوانەش دەسەڵاتی ئەوەی کام وردەکارییانە ئاشکرا بکەن.

### مافی کشانەوەی ڕەزامەندی

ڕزگاربووان دەتوانن هەر کاتێک پێش بڵاوکردنەوە بەبێ هیچ دەرئەنجامێک ڕەزامەندییەکەیان بکێشنەوە.

### مافی پارێزراویی سۆزداری و دەروونی

دڵنیابوون لە سەلامەتیی سۆزداری و جەستەیی و دەروونی ڕزگاربووان لە هەموو قۆناغەکانی بەشداریکردندا لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

### مافی هەستیاریی کولتووری

دەبێت مامەڵەکان ڕێز لە چوارچێوەی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ڕزگاربوو بگرن، دان بە پێداویستییە تایبەتەکانیاندا بنێن و خۆیان لەگەڵیاندا بگونجێنن.

### مافی مامەڵەکردنی پیشەیی لەگەڵ چیرۆکەکەیاندا

پێویستە بەوپەڕی پیشەیی و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکی ڕزگاربوواندا بکرێت بۆ دڵنیابوون لە نهێنیبوون و ئاسایشی زانیارییەکان.

# پاشکۆی ک - : پەیامی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ڕزگاربووان (نموونەی ناوەڕۆکی پۆستەر)

## ئێمە ڕێز لە مافەکانتان دەگرین

### مافی ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە

پێویستە بە تەواوی بەرچاو ڕوون بیت بەرانبەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چیرۆک و زانیارییەکانت و بتوانن بەبێ هیچ ناچارکردنێک ڕەزامەندیی ڕاشکاوانە بدەن.

### مافی ئاشکرانەکردنی ناسنامە و پاراستنی نهێنی

دەتوانیت ناسنامەت بە نەناسراوی بهێڵیتەوە و سنوور بۆ ئەو زانیارییە کەسییانە دابنێیت کە بۆ خەڵک ئاشکرا دەکرێن

### مافی گفتوگۆکردن لەسەر سوود و مەترسییەکان

پێویستە سوود و مەترسییە ئەگەرییەکانی هاوبەشکردنی ئەزموونەکەتت بە ڕوونی پێ بگەیەنرێت.

### مافی کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەکە

پێویستە دەسەڵاتت هەبێت بۆ داڕشتن و کۆنترۆڵکردنی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆت، لەوانەش دەسەڵاتی ئەوەی چ وردەکارییەک ئاشکرا دەکەیت.

### مافی کشانەوەی ڕەزامەندی

دەتوانیت لە هەر خاڵێکدا پێش بڵاوکردنەوە، بەبێ هیچ دەرئەنجامێک، ڕەزامەندییەکەت بکێشیتەوە.

### مافی پارێزراویی سۆزداری و دەروونی

لە هەموو قۆناغەکانی مامەڵەکەدا، پارێزراویی سۆزداری و دەروونی و جەستەیی تۆ دەبێت لەپێشترین بێت.

### مافی هەستیاریی کولتووری

دەبێت مامەڵەکان ڕێز لە کولتوورەکەت و ئەو چوارچێوەیە بگرن کە تێیدا دەژیت، و پێویستە لەگەڵ پێداویستییەکانتاندا بگونجێنرێن.

### مافی مامەڵەکردنی پیشەیی لەگەڵ چیرۆکەکەیاندا

دەبێت چیرۆکەکەت بەوپەڕی پیشەیی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دڵنیایی بدرێت لەسەر نهێنیبوون و پارێزراویی زانیارییەکانت.

### مافی گوتنی "نەخێر"

تۆ مافی ئەوەت هەیە بەشداریکردن لە چاوپێکەوتنی میدیایی، بۆنە و ڕووداو، لێکۆڵینەوە و هەر چالاکییەکی تر ڕەت بکەیتەوە بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ دەرئەنجامێکی نەرێنی ببیتەوە.
تۆ گرنگیت، چیرۆکەکەت گرنگە، ئێمە باوەڕت پێ دەکەین.

# پاشـكۆی ل – ڕەزامەندیی بەرچاوڕوونانە بۆ ئـەو میدیایانەی مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان دەکەن (نموونەی ناوەڕۆکی پۆستەر)

## دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان تێدەگەن و خۆبەخشانە ڕازی دەبن بۆ بەشداریکردن

### توانای ڕەزامەندی
___ تەمەن و باری دەروونی بزانە.
___ بۆ منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی، ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار وەربگرە.

### بەشداریی خۆبەخشانە
___ پشتڕاستی بکەرەوە کە هیچ زۆرلێکردن و ناچارکردنێک لە کارەکەدا نییە
___ تیشک بخەرەسەر ئەوەی لە حاڵەتی وازهێنان و پاشەکشەکردندا هیچ سزایەک نییە.

### تێگەیشتن لە مامەڵەکردنەکە
___ بەڕوونی مەودای چاوپێکەوتنەکە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زانیارییەکان ڕوون بکەرەوە.
___ باسی شوێن و کاتی چاوپێکەوتنەکە بکە و ئەوەش کە کێ ئامادە دەبێت؟
___ ئامانج و چوارچێوە
___ مەبەستی کارەکە و ئەو ناوەڕۆکە عاتیفییەش ڕوون بکەرەوە کە دەشێت باس بکرێت.
___ دڵنیا بەرەوە کە ڕزگاربوو ئاسوودەیە بە بەشداریکردن

### سوود و مەترسییەکان
___ سوودە واقیعییەکان و مەترسییە ئەگەرییەکان بخەرە ڕوو.
___ باسی کاریگەرییە ئەگەرییەکان و بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنەکە لە میدیاکاندا بکە.

### نەناسراوی و سنوورەکان
___ بژاردەی ئەوە ڕوون بکەرەوە کە دەتوانێت بە نەناسراوی بمێنێتەوە.
___ سنوورێکی ڕوونی بۆ باسکردن یان باسنەکردنی زانیارییە کەسییەکان دابنێ.

### مافەکان لە کاتی مامەڵەکردنە میدیاییەکەدا
___ دڵنیایی بدە لەوەی ڕزگاربوو ئازادە لە گۆڕینی بڕیاری بەشداریکردنەکەی.
___ ڕزگاربوو دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بوەستێت یان بکشێتەوە.

### دوای چاوپێکەوتنەکە
___ باسی ئەوە بکە کە ڕزگاربوو دەرفەتی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی پێش بڵاوکردنەوەی هەیە.

### پرسیار؟
___ هەر پرسیارێک هەبوو؛ پێویستە بکرێت. ڕوونی و درووستی تێگەیشتن لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

بۆ خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانمان، ئێرە سکان بکە

**ناوی بڵاوکراوە:** ئامرازنامەیەک بۆ مامەڵەکردنێکی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان

**بڵاوکەرەوە:** دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠٢٦

**نووسەران:** شێریزان مینوڵا و یوسرا ئەلکەیلانی

**هاوکاران:** دکتۆر بۆیان گاڤریلۆڤیچ، دیلمان محمد کەریم، سابر سەعید،
وەنسە شەمعون، زۆی پاریس، زۆزان محمد

**دیزاین:** کۆمپانیای پین گرافیک

**وێنەکان:** لەرێ نەجمەدین

له بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی ژمارەی سپاردنی (٢١٧٧)ی ساڵی ٢٠٢٦ ی پێدراوە

ئەم بەرهەمە بێبەرامبەر بڵاودەکرێتەوە و هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ
بۆ هەر بەکارهێنانەوەیەکی ناوەڕۆکەکەی دەبێت ڕەزامەندی بە نووسراو لە دەزگای ژیان وەربگیرێت

www.jiyan.org - pr@jiyan.org

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

C4JR

WWW.C4JR.ORG